
بێ بەرامبەر هێڵەکەت بوو بە نێودەوڵەتی
ئاسیاسێڵ



# ڕۆژنامە ٧

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 474 یەکشەممە 24/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.474 Sun 24/ 5/ 2009


## لێپرسینەوە بۆ خۆساغکردنەوەی ئەندامی مەکتەبەکان دەستپێکرد

## کۆمیتەی سەرکردایەتی بەبێ سەرکردەکانی باڵی ڕیفۆرم کۆدەبێتەوە

# یەکێتی دوو ئەندامی سەرکردایەتی دەرکرد

**ڕۆژنامە**

مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕیاردەدات بەرپرسیارێتی لەدوو ئەندامی سەرکردایەتی باڵی ڕیفۆرمی حیزبەکەی بسەنێتەوەو لێپرسینەوەش بۆ خۆساغکردنەوەی کادیران دەستپێکردو سبەینێش بڕیارە بەبێ شەش ئەندامەکەی سەرکردایەتی باڵی ڕیفۆرم کۆببێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بڕیاردراوە پۆستی لێپرسراوێتی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەشەماڵ عەبدولوەفا، ئەندامی سەرکردایەتی‌و پۆستی لێپرسراوی پەیوەندییە نیشتمانییەکان لەکوردۆ قاسم، ئەندامی سەرکردایەتی بسەنرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە سبەینێ کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بەبێ شەش ئەندامەکەی باڵی ڕیفۆرم (ئاسۆ عەلی، عوسمان بانیمارانی، سەفین مەلاقەرە، شەماڵ عەبدولوەفا، کوردۆ قاسم، جەمال حاجی محەمەد) ئەنجامبدرێت. کە هاوکات چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو هەنگاوە بەپێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکەیان وەسفدەکەن‌و ئاماژە بەوە دەکەن، کۆبوونەوەکە هیچ شەرعیەتێکی نییە.

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە سەر بەباڵی ڕیفۆرمە، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو بڕیارە بڕیارێکی گەنجانەیە، ئەگەر لەکۆبوونەوەکەدا نەهێڵن ئێمە بەشداریی بکەین، ئەوە کارێکە دژی هەموو بنەماکانی یەکێتییەو غەدرێکی گەورەیە، چونکە ئێمە هیچ تاوانێکمان نەکردووە، تەنیا بیروڕای جیاوازمان هەیە، کە ئەوەش کارێکی یاسایی‌و ئاساییە.

لەلایەکی دیکەوە، هەردوێنێ لێپرسینەوە لەئەندامانی کارگێڕی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو کوردستانی دەستپێکرد، مەلابەختیارو سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لێپرسینەوەیان بۆ خۆساغکردنەوە لەئەندامانی کارگێڕی ئەو دوو مەکتەبە ئەنجامداوە، کە زۆرینەیان سەر بەباڵی ریفۆرمن.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوە ئاگادارەی ڕۆژنامە لەکۆبوونەوەکەدا مەلابەختیار بەئامادەبووانی وتووە: کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ خۆساغکردنەوەیەو هەرکەسێک ئیش بۆ لیستی گۆڕان بکات دەردەکرێت‌و هیچ ئیمتیازێکی مادیی‌و مووچەی نامێنێت‌و دەبێت هەموو شتێک بەجێبهێڵێت.


**وردەکاری لە ل٣دایە**


## وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هەفتەی داهاتوو دوادەخرێت

**هەستیار قادر**

بەهۆی چوونەدەرەوەی بەشێک لەئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەگەر زۆرە دیاریکردنی وادەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەفتەی داهاتوو دوابکەوێت.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، بەشێک لەئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەخولێکی دەرەوەی وڵاتن، ئەمە لەکاتێکدایە کە پەسەندکردنی ناوی پاڵێوراوەکان وەک قۆناغی کۆتایی دیاریکردنی وادەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن پێویستی بەڕاستاندنی ئەو ئەنجومەنە هەیە وەک باڵاترین دەسەڵات لەکۆمسیۆندا.

عەبدولڕەحمان خەلیفە بەرپرسی ڕاگەیاندن‌و پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەبێ گەڕانەوەی ئەو ئەندامانەی کۆمسیار نیسابی ئەنجومەنی کۆمسیاری کۆمسیۆن تەواو نابێت‌و ناتوانن بڕیار دەربکەن لەپەسەندکردنی ناوی پاڵێوراوەکانداو ئەگەرهەیە دیاریکرنی وادەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەوێتە هەفتەی داهاتووەوە بەوپێیەی ئەو ئەندامانەی کۆمسیار دوای ڕۆژی (٢٥)ی مانگ دەگەڕێنەوە عێراق‌و پەسەندکردنی پاڵێوراوەکانیش بەرلە دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن پێویستی بەڕاستاندنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەیە هەیە»

ئاماژەی بەوەشدا، کە وردبینیکردنی ناوی پاڵێوارەکانیش لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کاتێکی زۆری دەوێت، بەتایبەت کە پاڵێوراوێک دوور دەخرێتەوە دانیشتن لەگەڵ لیستەکەیدا ئەنجامدەدات بەمەبەستی گۆڕانی ئەو پاڵێوراوە.

## ئەو کوردانەی لەدوو هەفتەی ئایندەدا دەگەڕێنەوە، مافی دەنگدانیان دەبێت

**بەرهەم خالید**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: لەسبەینێ (٢٠٠٩/٥/٢٥)وە ئەو کەسانەی لەدەرەوەی وڵاتەوە دێنەوەو هەروەها لەدایکبووانی ساڵی (١٩٩١) بۆیان هەیە ناوی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا تۆماربکەن‌و بەشداریی پرۆسەی دەنگدان بکەن.

بەپێی ڕاگەیاندراوێک کە لەماڵپەڕی ڕەسمیی کۆمسیۆندا بڵاوکراوەتەوە، تۆماری تایبەتی ناوی دەنگدەران چاپکراوەو لەڕۆژی (٢٥)ی ئەم مانگەوە بۆ ماوەی دوو هەفتە لەناوەندەکانی دەنگداندا، ناوی ئەو کەسانە تۆماردەکرێت کە لەدوای (٣١)ی ئازاری ڕابردووەوە گەڕاونەتەوە بۆ ناو هەرێم لەگەڵ لەدایکبووانی ساڵی (١٩٩١).

هەر لەڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: کۆمسیۆن تۆماری ناوی دەنگدەرانی چاپکردووەو دابەشدەکرێت بەسەر (٨٤) ناوەندی دەنگداندا لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمدا، بەمەبەستی نوێکردنەوەی تۆمارەکەو زیادکردنی ناوی ئەو کەسانەی لەدەرەوە دەگەڕێنەوە، بۆئەوەی بەشداریی لەدەنگداندا بکەن.

عەلی قادر، بەرپرسی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەلێدوانێکدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەماوەی دوو هەفتەدا هاوڵاتییان دەتوانن سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن، بۆئەوەی دڵنیابن لە ڕاستی‌و دروستی ناوەکانیان‌و ئەو هاوڵاتییانەی لەدەرەوەی وڵاتیش دەژین‌و سەردانی هەرێم دەکەن بۆیان هەیە بەشداریی دەنگدان بکەن، وتیشی: «هەر دەنگدەرێک بۆی هەیە تەنیا لەو ناوەندەدا دەنگبدات کە ناوی تۆمارکراوەو لەکاتی هەر هەڵەو کەموکوڕییەکدا لەمافی دەنگدان بێبەشدەبێت».


**ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە لە ل٤دایە**



ل ٥ **عوسمان بانیمارانی**




### ڕێککەوتنی ستراتیژیی لە ترسی ناڕەزایی شەقامی کوردییە نەک مەترسی


ل ٧ **شێردل تەحسین**




### دەمانەوێت چەند پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ بچنە پەرلەمانەوە


nalia co.

٧

# گوندی ئەڵمانی دوو

ئێستا بە دڵی خۆت باشترین جێگەو باشترین ڕوو هەڵبژێرە لە گوندی ئەڵمانی دوو

بۆ ئەوەی وەک گوندی ئەڵمانی یەک لە دەستی دووی نەکریتەوە

شوقەی 145مەتر دووجا بەقیستی پێنج ساڵ و بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بچێتەسەر

بە نرخی 80,000دۆلار

هەروەها ڤێلامان هەیە بەم ڕووبەرانە: 360م² - 550م² - 750م² - 1410م²

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گەرەکی تووی مەلیک

07701574880 07501574880

# کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بەبێ ئەندامانی ریفۆرم کۆدەبێتەوە


فۆتۆ pukmedia

## ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی سەر بە باڵی ریفۆرم:
## کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەبێ ئامادەبوونی ئێمە هیچ شەرعیەتێکی نییە

پشتیوان سەعدوڵڵا

بڕیارە سبەینێ کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبێ بەشدارییپێکردنی ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی سەر بە باڵی ریفۆرم کۆببێتەوە، هاوکات چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو هەنگاوە بە «پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆ»ی حیزبەکەیان وەسفدەکەن‌و ئاماژە بەوە دەکەن، «کۆبوونەوەکە هیچ شەرعیەتێکی نییە»، لەهەمانکاتیشدا هەڵمەتی دەرکردن‌و لابردنی لایەنگرانی ریفۆرم بەردەوامە.

لەکۆبوونەوەی پێنجەشممەی رابردووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا، هەر یەک لە شەماڵ عەبدولوەفا، لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو کوردۆ قاسم، لێپرسراوی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی لەپۆستەکانیان لابران‌و هەریەک لە سەعدی ئەحمەد پیرەو مەحمودی حاجی ساڵح لە شوێنیان دانراون، بەبێ ئەوەی لێپرسراوی هەردوو مەکتەب پێشتر لەو بڕیارە ئاگادارکرابێتنەوە.

بەپێی هەواڵێکی سایتی چاودێر، مەلا بەختیار، کارگێڕو وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، دوای کۆبوونەوەکەی هەفتەی رابردووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی رایگەیاندووە، بڕیارە رۆژە دووشممە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامبدرێت‌و ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی تێیدا ئامادەدەبن کە «یەکێتی ناو یەکێتی دەپارێزن»، بەوپێیە هەر یەک لە (ئاسۆ عەلی، شەماڵ عەبدولوەفا، کوردۆ قاسم، جەمال محەمەد، عوسمان بانیمارانی، سەفینی مەلاقەرە) کە بە باڵی ریفۆرم دەناسرێن، بۆ کۆبوونەوەکە بانگ ناکرێن.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: سبەینێ (دووشەممە) کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆدەبێتەوە بەبێ بەشداریکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی، کە هەندێکیان خۆیان بۆ کۆبوونەوەکە نایەن‌و هەندێکی دیکەیان کاندیدی لیستی گۆڕانن.

لابردنی لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە، پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی هەمان حیزبە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتی لێپرسینەوەی لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەیە نەک لابردن‌و دەکردنیان، هەروەها بەپێی هەمان پەیڕەو، مەکتەبی سیاسیی بۆی نییە لێپرسراوی مەکتەبەکان بگۆڕێت.

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە سەر بە باڵی ریفۆرمە، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەروەک کاری هەمیشەیی ناو یەکێتی، هەواڵی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی دوور لە یاساو پەیڕەو دەبیستین، «بە رای من ئەو بڕیارە بڕیارێکی گەنجانەیە، ئەگەر لە کۆبوونەوەکەدا نەهێڵن ئێمە بەشداریی بکەین، ئەوە کارێکە دژی هەموو پرەنسیپەکانی کارکردنی یەکێتییە، ئێمە هیچ تاوانێکمان نەکردووە، تەنیا بیروڕای جیاوازامان هەیە، کە ئەوەش کارێکی یاسایی‌و ئاساییە».

وتیشی: «کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەبێ ئێمە شەرعیەتی نییەو هەم پلینیۆم‌و کۆنگرەش شەرعیەتی نییە، ئەوانەی ئێستا خۆیان کردووە بە خاوەنی یەکێتی هیچ سیفاتێکی شەرعی‌و یاساییان نەماوە، هەروەها مەکتەبی سیاسیش بەهیچ شێوەیەک شەرعیەتی نەماوەو ناتوانێت کەس دەربکات، چونکە تا کاتی کۆنگرە هەموومان لەو بڕیارانەدا هاوبەش‌و یەکسانین».

هەر لەوبارەیەوە سەعدی ئەحمەد پیرە وتی: «مەکتەبی سیاسی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کۆنگرە پێیداوە، دەسەڵاتی لابردنی لێپرسراوی مەکتەبەکانی هەیەو دەتوانێت بۆ پلینیۆم پێشیازبکات ئەوانە لە پەیڕەوی ناوخۆ لایانداوە، بۆئەوەی لاببرێن».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەزرترین دەسەڵاتی (ی.ن.ک) لەنێوان دوو کۆنگرەدا لە (٣٥) ئەندامی سەرکردایەتی‌و (١٠) ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی پێکدێت، ساڵی چوار جارو لەکاتی پێویستیشدا کۆدەبێتەوە، بەڵام زیاتر لە دوو ساڵە کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی نەکردووە.

بانیمارانی ئەوەشی راگەیاند: کۆبوونەوەی سەرکردایەتی «هیچ شەرعیەتێکی نەماوە»، چونکە ماوەی چەند ساڵێکە کۆمیتەکە کۆنەبووەتەوەو «لەپەیڕەوی ناوخۆ لایداوە، ئەگەر هەر شتێکیش رووبدات خۆیان بەرپرسیارن، چونکە ئەگەر هەر لە خۆیانەوە ئەندامی سەرکردایەتی دەربکەن، پێدەچێت کێشەی گەورە دروستببێت‌و شت رووبدات».

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە ئەوان «خەڵکانی دڵسۆزی حیزبەکەیانن‌و لە بەرامبەر بەشداریی پێنەکردنیان لە کۆبوونەوەکەدا، بێدەنگ نابن‌و هەڵوێست وەردەگرن».

وتیشی: «ئێمە بەشێکی گەورەی ناو یەکێتین‌و بە خوێنی خۆمان بەرگریمان لە مانەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کردووەو ئێمە ئەو یەکێتییەمان گەیاندووەتە ئەم قۆناغە، ئەگەر دەرمان بکەن، ئێمە هەڵویستمان دەبێت‌و رێگای یاسایی دەگرینەبەر».

هەر لەوبارەیەوە سەفینی مەلاقەرە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وتی: «بیستوومانە کە سبەینێ کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆدەبێتەوە، بەڵام تائێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە، ئەگەر کۆبوونەوەش بەبێ ئێمە بکرێت، ئێمەش هەڵوێستمان دەبێت».

مەلاقەرە راشیگەیاند: «دەمێکە یەکێتی کار بە پەیڕەوو دەستووری حیزبی ناکات‌و بەشداریی پێنەکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا، نە بڕیارێکی حیزبییەو نە بڕیارێکی شەرعییە، بەڵکو هەر لە خۆیانەوە بڕیاریانداوەو تەمسیلی یەک کوتلەی باڵادەستی ناو یەکێتی دەکەن».

## دەرکردنی کادیرانی باڵی ریفۆرم درێژەی هەیە

سەیوان خورشید

ژمارەیەک کادیری کۆمیتەی شێروانەی یەکێتی‌و کەرتی خوێندکارانی هەمان کۆمیتە بەبیانووی پەیوەندییان بەباڵی ریفۆرمەوە ناچاردەکرێن دەستلەکار بکێشنەوە، ئەویش لەچوارچێوەی درێژەدان بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەرکردنی کادیرو لایەنگرانی باڵی ریفۆرم.

مەحمود وەهاب، بەرپرسی کۆمیتەی شێروانەی یەکێتی لەکەلار بەرۆژنامەی راگەیاند: لەکۆبوونەوەی رۆژی چوارشەممەی رابردووی ئەنجومەنی مەڵبەندی (١١)ی کەلاری یەکێتی، «لێپرسراوی مەڵبەند زۆر بەتوندی پێیوتین برۆنە دەرەوە، ئێوە هیچ نین‌و هیچیشتان لەیەکێتیدا نەماوە»، وتیشی: «لەنێو کۆمیتەکانی گەرمیانی یەکێتیدا ژمارەیەکی زۆر کادیری پێشکەوتوومان هەیە لەسەر باڵی ریفورم‌و لایەنگیری لیستی گۆڕانن، بەڵام لەبەرئەوەی نانبڕاو نەکرێن، نایانەوێت خۆیان ئاشکرا بکەن». ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی هەڕەشەو مەترسی لەسەر لایەنگرانی ریفۆرم لەناو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا.

لەناو ئەو کادیرانەی کۆمیتەی شێروانە کە دەرکراون، جگە لەبەرپرسی کۆمیتە، شەش کادیری پێشکەوتوو هەیە لەگەڵ دوو جێگری بەرپرسی کۆمیتەکەدا، محەمەد عەبدولڕەحمان، جێگری یەکەمی بەرپرسی کۆمیتەی شێروانە، ئاماژەی بەوەکرد، کە لەلایەن کارگێڕی بەشی رێکخستنی مەڵبەندی (١١)ی کەلارەوە ئاگادارکراوەتەوە، کە بەهۆی ئەوەی کاری بۆ لیستی گۆڕان کردووە دەبێت دەستلەکار بکێشێتەوە، وتیشی: «(٣٠) ساڵە لەپێناو ئەم یەکێتییەدا کاردەکەم‌و ئێستاش کە دەرکراوم هەر خۆم بەیەکێتی دەزانم، بەڵام جیابوونەوەشم هەر بۆ جوانکردنی یەکێتییە».

رۆژنامە پەیوەندیکرد بەلێپرسراوو جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی(١١)ی رێکخستنی یەکێتییەوە لەکەلار، بەڵام ئامادەنەبوون هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدەن.

هاوکات رۆژی هەینی بەرپرسی کەرتی (٨)ی خوێندکاران‌و (٧) ئەندام کەرتی سەر بەباڵی ریفۆرم دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان راگەیاند.

محەمەد وەهاب، بەرپرسی کەرتی ٨ی خوێندکاران لەکۆمیتەی شێروانە بەرۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە هەمیشە دژایەتی کراوین‌و بەکادیری پلە سێ سەیرکراوین، بەڵام ئێمە خۆمان هەر بەیەکێتی دەزانین، ناحەقیمان پێڕەوا نییەو دەمانەوێت گۆڕانکاری بکرێت، لەوپێناوەشدا کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەین».

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی مامۆستایەک لەکارەکەی دووردەخاتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

مەکتەبی سیاسی یەکێتی مامۆستایەکی پەیمانگای تەکنیکی دوکان لەکارەکەی دووردەخاتەوە، بەبیانووی ئەوەی پشتگیری لەلیستی گۆڕان کردووە، راگری پەیمانگاکەش هەواڵەکە پشتڕاستدەکاتەوە.

ئاراس ئەحمەد، کە ماوەی چوار ساڵە لەپەیمانگای تەکنیکی دوکان وانەبێژەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی ئەو پەیمانگایەشە بۆ رۆژنامە وتی: «دوێنێ راگری پەیمانگا بانگیکردم‌و پێیڕاگەیاندم، کە لەمەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە فەرمان دراوە لەمەودوا من لەو پەیمانگایە مامۆستا نیم، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی کە گوایە لەدوای موحازەراتەکانم باسی گۆڕان‌و چاکسازیم بۆ خوێندکارەکان کردووە، کە ئەمە زۆر دوورە لەڕاستییەوەو ئەگەر من وەک رای ئازادی خۆشم پشتگیری لەگۆڕان بکەم هەرگیز پرۆسەی خوێندنم بۆ ئەو مەبەستە بەکارنەهێناوە».

هاوکات د. حەسەن عومەر راگری پەیمانگای تەکنیکی دوکان هەواڵەکەی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوەو وتی: «راستە کەمن پێمراگەیاندووە لەمەودوا لەپەیمانگاکەمان مامۆستا نییە، بەڵام جارێ نازانم فەرمانەکە لەکوێوە هاتووەو دڵنیانیم کە فەرمانی مەکتەبی سیاسی بێت، ئەوەندە دەزانم لەسەرووی خۆمەوە فەرمانی ئەو کارەم پێکرا.

دوورخستنەوەی ئەو مامۆستایە پێچەوانەی پرۆژەکەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتییە بۆ دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حیزب لەپرۆسەی خوێندن‌و یەکێکە لەو دەیان کەسەی کە بەتۆمەتی پشتگیریی کردنی لیستی گۆڕان، لەلایەن یەکێتییەوە رووبەڕووی هەڵمەتی دەرکردن بوونەتەوە.

## وەزارەتی بازرگانی عێراق هەڕەشەی بڕینی خۆراک لە ١٠ هەزار خێزانی کەرکوک دەکات


فۆتۆ AFP

ئاکۆ محەمەد شوانی

وەزارەتی بازرگانی عێراق، داوا دەکات هەموو ئەو کەسانەی فۆڕمی خۆراکیان لەکەرکوکە دەبێت ماڵیشیان لەو شارەبێت، هەر بەپێی ئەو بڕیارە هەر هاوڵاتییەک لەم مانگەوە پشتگیری نیشتەجێبوونی کەرکوکی نەبێت، ئەوا بەشە خۆراکی پێنادرێت، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای خۆراک لەکەرکوکیش دەڵێت «هەموو بەرپرسانی کەرکوکم لەو مەسەلەیە ئاگادارکردووەتەوە».

بڕیارەکەی وەزارەتی بازرگانی عێراق، کە بەنووسراوی ژمارە ١٩٠٧ لە ٢٠٠٩/٤/١٩ دەرچووەو ئیمزای ریاز فاخر هاشمی، بەڕێوەبەری گشتیی ئەو وەزارەتەی بەسەرەوەیەو بووەتە مایەی هەڕەشەی بڕینی خۆراکی مانگانەی نزیکەی (١٠) هەزار لەو خێزانانەی کە فۆڕمی خۆراکیان لەکەرکوکەو خۆیان نیشتەجێی شارو شارۆچکەکانی کوردستانن.

کەرەم جاف، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای خۆراکی کەرکوک، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەموو بەرپرسانی شاری کەرکوکم ئاگادارکردووەتەوە لەو کێشەیەو بەمەترسییەکی گەورەشم داناوە بۆ سەر کەرکوک، چونکە ئەمە وادەکات نزیکەی (١٠) هەزار خێزانی شارەکە زەرەرمەندبن لەو بڕیارە».

## «ئەو ماوەیەی کە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دیاریکراوە زۆرە»

ئاوارە حەمید

نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، پێیوایە ئەو ماوەیەی کە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دیاریکراوە ماوەیەکی زۆرەو دەبوو کۆمسیۆن وادەی هەڵبژاردنی بزانیایە، ئینجا کارەکانی خۆی دەستپێبکردایە، «دوومانگ کاتێکی زۆرەو دەبوو ماوەکە لەبیست ڕۆژ تامانگێک تێپەڕی نەکردایە».

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان وتیشی: «پێویستە لەسەر سەرۆک لیستەکانو هەموو لایەک، کە پڕوپاگەندەکان لەچوارچێوەی یاسادابنو تا نەکەونە کێبڕکێی نابەرپرسانەو نابێت پڕوپاگەندەکان بۆیەکتر شکاندن بێت».

هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکان لەپلانی خۆی ڕۆژی (٢٣)ی ئەم مانگەی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژارنەکان دیاریکردبوو، بەڵام عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئاماژە بەوە دەکات، کە وادەی پڕوپاگەندەکان پەیوەستە بەکۆتایهاتنی وردبینی پاڵێوراوەکانو ڕۆژی ئاشکراکردنی پاڵێوراوان، یەکەم ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەبێت.

## یەکێتی هیچ کەسێکی بۆ پۆستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دیارینەکردووە

ئاوارە حەمید

زیاتر لەسێ مانگە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم بێ وەزیرەو تائێستاش یەکێتی هیچ پاڵێوراوێکی بۆ ئەو پۆستە دیارینەکردووە، ئەوەش پاش ئەوەدێت کە عیماد ئەحمەد، وەزیری ئاوەدانکردنەوە پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی وەرگرت.

پۆستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پشکی یەکێتییەو دەبوو پاش دەستبەکاربوونی عیماد ئەحمەد، مەکتەبی سیاسی کەسێکی دیکە بۆ ئەو وەزارەتە کاندید بکات، هەروەک عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت لەلێدوانێکی پێشووتریدا بۆ ڕۆژنامە ڕایگەیاند: لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەکلیفکراوە هاوکات لەگەڵ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت ئەرکی وەزیری ئاوەدانکرنەوەش بەڕێوەبەرێت.

لەلای خۆیەوە سەعدی ئەحمەد پیرە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تاکو ئێستا یەکێتی هیچ کەسێکی بۆ ئەو وەزارەتە دیارینەکردووە».

## ١٨٠ هەزار دۆلار لەبانکی فڕۆکەخانەی سلێمانی دیار نامێنێت



ستارە عارف

بڕی ١٨٠ هەزار دۆلار لەبانکی فڕۆکەخانەی سلێمانی کە سەر بەوەزارەتی دارایی هەرێمە دیارنامێنێت، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوەو تائێستا هیچ ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە دەرنەچووە.

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ببرێت بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕی ١٨٠ هەزار دۆلار لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دیارنەماوەو لەسەر ئەو کێشەیەش «بەڕێوەبەری بانکی فڕۆکەخانەو جێگرەکەیو بەرپرسی قاسە دەستگیرکراون».

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کرد، کە «بەڕێوەبەری بانکەکە لەکاتی بەجێهێشتنی شاری سلێمانی دەستگیرکراوە، کە بەمەبەستی بەشداریکردن لەخولێکدا ویستوویەتی سلێمانی بەجێبهێڵێت».

کامەران ئەحمەد، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەلێدوانێکدا هەواڵەکەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوەو ئاماژەی بەوەکرد، لیژنەیەکی وردبینی پێکهێنراوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەدیارنەمانی ئەو بڕە پارەیەو چەند شتێکی دیکە، وتیشی: «تائێستا هیچ ڕاپۆرتێکی وردبینی ڕەسمیی دەرنەچووە، لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی ٦ ڕۆژە وردبینی دەکەن».

لەلایەن خۆیەوە سامان مەولود، بەڕێوەبەری ئاسایشی فڕۆکەخانەی سلێمانی بێئاگایی خۆیی نیشاندا لەوبارەیەوە وتی: «ئەوەندە ئاگادارم ڕۆژێک جێگری وەزیری دارایی هات، نازانم بۆچی هات».

دڵشاد عوسمان بریکاری وەزارەتی دارایی وتی: «ئێستا لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، کە ئەنجامەکەی دەرکەوت دەدرێت بەدادگا»، ڕاشیگەیاند: ناتوانن گومان لەکەس بکەنو دەبێت دادوەر بڕیار بدات».

پێشتریش بەپێی فەرمانی ژمارە (٥٧٤١/١)ی بەڕێوەبەریتی ئاسایشی گشتیی لەڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٠دا بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی فڕۆکەخانەی سلێمانی لەسەر خراپ بەکارهێنانی پۆستەکەی. لەسەر کار لابراوەو گومانی ئەوەشی لەسەرە کە چەند ئۆتۆمبێلێکی حکومیی کە بۆ فڕۆکەخانە تەرخانکراون فرۆشتبێت، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا. بڕێک پارەی بۆ فڕۆکەخانە گەڕاندووەتەوە.

## یەکگرتوو ڕەتیدەکاتەوە

## ئەندامێکی لیستی ئیئتلاف: یەکگرتووی ئیسلامی دەچێتە پاڵ ئیئتلاف

هەستیار قادر

ئەندامێکی لیستی ئیئتلاف ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان قایل بووە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بچێتە پاڵ لیستەکەیو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووش بوونی ڕێکەوتنێکی لەوجۆرە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: «ئەگەر ئیئتلاف پێشنیازێکی لەوجۆرە بکات لەلایەن سەرکردایەتی یەکگرتووەوە تاووتوێ دەکرێت».

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەسەر زاری سامی عەسکەری ئەندامی لیستی ئیئتلافەوە بڵاویکردەوە، کە «چەندین کەسایەتی کوردیو سوننی کاریگەر پەیوەندییان بەلیستی ئیئتلافەوە کردووە بەمەبەستی بەشداریکردن لەولیستەدا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق».

عەسکەری کە کەسێکی نزیکی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقە، دەڵێت: «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ویستی خۆی نیشانداوە بۆئەوەی ببێتە بەشێک لەلیستی ئیئتلاف».

لەبەرامبەردا یەکگرتووی ئیسلامی بوونی ڕێکەوتنی لەوجۆرە لەگەڵ لیستی ئیئتلافدا ڕەتدەکاتەوە.

دیندار نەجمان، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی لەوجۆرە لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامیو لیستی ئیئتلافدا نییەو لەوبارەیەوە موفاتەحە نەکراوین، ئەگەر داوایەکی لەوجۆرەش بخەنە بەردەستمان لەلایەن سەرکردایەتی یەکگرتووەوە تاووتوێ دەکرێت»

هاوکات سامی ئەتروشی ئەندامی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە یەکگرتووی ئیسلامی سیاسەتی بەرامبەر بەلیستی ئیئتلاف نەگۆڕاوەو ئەگەری بەشداریکردنی یەکگرتوو وەک لایەنێکی ناولیستی ئیئتلاف لەلایەن هیچکام لەو دوو لایەنەوە باس نەکراوە.

### عوسمان بانیمارانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتیو یەکێتی لەترسی ناڕەزایی شەقامی کوردییە نەک مەترسی

سازدانی: سۆران پاڵانی



**عوسمان بانیمارانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەوبڕوایەدایە کە لەم هەڵبژاردنەدا نەخشەی سیاسیی هەرێم دەگۆڕێتو پێشیوایە کە چاوەڕێ دەکرێت جیاواز لە هەڵبژاردنی پێشوو خەڵک زیاتر بەشداریی هەڵبژاردن بکات بەهۆی بوونی لیستی جیاوازەوە.**

**ڕۆژنامە: لە کوردستان بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، پێتوایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ گۆڕانی نەخشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان؟**

* ئەم هەڵبژاردنە خۆی لە خۆیدا گۆڕانی پێوە دیارە، چونکە چەندین لیستو قەوارەی جیاجیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، ئەمەش سەرەتای گۆڕانە، سەبارەت بە گۆڕانیش لە ئیدارەی کوردی یان پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئەوە بەپێی ئەوەیە تا چەند قەوارە سیاسییەکان دەنگ دەهێنن، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن زۆر بهێنێت ئەوە باشە، ئەگەر کەمیش بێت، ئەوا دەنگی نەیار دەچێتە پەرلەمانو لە پەرلەمانەوە شەرێکی یاساییانە دەکرێت، ئەمەش ڕێگا دەگرێت لە بەفیڕۆدانی ماڵی کورد، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەنگی پێویست بەدەست نەهێنێت بۆئەوەی کە حکومەت پێک بهێنێت.

**ڕۆژنامە: ئایا بۆ ئەم پەرلەمانە تائێستا نەیتوانیوە بەر لە بەفیڕۆدانی ماڵی کورد بگرێت کە تۆ دەڵێی بەهەدەرچووە؟**

* ئەو پەرلەمانە چۆن دەتوانێت شتی وابکات؟ ئەو پەرلەمانە نوێنەری حیزبەکانی تێدایەو لەدەرەوە چۆن ئاراستەکران، وا کاردەکەن، تا پەرلەمان بەوشێوەیە بێت ناتوانێت کاربکاتو ڕێگە لە بەهەدەرچوونی ماڵی کورد بگرێت، تەنانەت یەک کورسی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان نییە، ئەگەر هەبوایە هەر ڕۆڵی دەبوو.

**ڕۆژنامە: بەڵام هەندێک لە حیزبەکان خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن وەکو ئیسلامییەکان؟**

* هەرگیز شتی وا نییە، حیزب نییە لە حکومەتدا شەریک نەبێت، هەموویان ڕێککەوتوونو وەزیریان هەیە.

**ڕۆژنامە: کەوابوو ئۆپۆزسیۆن نین؟**

* حیزبە بچووکەکان ئەگەر جورئەتی بوونیان بە ئۆپۆزسیۆن هەبوایە، ڕێگایان نەدەدا ماڵی کورد بەفیڕۆبڕوات، ئەوان ناحەقن ئەگەر قسەبکەن، چونکە خۆیان ڕازین لە حکومەتو وەزیریان هەیە، بودجەی لێوەردەگرن، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ئۆپۆزسیۆن نین، من بڕوامولیە ئەم هەڵبژاردنە کورسی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن دەباتە پەرلەمان.

**ڕۆژنامە: کەوابوو ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت پەرلەمان بگۆڕێت؟**

* پارتیو یەکێتی ئەو کورسیانەی کە ئێستا هەیانە نامێنێت، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی بەهێز هەبێت، پارتیو یەکێتیش دەبێت خۆیان بگۆڕن، چونکە تۆ ئەگەر ململانێی گۆڕانی لەگەڵدا بکەیت، یان دەبێت خۆی بگۆڕێت یان دەدۆڕێت، گۆڕان دەستیپێکردووەو دەبێت هەبێتو دەشکرێت.

**ڕۆژنامە: پێتوایە ئەم هەڵبژاردنەی کوردستان دوور لە توندوتیژیی بەڕێوەبچێت، چونکە هێشتا هەڵبژاردن دەستیپێنەکردووە کە لە زۆر لاوە یەکتر تۆمەتبار دەکرێت؟**

* ئەم هەڵبژاردنە ئەگەرچی جیاوازیی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو، بەڵام بێ کەموکورتی نابێت، چاوسوورکردنەوەی تێدایە، بەکارهێنانی هێزی تێدایە، پڕوپاگەندەی ناشەرعی تێدا دەبێت، بەکارهێنانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی تێدایە، بەڵام شەقامی کورد ناڕازییەو خەڵک بە باشی بۆی دەرکەوتووە ئەو سیستەمەی ئیدارەی کوردی پێ بەڕێوەدەچێت خراپەو خەڵک ئەگەر دەنگی بداتێ ناحەقە.

**ڕۆژنامە: پێتوانییە بەهێزی پارە دەسەڵات دەتوانێت بیباتەوە؟**

* پارە تەنیا بۆ بەرپرسان بەکاردێتو هاوڵاتی هەژار ناگرێتەوە، چونکە پارەکە ناگاتە هەموو ماڵێک، ڕەنگە بۆ بەشێک لە خەڵک هەبێت لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە، بەڵام ئەوانە کەمینەن نەک زۆرینە، زۆرینەی خەڵک جەماوەری ناڕازییەو ویژدانو دەنگی خۆی بە پارە نافرۆشێت، چونکە قەناعەتی بەم سیستەمەی بەڕێوەبردنی ئێستا نییە.

**ڕۆژنامە: پارتیو یەکێتی ئەوە دەڵێن کە ترسی دەرەکیمان لەسەرە، ئەو مەترسیانە چین لەبەردەم مەسەلەی نەتەوایەتیدا، ئایا لیستی هاوبەشی ئەو دوو حیزبە لە مەترسی لەدەستچوونی دەستکەوتەکانە یان شتی دیکە؟**

* بەپێچەوانەوە دابەزینی پارتیو یەکێتی بەیەک لیست، زۆر خەتەرە بۆ کوردو ئەوە دەبێتە نەریتێک کە پارتیو یەکێتی قەبارەو ژمارەی خۆیان نەزانن، ئەوەی باسیدەکەن کە لەسەر مەترسی دەرەکییە، من باوەڕناکەم کە هیچ مەترسییەکی دەرەکیمان لەسەربێت، ئەو چەکەی کە ئێستا لە شانمانە دژی یەکتری بەکاریدەهێنین، نەک دژی عەرەبو تورکو فارس، ئەگەر بارودۆخی کوردستان خەتەرە، کە من مەترسییەک نابینم، بارودۆخی کوردستان زۆر لەبارەو باشترین بارودۆخە بۆ یەکلایی بوونەوەی ئەو شتە تەمومژاوییەی کە بەپێی ڕێککەوتن حکومەت بەڕێوەدەبرێت، دەبێت بەشێوەی هەڵبژاردن یەکلایی بکرێتەوە، بۆیە ئەو ڕێککەوتنە لە ترسی ناڕەزایی شەقامی کوردییە نەک لە ترسی دەوروبەر، ئەگەر بارودۆخی کوردستان نالەبارە، ئەی چۆن جەنابی مام جەلالو کاک مەسعودو سەرۆکی حکومەتو پەرلەمان لەکاتی سەفەرەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان بارودۆخی ئارامەو داوا لە کۆمپانیای وڵاتان دەکەن کە لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەگەر بۆ وەبەرهێنان ئارام بێت، ئەی بۆ بۆ هەڵبژاردنی یەکلایی جۆرێک لە ئازادیی هەیە، پرۆسەی دیموکراسی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە کە لە کوردستاندا قبوڵ نییە، بەڵام من هیوادارم ئەوانەی کە لە کوردستاندا دەسەڵاتیان هەیە، هەزمی هەڵبژاردنێکی بەرەو دیموکراسیانە بکەنو ڕێگابدەن خەڵکی کورد تەنیا سەرمایەکەی کە دەنگەکەیەتی، بە ئازادانە ئەو دەنگە بدات، ئەوەش هەنگاونانێکی باشە بەرەو پرۆسەی دیموکراسی ئەگەر نەهێڵن ئەو پرۆسەیە کە خەریکە دەستپێدەکات، بەتەواوی بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، ئەم هەڵبژاردنەش تاقیکردنەوەیەکی باشە ئەگەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەرەکانی خۆیان قبوڵ بکەن.

**ڕۆژنامە: تا چەند بەشداریکردنی لیستی گۆڕان ئەم گەمەی هەڵبژاردنە گەرمتر دەکات؟**

* بە هاتنی لیستی گۆڕان هەڵبژاردنەکە گەرموگوڕ دەبێتو خەڵک بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچن، خەڵکی ناڕازیی کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری پێشووی ڕەتدەکردەوە، هەروەها لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرجار موفاجئەی گەورە دەبینین.

**ڕۆژنامە: تۆ ئەندامی سەرکردایەتیت لە یەکێتی، بەڵام لە یەکێتی ناڕازیت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی لە پەرلەمان ناڕازیت، دەسەڵاتداریت بەڵام لە حکومەت ناڕازیت، ئەم هەموو ناڕەزاییانەی تۆ لە چییەوە هاتووە؟**

* لە حیزب ناڕازیم لەوەی کە حیزبەکەمان سۆسیال دیموکراتە لە سۆسیال دیموکراتدا، دەبێت سیستمی بەڕێوەبردنی حیزب شەفافیەتی تێدابێت، لە بودجەو کۆبوونەوەو بڕیارەکاندا، بەڵام بەداخەوە لەناو حیزبی ئێمەدا ئەوەی لە بەرنامەکەماندایە لە واقیعی کردەوەییدا ڕەنگینەداوەتەوە، ئێمە دوای قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی، نەمانتوانی خۆمان یەکلایی بکەینەوە تائێستا کە حیزبی گەلین یان هی کۆمەڵێک کەس؟ لە حکومەتیشدا تائێستا حیزبو حکومەت ماڵی خۆیان لەیەکتر جیانەکردووەتەوەو تێکەڵاوە، بۆیە حکومەت هی دوو حیزبی دەسەڵاتدارەو حکومەتی گەل نییە، ئێستاش لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کردنەوەی قەبارەی حیزبەکان ئارام نییە؟ دیارە ئەوەش دەبێتە بانێکو دوو هەوا، بارودۆخ لە کوردستان ئارامە، بەڵام خەڵکی کورد دڵی لەم سیستمە پڕە، دەیانەوێت تۆڵەی یاساییانە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە لەوجۆرە سیستمە بکەنەوە.

**ڕۆژنامە: تا چەند ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت خزمەت بە ڕەوتی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بکات؟**

* لە کوردستاندا دیموکراسی نییە، ئێستا کە لیستێکی دیکە دێت بەشێوەی یاسایی ئەو خەڵکانەی بەتەما نەبوون بێنە سەر سندوقی دەنگدانو بەدیلێکیان شکنەدەبرد، ئێستا ئەو بەدیلە هەیەو ئەو کەسەش کە سەرۆکایەتی لیستەکە دەکات خەڵکی کوردستان ڕابردوویو بیرکردنەوەی دەزانن، ئێستا لیستی گۆڕان هەیەو دێت دەنگ بەو لیستە دەدات، پێموایە ئەگەر سەیری تەواوی ئەو ناڕەزاییانەی شەقام بکەین، لیستی گۆڕان دەنگێکی باش بەدەستدەهێنێت، داوای تەزکیەت لێدەکەن، هەربۆیەش لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو حکومەتە زۆر زۆر ناڕازیم، پەرلەمانیش کە گوێڕایەڵی هەردوو حیزبەو تەوجیهات لەوانەوە وەردەگرێتو نەبووە بە مەرجەعیەتی خەڵکی کوردستانو لەپشتیەوە مەرجەعیەتی دیکە هەیە، بۆیە پێموایە ئەمە بۆ داهاتووی گەلەکەمان خەتەرەو بەرەو دواوەمان دەگەڕێنێتەوە، بۆیە لەسەر ئەوەش لە پەرلەمان ناڕازیم.

> **ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی بەهێز هەبێت، پارتیو یەکێتیش دەبێت خۆیان بگۆڕن، چونکە تۆ ئەگەر ململانێی گۆڕانی لەگەڵدا بکەیت، یان دەبێت خۆی بگۆڕێت یان دەدۆڕێت، گۆڕان دەستیپێکردووەو دەبێت هەبێتو دەشکرێت**

> **ئەگەر بارودۆخی کوردستان نالەبارە، ئەی چۆن جەنابی مام جەلالو کاک مەسعودو سەرۆکی حکومەتو پەرلەمان لەکاتی سەفەرەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان بارودۆخی ئارامەو داوا لە کۆمپانیای وڵاتان دەکەن کە لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن**

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە




شارا عەبدولڕەحمان

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێم کە بڕیارە لە ٧/٢٥ی ئەمساڵدا بەڕێوەبچێت، وا چاوەڕواندەکرێت کە گەرموگوڕییەکی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی کوردستان بەخۆوە ببینێت، ئەمەش بەوپێیەی کە چەند لیستێکی جیاواز بەشداریی دەکەن، هاوکات چەند کەسێکیش ململانێی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن.

## قەوارە بەشداربووەکان

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٨ ناوی (٤١) قەوارەی سیاسی بۆ هەڵبژاردنەکان پەسەندکرد، کە (٢٠)یان تەنیا تازەکردنەوەی مۆڵەتو (٢١) قەوارەی نوێ.

(٣١) قەوارەیان بۆ (١٠٠) کورسییە گشتییەکەی پەرلەمان، (٣) قەوارە بۆ (٥) کورسی کۆتای تورکمانەکانو (٤) قەوارە بۆ (٥) کورسی ئاشووری کلدانی سریانییەکان، (٤) قەوارە بۆ (١) کورسی تایبەتی ئەرمەنەکان کێبڕکێ دەکەن، دواتر (٧) قەوارە کشانەوەو بەوپێیەش تەنیا (٣٤) لیست مانەوە کە دواتریش بەشێکیان هاوپەیمانییان پێکهێنا.

## هاوپەیمانێتییەکان

(١٥) لیست (٥) هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، کە بریتین لە (لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی چوار حیزبەکە (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانو حیزبی زەحمەتکێشان (ئایندە)، لیستی کوردستانی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان)، لیستی ئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە (حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان)، لیستی کلدانی یەکگرتوو کە بریتین لە (حیزبی یەکێتی دیموکراتی کلدانیو ئەنجومەنی نیشتمانی کلدانی)، لیستی حوکمی زاتی کلدانی ئاشووری سریانی لە هەریەکە لە (حیزبی دیموکراتی بەیت نەهرەینو حیزبی نیشتمانی ئاشووریو لیستی کلدۆئاشووری دیموکراتی)، بەوپێیەش لەکۆی (٤١) قەوارە، (٥) هاوپەیمانیو (٢٠) قەوارەی سەربەخۆ کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان دەکەن کە بڕیارە ٧/٢٥ بەڕێوەبچێت.

## کشانەوە

دوای ئاشکراکردنی ناوی لیستە تۆمارکراوەکانو ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی لەنێوان ژمارەیەک لەلیستەکاندا، (٧) لیستی تۆمارکراو خۆیان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان کشاندەوەو هەندێکیان پاڵپشتیی لە لیستەکانی دیکە دەکەن.

حەوت لیست کە هەریەک لە (پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان، لیستی سپی سەربەخۆ، کۆمەڵەی برایانی مەسیحی، حیزبی بەیت نەهرەینی دیموکراتی، شانت موراد موورادیان (لیستی ئەرمەن)، لیستی دیموکراتی نیشتمانی، لیستی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ)، بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان کشاندەوە.

## ژمارەی پاڵێوراوان

سەرجەم لیستەکانی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردووە کە ڕۆژی ٥/٢٠ کۆتایی بە تۆمارکردنەکە هات.

ژمارەی پاڵێوراوی سەرجەم لیستەکان (٥٠٩) پاڵێوراوە کە کێبڕکێ لەسەر (١١١) کورسییەکەی پەرلەمان دەکەن، بەپێی ئەو ڕێنماییانەش کە کۆمسیۆن لەوبارەیەوە دایناوە، هەر لیستێک بۆی هەیە کە ژمارەی پاڵێوراوەکانی لەنێوان (٣- ١٠٠) پاڵێوراودا بێت جگە لە کۆتای تایبەتی کلدۆئاشووریو تورکمانەکان، کە نابێت لە (٥) پاڵێوراو زیاتر نەبێتو کۆتای ئەرمەنەکانیش لیستی تاکەکەسییە، هاوکات بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەبێت ڕێژەی ژن ٣٠٪ی پاڵێوراوەکان بێت لە هەر لیستێکدا.

هەروەها (٢٠) پاڵێوراو ناوی خۆیان پێشکەش بە کۆمسیۆن کردووە بۆ کێبڕکێ لەسەر (٥) کورسی کۆتای کلدۆئاشورییەکان، (٢٠) پاڵێوراویش بۆ (٥) کورسی کۆتای تورکمانەکانو (٣) پاڵێوراو بۆ تاکەکورسی کۆتای ئەرمەنەکان.

## نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی کۆبوونی خۆراکو وەزارەتی بازرگانی، ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەیەو تەمەنیان لەسەرووی (١٨) ساڵییەوەیە، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم زیاتر لە (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەسە.

بڕیارە سبەی ٥/٢٥، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (٨٤) ناوەندی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکرێتەوە (٣١ لە هەولێر، ٣٧ لە سلێمانیو ١٦ لە دهۆک)، بۆئەوەی دەنگدەر بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوو ڕاستکردنەوەو گۆڕینو لابردنی ناو، سەردانی ناوەندو بنکەکانی دەنگدان بکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە بوونی ناوەکانیان، تا بتوانن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بەشداریی بکەنو تا ڕۆژی ٦/٧ پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەردەوام دەبێت.

## بانگەشەی هەڵبژاردن

هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دوێنێ (٥/٢٣)ی دیاریکردبوو بۆ دەستپێکردنی لیستەکان بە بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بەسترایەوە بە کۆتاییهاتنی وردبینی پاڵێوراوەکانەوە.

لە کوردستان دەستەیەکی تایبەت وەک دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشینەی پاڵێوراوەکان، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە پەنا دەبرێتەبەر هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆو چەند دەزگایەکی وەک زانکۆو ڕەگەزنامەو دەزگای پەنجەمۆری تاوانەکان بۆ وردبینی پاڵێوراوەکان، وادەی بانگەشەش بەندە بە کۆتاییهاتنی وردبینی پاڵێورەکانەوە کە بڕیارە لەم هەفتەیەدا کۆتایی پێبهێنرێت، بەوپێیە هەرکات کۆمسیۆن ناوی پاڵێوراوانی پەرلەمانی پەسەندکرد، ئەوکاتە پڕوپاگەندەو بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکات.

## بودجەی هەڵبژاردنەکە

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان داوای دابینکردنی بڕی (٣٧) ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، هەرچەندە لەسەرەتاوە حکومەتی عێراق ڕایگەیاندبوو ئەو بودجەیە ١٧٪ی بودجەی هەرێمدا سەرفبکرێت، دواترو دوای داواکارییەکی زۆر، حکومەتی ناوەندی ڕەزامەندیی لەسەر پێدانی ئەو بودجەیە پیشاندا، بەڵام تائێستا ئەو بودجەیە نەنێردراوەو بڕیارە حکومەتی هەرێم قۆناغ بەقۆناغ بڕی بودجەی پێویست بداتە کۆمسیۆن وەک پێشینە (سولفە)، بۆئەوەی کارەکانیان پەکینەکەوێت تا ئەوکاتەی حکومەتی ناوەندی بودجەکە دابیندەکات.

## پاڵێوراوی سەرۆکی هەرێم

ڕۆژی ٥/٢١ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دووبارە خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید کردەوە، بارزانی سێیەم پاڵێوراوە لەدوای هەریەک لە هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆک لیستی پێشکەوتن، د.کەمال میراودەلی کەسایەتی سەربەخۆ، کە پێش بارزانی ناوی خۆیان وەک کاندیدی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەو پۆستە لەدەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم تۆمارکردبوو.

بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەو کەسەی کە خۆی بۆ سەرۆکی هەرێم کاندید دەکات، دەبێت تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمترنەبێتو هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێتو لێی نیشتەجێبێت، هەموو مافێکی شارستانیو سیاسی هەبێت. ڕۆژی ١٩ی ئەم مانگە خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم دەستپێکردووەو بڕیارە ئەو پرۆسەیە تا سبەی (٥/٢٥) بەردەوام بێت.

# تورکیا: دەرفەتێکی مێژوویی بۆ چارەسەری کێشەی کورد

جەمال ئیختیار

لەکاتی گەڕانەوە لە سەردانی دیمەشق، سەرۆکی تورکیا بۆچوونەکانی خۆی لەسەر کێشەی کورد دووبارەکردەوەو ئاماژەی بەوەکرد تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەیە، گەشبینە بەوەی تورکیا هەوڵەکانی فراواندەکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەکەی، سەرۆکی تورکیا ئەو دەرفەتەی ئێستا بە دەرفەتێکی مێژوویی ناودەبات، بەپێچەوانەشەوە لەلایەن دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەخرێتە ژێر پرسیار، کە پێیوایە هیچ دەرفەتێکی مێژوویی لەئارادا نییە.

لێدوانەکانی ئەمدواییەی سەرۆکی تورکیا، عەبدوڵڵا گوڵ، گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوەیەکی بەربڵاوی لە تورکیا دروستکردووە، تا ئاستێک کە ڕۆژنامەکانی تورکیاو لەوانە تودەی زەمان باسیان لەوەکردووە کە ئەو گفتوگۆیانە لەهەموو شوێنێک جێگای خۆیان کردووەتەوەو لەناو هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا باسی چارەسەری کێشەی تورکیا، واتە کێشەی کورد دەکرێت.

تودەی زەمان دەنووسێت: ئەوە جۆرە هەڵسوکەوتێکی تازەیە لەگەڵ کێشەی کوردو هەوڵدانێکی تازەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەی ئیتنیکی لە تورکیا، تائێستا سوپا پشتگیریی ئەوەی دەکرد کە لەسەرەتادا تیرۆر لەناوببرێتو کێشە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بخرێنە دواتر، ئەگەرچی حکومەتی مەدەنی ڕای وابوو ئەوەی دووەم دەبێت پێشبخرێت، بەڵام سوپا هەموو شتێکی دیاری دەکرد، ئێستا سوپا دەڵێت وەرە با پێکەوە ئەنجامی بدەینو پەیوەندی سوپا- مەدەنی خەریکە زیاتر دەبێتە شتێکی وەکو لیبراڵ دیموکراسی.

یاوز بایدار، ستوونووسی تودەی زەمان، دەنووسێت کە ئێستا ئیتر هەموو کەسێک باسی کێشەکە دەکات، گوێل، ئیلکەر باشبوغ، موراد قەرەیەڵان، کورد، تورک، دەوڵەت باخچەلی، چاودێرانو هەموو توێژەکان.

بایدار پێیوایە، ئێستا عەقڵی بینینی مەسەلەکە گۆڕاوەو بەشێوازێکی دیکە دەبینێتو فەرماندەی ئەرکانی سوپای تورکیا بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لەکاتی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا زۆر نەرمترو بەشێوازێکی دیکە قسەی کردووەو بەپەلە هەڵێنەکوتاوەتە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەگەرچی هەواڵی کوشتنی (٩) سەرباز لە تەقینەوەی میندا تازە بوو.

بایدار درێژە دەدات کە نوخبەی سیاسیی تورکیا لەوە تێگەیشتووە کە فاکتەرە نێودەوڵەتیو ناوچەییو ناوخۆییەکانی تورکیا هیچ ڕێگایەکی دیکە ناهێڵێنەوە جگە لە ئاشتەوایی نیشتمانیو بنیاتنانەوەی ئاشتی لە ماڵەوە، هەروەکو ئەتاتورک دەڵێت.

ڕۆژنامەکانی تورکیا وەکو تودەی زەمانو حوریەتو ئەوانی دیکە، لەم دواییەدا بە بەردەوامی باسی کێشەی کوردیان کردووە، دەربڕینەکانی سەرۆکی ئەو وڵاتە گیانێکی تازەی بە بەر ئەو باسانەدا کردەوە کە هەموو شوێنێکو کەشوهەوای ئێستای تورکیایان داگیرکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا هەنگاوی بەکردەوە نەنراوە.

تادێت پشتگیریی بۆ چارەسەر زیاد دەکاتو لەو چوارچێوەیەدا ڕێکخراوە ناحوکمیو مەدەنییەکانی دیاربەکریش پشتگیریی خۆیان بۆ گوێل ڕاگەیاندووە، بەئومێدی ئەوەن کە چاویان بە گوێل بکەوێت بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوێستی خۆیان.

سەرۆکی ئەنجومەنی بیزنسمانەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاناتولیا، شا ئیسماعیل بەدرخان ئۆغلو دەڵێت: «کەشێکی گونجاو هەیە بۆ چارەسەر، بەڵام هەندێک لایەن خۆیان لادەدەن لەوەی کە پشتگیریی دۆزینەوەی چارەسەرێک بکەن، هەر دامەزراوەو کەسێکی بەرپرسیار دەبێت پشتگیریی ئەم پرۆسەیە بکات، بۆ پیشاندانی پشتگیریی خۆمانو هاندانی پرۆسەکە داوای بینینی سەرۆک (گوێل)مان کردووە».

ئەگەرچی پشتگیریی بۆ چارەسەری کێشەی کورد زیاتر بووە، سوپا نەرمتر مامەڵە دەکاتو حکومەتی ئەو وڵاتەش مەیلی ئەوەی هەیە کە هەنگاوبنێت، بەڵام لایەنە نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانی ئەو وڵاتەو لەوانە دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی، ئەوە دەخاتە ژێر پرسیار کە دەرفەتێکی مێژوویی لەئارادا بێت، ئەگەرچی تائێستا ڕۆڵی تێکدانی پرۆسەکەی نەبینیوە، بەڵام هەنگاوی ئەوتۆشی نەناوە کە ببێتە بەشێکی بنیاتنەر لە پرۆسەکەداو یارمەتیی دۆزینەوەی چارەسەری دیموکراتی کێشەی کورد بدات.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، کە هاوشێوەی کاتی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالان، سەرۆکی پارتی کرێکاران کوردستان، ئەو وڵاتە کەوتووەتە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی، بەڵام ئەگەر لەکاتی گرتنەکەی ئۆجالاندا دەرفەتەکە سوودی لێوەرنەگیراو لەدەستچوو، ئەمجارەیان نابێت تورکیا ئەم هەلە لەدەستبدات، پێویستە لە ڕێگای چارەسەرێکی ئاشتیانەو دیموکراتییەوە کۆتایی بە کێشەی کورد لەو وڵاتە بهێنرێت، بۆئەوەی چیتر زیانی مادییو گیانی لە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە بە کوردیشەوە، نەکەوێت.

## شێردل تەحسین، سەرۆکی لیستی سەربەخۆی تورکمان:

# دەمانەوێت چەند پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ بچنە پەرلەمانەوەو بەرگری لە مافی تورکمان بکەن

سازدانی: ڕێبین فەتاح



**شێردل تەحسین، سەرۆکی لیستی تورکمانی سەربەخۆ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەسەرەتادا هەوڵیانداوە حیزبە تورکمانییەکان بە لیستێکی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنەکە بکەن، بەڵام «بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تایبەت» حیزبە تورکمانییەکان پێشوازییان لە پرۆژەکە نەکردووە، ناوبراو کە پێیوایە ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگی تورکمان بەدەست دەهێنن، باس لەوە دەکات کە لەبەرئەوەی پەرلەمانتارە تورکمانەکانی پێشوو لەلایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردرابوون و بەدامەزراندن چووبوونە پەرلەمان، نەیانتوانیوە داکۆکی لە مافی تورکمان بکەن.**

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک کۆمەڵێک لە تورکمانانی هەولێر، بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی حیزبە تورکمانییەکان لیستێکی تورکمانیتان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکهێناوە، بیرۆکەی پێکهێنانی ئەم لیستە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

* بیرۆکەی دروستکردنی لیستێکی تورکمانی لە دەرەوەی حیزبە تورکمانییەکان لەسەر داوای تورکمانانی هەولێر پێکهاتووە، بەردەوام پێشنیازی ئەوەم بۆ دەکرا لیستێک پێکبهێنم، خەڵکەکە دەیانوت ئێمە چەند پەرلەمانتارێکمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان هیچیان بۆ تورکمان نەکردووە، لەبەرئەوە دەمانەوێت چەند تورکمانێکی سەربەخۆ بچێتە پەرلەمان و بەرگری لە مافەکانی تورکمان بکەن، دیارە بەرگریکردن بە مانای شەڕکردن و کێشە دروستکردن نییە لەگەڵ برا کوردەکان و نەتەوەکانی دیکە، بەڵکو تەنیا پاراستنی مافەکانی تورکمانە بەشێوەیەکی هێمن و گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، دوای ئەمە لەگەڵ کۆمەڵێک لە تورکمانانی هەولێر کۆبوینەوە، پێشنیازیانکرد لەسەرەتادا ژمارەیەکمان سەردانی بەرپرسەکان بکەین، سەردانی پارێزگاری هەولێرمان کردو زۆر خۆشحاڵ بوو بە پرۆژەکەمان، دواتر سەردانی مەڵبەندی یەکێتیمان کردو پێمانڕاگەیاندن کە ئێمە کەسانێکی سەربەخۆین و ئەوانیش بەهەمانشێوە وەک برادەرانی پارتی پرۆژەکەیان پێ خۆش بوو، برادەرانی لیستی گۆڕان بەهەمانشێوە پێیان خۆشبوو کەسانی سەربەخۆ بچنە ناو پەرلەمان، ئیدی بە پاڵپشتی سینان چەلەبی و مەحمود چەلەبی و دوای سەردانیکردنی کاک ویداد ئەرسەلان و سەنعان قەساب، پرۆژەکە بڕیاری لەسەر دراو لیستەکەمان تۆمارکرد.

**ڕۆژنامە: باستلەوەکرد پەرلەمانتارە تورکمانەکان تائێستا نەیانتوانیوە کار بۆ داخوازییەکانی تورکمان بکەن، کەواتە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە کە تائێستا نەیانتوانیوە کار لەسەر مافەکانی تورکمان بکەن؟**

* لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە پەرلەمانتارە تورکمانەکان بە هەڵبژاردن نەچوونەتە ناو پەرلەمان، بەڵکو لە پەرلەمان دامەزرێنراون، ئەگەر بە هەڵبژاردن بێت دەتوانن هەڵوێستیان هەبێت و قسەبکەن، بەڵام ئەگەر بە دامەزراندن بێت، دەبێت پەیڕەوی لە بەرنامەی ئەو حیزبە بکەن کە دایمەزراندوون، ڕەنگە ئەوان وەک حیزب لەپەرلەمان کاریان کردبێت، نەک وەک تورکمان.

**ڕۆژنامە: ئێوە چ پەیوەندییەکتان لەگەڵ حیزبە تورکمانییەکان هەیە، بەتایبەت ئەوانەی لیستیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان پێکهێناوە؟**

* وەک تورکمان پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ یەکتر باشە، بەڵام کە دەگاتە ناو سیاسەت لەگەڵ یەکتر تەبانین، ئەمەش بەو هۆیەوە کە هەر کەسێک و بەرژەوەندی شەخسی خۆی لەبەرچاو گرتووە، ئێستا کە ئێمە بڕیاری پێکهێنانی لیستمان داوە، بڕیارە سندوقێکی یارمەتی پێکبهێنین لەو پارەیەی کە وەک پەرلەمانتار وەریدەگرین هاوکاری خەڵکی پێ بکەین، لەمەشدا جیاوازی لەنێوان تورکمانەکان و خەڵکی دیکەی هەولێر لە برا کوردەکان ناکەین.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت لەسەرەتادا پێشنیازی ئەوە کراوە حیزبە تورکمانییەکان بە لیستێکی هاوبەش دابەزن، بەڵام دواتر بیرۆکەکە سەری نەگرتووە، ئەگەر ئەمە ڕاستە بۆچی سەری نەگرت؟**

* ئەوە ڕاستە لەسەرەتادا پێشنیازکرا هەموو لایەنەکان بەیەکەوە داببەزن، من پێموتن پێشتر بە ئیمزای هەموو حیزبە تورکمانییەکان وەک نوێنەری تورکمان منتان ڕەوانەی لیژنەی ئۆلۆمپی کرد، پێویستە لە هەموو بڕیارەکانی دیکەشدا بەیەکەوەبن، داوەتێکم ڕێکخست بۆئەوەی حیزبە تورکمانییەکان لەیەکتر نزیک بکەمەوە، یەک دوو دانیشتن کراو سەردانی حیزبی تورکمانمان کرد، بەڵام دواتر ڕوونبووەوە کە ئەوان لەگەڵ ئەوە نین بەیەکەوە کاربکەین.

**ڕۆژنامە: کێشەکە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەپشتەوە هەیە یان بەرژەوەندییەکی گشتی؟**

* کێشەکە لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانە لەنێوان حیزبەکاندا، هەر حیزبێک دەیەوێت خۆی لەسەرەوەی لیستەکە بێت، لەبەرئەوە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە بەرژەوەندی شەخسی بێت، چونکە ئەوان لە حەوت حیزب پێکهاتوون و ململانێ لەسەر پێنج کورسی دەکەن، هەر هەمووشیان دەیانەوێت بە خۆیان سەرۆک لیست بن و کەسانی خۆیان لەناو لیستەکەدا بێت، بەڵام باشتر دەبێت ئەگەر بە هەڵبژاردن بێت نەک یەک لیست بێت، با کێبڕکێ هەبێت لەنێوان حیزب و لایەنە تورکمانییەکان و بزانین قورسایی هەر لایەنێک چەندە.

**ڕۆژنامە: وەک لیستی تورکمانی سەربەخۆ چاوەڕواندەکەن دەنگی چەند تورکمان بەدەستبهێنن؟**

* بە دروستی سندوق دەزانێت ئەنجامەکان چۆن دەبن، دەنگەکانی تورکمان پەرتوبڵاو دەبن، چونکە لیستە کوردییەکان نوێنەری تورکمانیان تێدایە جگە لە لیستە تورکمانییەکان، بەڵام ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین تا (١٥٠) هەزار دەنگ بۆ لیستەکەمان بێت، لەکۆی ڕێژەی تورکمانەکاندا کە نزیکەی (٣٠٠) هەزار دەبن.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئێوە چ بەرنامەیەکتان بۆ دوای هەڵبژاردنەکە هەیە، بیرتان لەوە کردووەتەوە لیستەکە گەشەپێبدەن و بیکەن بە حیزبێکی تورکمانی یان چی دیکە؟**

* بەپێی ئەو دەنگەی دەیهێنین بەرنامەی خۆمان دیاریدەکەین، ئەوکات بڕیار لەسەر ئەوە دەدەین حیزب یان کۆمەڵەیەک پێکدەهێنین یان هەر نووسینگەیەکی پەرلەمانتارانی تورکمان دەکەینەوە بۆئەوەی خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، ئێمە هەوڵدەدەین ڕێگریی لە دروستبوونی هەر کێشەیەک لەنێوان کوردو تورکمان بکەین، تەنانەت ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کە بتوانین پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان لە کەرکوک بەرەوپێشەوە ببەین، دەمانەوێت نموونەیەک لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەین، کە ئەوانەی دەرەوەی هەرێم داوای گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەین.

**ڕۆژنامە: لە باسی حیزبە تورکمانییەکاندا بەردەوام ئەو گومانە دێتە پێشەوە کە لایەنی دیکە لەپشتیانەوەیەو ئاراستەیان دەکەن، ئێوە چ قسەیەکتان لەسەر ئەم حاڵەتە هەیە؟**

* لەڕاستیدا بارودۆخێکی سیاسی تایبەت ئەو حیزبە تورکمانیانەی دروستکردووە، ئێمە سەردانی حیزبەکانی کوردستانمان کردووەو ئەوان پێیانڕاگەیاندووین، کە ئێمە پاڵپشتی هیچ حیزبێکی تورکمانی ناکەین بۆ هەڵبژاردن، لەڕاستیدا ئەگەر ئەوان حیزبی کارتۆنی بۆ تورکمان دروستبکەن، جیاوازییان چ دەبێت لەگەڵ ئەوانەی دژ بە کورد حیزبی کارتۆنیان دروستدەکرد، ئەو حیزبانەی لەلایەن لایەنەکانی دیکە دروستدەکرێن، حیزبی قۆناغێکی دیاریکراون، هەرکاتێک ئیشیان پێیان نەما بەڕێیان دەکەن، لەبەرئەوە باوەڕناکەم حیزبەکانی کوردستان ئەوەندە گرنگی بە حیزبە کارتۆنییە بچووکەکان بدەن، ئەوەی هەیە پێشتر کۆمەڵە حیزبێک پارەیان لە یەکێتی و کۆمەڵێکی دیکە پارەیان لە پارتی وەردەگرت، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوەو تەنیا بودجەی حکومەت هەیە.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە تورکمانەکان باس لەوە دەکەن کە لیستی تورکمانی سەربەخۆ کە لەلایەن بنەماڵەی چەلەبییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت، پەیوەندییان بە تورکیاوە هەیە، ئەمە ڕاستە؟**

* هیچ کات دژی وڵاتەکەم و میللەتەکەم ناچمە ناو گەمەیەکەوە کە لە مەملەکەتێکی دیکەوە پاڵپشتی بکرێم، ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی چەلەبییەکان دانیشتووین، ئەوان بنەماڵەیەکی ڕەسەنی هەولێرن و چەندین پرۆژەی خزمەتگوزارییان لە هەولێر جێبەجێکردووە، ئیحسان پاشا پاڵپشتی ئێمە دەکات، هەر کاتێک بزانم لایەنێکی تورکیان یان لایەنێکی موخابەراتی تورکی تێکەڵمان دەبن، ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین، هیچ پەیوەندییەکمان بە لایەنی دەرەکییەوە نییەو پاڵپشتی مادیی لیستەکەمان لەلایەن بنەماڵەی چەلەبییەکان و دەوڵەمەندەکانی هەولێرەوە دەکرێت، ئەو پڕوپاگەندانەی لەسەر لیستەکەی ئێمە دروستدەکرێت، لەبەرئەوەیە کە دەزانن لیستەکەی ئێمە بەهێزەو قورسایی خۆی لەناو جەماوەر هەیە، هەموو کەس ئێمە دەناسێت کە ئێمە کێین و کوڕی کێین و تائێستا چیمان کردووەو چۆن دەجوڵێینەوە، دیارە هەر لایەنێک مافی خۆیەتی هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی جەماوەر بدات، بەڵام لەسەر حسابی لایەنەکانی دیکە قبوڵ ناکرێت.

> **پاڵپشتی مادیی لیستەکەمان لەلایەن بنەماڵەی چەلەبییەکان و دەوڵەمەندەکانی هەولێرەوە دەکرێت**

> **ئەگەر حیزبە کوردستانییەکان حیزبی کارتۆنیی بۆ تورکمان دروستبکەن، جیاوازییان چی دەبێت لەگەڵ ئەوانەی دژ بە کورد حیزبی کارتۆنیان دروستدەکرد؟**

شێردل تەحسین محەمەد
– ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر لەدایکبووە.
– لەساڵی ١٩٧٠دا پەیوەندی بە ئۆجاغی تورکمانەوە کردووە.
– لە ساڵانی شەستەکانەوە لەبواری وەرزشیدا کاریکردووە.
– یەکێک لە وەرزشوانە هەرە ناسراوەکانی هەولێرە.
– مامۆستایە لە ئامادەیی کشتوکاڵ.
– ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستانە.
– بۆ پەرلەمانی کوردستان ئێستا سەرۆکی لیستی تورکمانی سەربەخۆیە.

# پێنج لە پەرلەمانتارە کوردەکانی تورکیا دادگایی دەکرێن

ئارام شێخوەسانی

دادگایکردنی پەرلەمانتارە کوردەکانی لیستی دەتەپە یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی ئەم ماوەیە لەمیدیای تورکیادا، پێنج لەلایەن دادگاوە تۆمەتبارکراون بە پێشێلکردنی دەستووری تورکیا لەکاتی پڕوپاگەندەی پێش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، ئەمەش نارەزایی‌و گفتوگۆو کێشەی گەورەی دروستکردووە، تەنانەت چەندین بەرپرسی باڵای تورکی هاتوونەتە ناو کێشەکەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەریەکە لە ئەردۆغان‌و گویل پرۆژەیەکیان ئامادەکردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەوڵاتەکەیاندا، بەڵام بەپێی شرۆڤەکارانی سیاسیی تاگۆڕان‌و چاکسازیی لە دەستوور نەکرێت، هەر هەنگاوێکی بەرپرسانی تورکیا بێبەرهەم دەبێت، بۆیە پێویستە لە سەرەتاوە لایەنە دەستوورییەکان چارەسەربکرێن‌و دەسەڵاتی سوپا کەمبکرێتەوە. هەریەک لە پەرلەمانتاران (ئامینە ئاینا، فاتمە کورتلان، ئایسل توگلوک‌و سەباحەت تونجێل‌و سەلاحەدین دەمیرتاش) لەناو داواکراوانن، وەزیری ناوخۆی تورکیا بەشیر ئاتلای رایگەیاند: بەهیچ جۆرێک نامانەوێت رووداوی ساڵی ١٩٩٤ی تورکیا دووبارە بێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو رووداوە دووبارە بێتەوە، ئەوا مانای ئەوەیە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ (١٥) ساڵ پێش ئێستا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر ئەوە رووبدات، واتە ئێمە بەرەودواوە هەنگاو دەنێین، پێویستە لە ڕێگای کەناڵی گفتوگۆو کەناڵی لێکتێگەیشتن کێشەکان چارەسەربکەین.

لەساڵی ١٩٩٤ چوار پەرلەمانتار کە بریتیبوون لە (لەیلا زانا، سەلیم ساداک، هاتیپ دکل‌و ئۆرهان دۆگان) لە پەرلەمانی تورکیا بەهۆی سوێندخواردن بە زمانی کوردی، کەیسێکی دادگایان بۆ کرایەوە بە تۆمەتی پێشلکردنی دەستووری تورکیا تۆمەتبارکران‌و خرانە زیندانەوە. پرۆفیسۆر ئێرگون ئۆزبدون، شارەزاو پسپۆڕی بواری دەستوورو یاسا، بە (تودەی زەمانی) راگەیاندووە، کە ئەو پەرلەمانتارانە بەپێی یاساو دەستووری تورکیا بانگکراون، بەپێی مادەکانی (٨٣و١٤) دەستووری تورکیا ئەو ئەندام پەرلەمانانە رووبەڕووی لێپێچینەوە دەکرێنەوە.

هەر سەبارەت بەهەمان کێشە وتەبێژی پەرلەمانی تورکیا، کۆکساڵ تۆپتان رایگەیاند: ئەگەر ئەو پەرلەمانتارانە ئارامگرو زمانی گفتوگۆیان هەبێت، دەتوانین بە گفتوگۆ کێشەکە چارەسەربکەین، کۆکساڵ وتیشی: «پێویستە کێشەکە بەشێوەیەکی ئاسانتر چارەسەربکرێت‌و زمانی گفتوگۆو دایەلۆگ بەکاربهێنرێت‌و ئەو ئەندام پەرلەمانانەش دان بەخۆیاندا بگرن، ئێمە بەهاوکاری دادگای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی‌و شارەزایانی بواری یاسا بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێین، هیوادارم لەماوەیەکی نزیکدا بگەینە ئەنجامێکی باش، بەڵام ئێمە لە زۆر حاڵەتدا ناچارین هەندێک کاربکەین، چونکە دەستوور ئەو ناچارییەی دروستکردووە، بەڵام هیواخوازم چارەسەرێک بدۆزینەوە»، هەروەها رۆژی چوارشەممەی رابردوو سەلاحەدین دەمیرتاش، ئەندامی پەرلەمان‌و سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر، لەکاتی بەشداریکردنی لە ئاهەنگێکی وەرزشی گەنجاندا رایگەیاند: تورکیا پێویستە بەرەودواوە بگەڕێتەوە، چونکە لە رابردوودا کوردو تورکەکان بەیەکەوە هەوڵیاندا بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی سەربەخۆیی، من بایکۆتی یادکردنەوەی جەنگی سەربەخۆیی دەکەم‌و بەشداریی ناکەم، چونکە ئەو رۆحەی کە هەوڵی دەدا بۆ سەربەخۆیی ئێستا نەماوە، بۆیە پێویستە بۆ دواوە بگەڕێینەوە.

ناجی بوستانچی، پرۆفیسۆرو مامۆستای بەشی پەیوەندییەکان لە یەکێک لە زانکۆکانی تورکیا، لە وتارێکیدا کە سایتی (تودەی زەمان) بڵاویکردووەتەوە لەژێر ناوی (دەمانەوێت چی بکەین بۆ کێشەی کورد؟)، بەشێوەیەکی تێروتەسەل باس لە پەیوەندییەکانی کوردو تورک دەکات لە قوڵایی مێژووی تورکیاوە رابردوو دەبەستێتەوە بە ئێستا، نووسەر لەئێستادا پرسی دەستگیرکردن‌و دادگاییکردنی ئەندامە پەرلەمانە کوردەکان باسدەکات‌و بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، دەنووسێت «ئەو رەفتارانەی تورکیا تەنیا تورەبوون‌و گەورەبوون‌و هەوڵدانە بۆ زیاترکردنی مەیلی کوردەکان بۆ جیابوونەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەگەر ئەو پێنج پەرلەمانتارە دادگایی بکرێن، واتە ئەوانی دیکە هەوڵدەدەن بۆ ئازادبوون لە کۆت‌و بەندەکانی یاساو پاساو بۆ هەوڵی سەربەخۆیی دەهێننەوە، هەروەها هەموو ئەو گوتارە ئۆپۆزسیۆنانە تیژدەبنەوە بەهۆی کۆمەڵێک لەو رووداوانە»، نووسەر لە بابەتەکەدا چەندین نموونەی بەراوردکاری باسدەکات‌و بە چەند جۆرێک دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ئەو هەنگاوانەی تورکیا بەرامبەر بە کورد هیچ بۆ چارەی کێشەی کورد ناکات، بەڵکو گرفتەکان بۆ تورکیا زیاتر دەکات‌و مەیلی جیابوونەوە زیاتر فەراهەم دەکات بۆ کوردەکان، نووسەر دەنووسێت (کێشەی کورد وەک جنۆکەیەک وایە کە لەناو شوشەیەک ئازادی بکەیت، ئەو جنۆکەیەش بەردەوام خۆی دەبینێتەوە لەبەردەم ئاوێنەدا، بۆیە هەردەم زیاتر دەوروژێت‌و ویستی یاخیبوونی زیاتر دەبێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هێزێک هەیەو وزەیەک هەیە بۆ تێڕوانینی جیاوازو لەژێر سێبەری بانگەشەی دیموکراسی ئەو ئامانجە سەرەکیانەی دیموکراسی پێیەتی، دەتوانێت هەڵچوون‌و دژ وەستانەوەکانی کوردەکان خاوبکاتەوە، بەڵام رێگریی لە زمان‌و بیرکردنەوە، یەکێک لە ماناکانی بریتییە لە جیاکردنەوە، واتە ئەوکات تەنیا جوگرافیا دەمێنێتەوە کە خۆی جیابکاتەوە).

## بازی هەڵبژاردن لەسەر شانی کێ دەنیشێتەوە؟

# هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران دەستپێکرد

جەمال ئیختیار



هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران لە (١٢)ی مانگی داهاتوودا ئەنجامدەدرێت، بە پەسەندکردنی ناوی چوار کەس لەنێوان (٤٧٥) کەسی ناونووسکراودا، کەمپەینی هەڵبژاردن دەستیپێکرد.

لە هەرکام لە بەرەی موحافیزکاران‌و ریفۆرمخواز، دوو کاندید بەشدارن کە کاندیدەکانی بەرەی موحافیزکار بریتین لەسەرۆکی ئێستا مەحمود ئەحمەدی نەژادو موحسین رەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران، لە بەرەی ریفۆرمخوازیش هەرکام لە میر حسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی پێشووترو مەهدی کەروبی سەرۆکی پێشووتری پەرلەمان بەشدارن.

مەحمودی ئەحمەدی نەژاد لە ١٩٥٦/١٠/٢٨دا لە گوندی ئەرادانی گەرمسار لە پارێزگای سمنان لەدایکبووە، دەرچووی زانکۆی زانست‌و تەکنەلۆژی ئێرانە، لە ٢٠٠٥دا بە سەرۆکی ئێران هەڵبژێردرا، ئەحمەدی نەژاد بە کەسێکی رەخنەگری ئەمریکاو ئیسرائیل ناسراوەو بەردەوام لەسەر مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران‌و هۆلۆکۆستی جولەکە گۆبەندی ناوەتەوە.

موحسین رەزایی لە ١٩٥٤دا لە قەزای مەسجد سولەیمان لە پارێزگای خوزستان لەدایکبووە، ئەویش وەکو نەژاد دەرچووی زانکۆی زانست‌و تەکنەلۆژییەو بۆ ماوەیەکی درێژ فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران بووە، تۆمەتبارە بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ تەقینەوەکەی ناوەندی کلتووری جولەکەکان لە بۆینس ئایرس، پایتەختی ئەرجەنتین.

یەکێک لە کاندیدەکانی بەرەی ریفۆرم، مەهدی کەروبییە، لە ١٩٣٧دا لە عەلی گودەرزی پارێزگای لورستان لەدایکبووە، یەکێکە لە ئایەتوڵڵا بەنفوزەکانی ئێران‌و پێشتر سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بووە.

میر حسێن موسەوی، کاندیدی دووەم‌و بەهێزتری بەرەی ریفۆرمخوازە، ساڵی ١٩٤١ لە خامنە لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵات لەدایکبووە، دەرچووی زانکۆی شەهید بەهەشتییەو پێشتر بۆ ماوەی (٨) ساڵ سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە.

کەمپەینەکانی هەڵبژاردن رۆژی هەینی، (٢٠) رۆژ پێش لە هەڵبژاردنەکان دەستیانپێکردو ریفۆرمخوازەکان بەهیوان کە مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە کێبڕکێکە بکەنە دەرەوە.

لە مەسەلە سەرەکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئێرانە کە هەرکام لە لایەنەکان بەجۆری خۆی خوێندنەوەی بۆ دەکات.

ریفۆرمیستەکان پێیانوایە کە لەماوەی (٤) ساڵ سەرۆکایەتیی خۆیدا، ئەحمەدی نەژاد لەئاستی پەیوەندیی دەرەوەدا کێشەی زۆری بۆ ئێران خوڵقاندووە، بەتایبەتی نەیتوانیوە کارگێڕی قەیرانی مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران بکات، کە خۆرئاوا بەگومانەوە لێی دەڕوانێت‌و پێیوایە هەوڵێکە بۆ بەدەست خستنی چەکی ئەتۆمیی، هەروەها قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لەمەڕ هۆلۆکۆستی جولەکە، رەخنەی زۆری ئاراستەی ئێران کردووەو ریفۆرمیستەکان لەمەشدا رەخنەیان هەیەو بە گشتی پێیانوایە کە نەژاد ناتوانێت کەسێکی باش بێت بۆ پیشاندانی روخسارێکی جوانی ئێران لەئاستی دەرەوەدا.

لەئاستی سیاسەتی ناوخۆیش، ریفۆرمیستەکان سیاسەتەکانی نەژادیان داوەتە بەر رەخنەو هاوکات لەگەڵ لێکدانی سەرنەکەوتنی سیاسەتی دەرەکی ئەو، کە بووەتە هۆی پەراوێزخستنی ئێران، پێیانوایە کە ئەمە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کێشەی ئابووری بۆ ئێران، هەروەها ئەحمەدی نەژاد لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پێشوودا بەڵێنیدابوو کە داهاتی نەوت بۆ خەڵک خەرج بکات، لەگەڵ ئەوەدا کە ئابووریناسان ئەمە بە سیاسەتێکی دروست نازانن، ریفۆرمیستەکانیش دەڵێن کە ناکرێت پارەی نەوت راستەوخۆ ببرێتە سەر سفرەی خەڵک‌و پێویستە بۆ گەشەپێدان سەرف بکرێت، کە گرفتەکان لە بنەڕەتدا چارەسەربکات نەک خەڵک موحتاجی حکومەت بکات.

موسەوی بەڵێنیداوە کە وێنەی ئێران لە کومەڵگای نێودەوڵەتیدا چاک بکاتەوەو بە بەهێزترکردنی پەیوەندیی دەرەوەی ئێران، رێگای چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان‌و لەوانە کێشە ئابوورییەکان هەمواربکات.

لەلای خۆیەوە ئەحمەدی نەژاد کە زیاتر لە موحسین رەزایی کە ئەویش هەر کاندیدی موحافیزکارانە، چانسی بردنەوەی هەیە، هەوڵدەدات کە مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران بکاتە دەستکەوتێک بۆخۆی‌و بە هێنانە پێشەوەی ئێرانی ئەتۆمی‌و وتنی «ئێمە دەتوانین»، هەوڵدەدات کە لە هەستی نەتەوەیی ئەوان بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێت.

ئەحمەدی نەژاد لەلایەن رێبەری باڵا، عەلی خامنەیی پشتیوانیی لێدەکرێت‌و هەر ئەوەش یارمەتیداوە کە ببێتە کاندیدی لەپێشی کۆنەپارێزەکان، ئەگەر نا، لەناو خودی ئەو بەرەیەدا زۆر لە کەسە دەسەڵاتدارەکان وەکو توێژی مەلاکان کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەودا هەستیان بە پەراوێزبوون کردووە، هاوسۆزیان بۆ ریفۆرمخوازەکان هەیەو ئەگەر پشتیوانی خامنەیی لە ئەحمەدی نەژاد نەبوایە، لەوانەبوو ئەوان کاندیدی دیکەیان بۆ هەڵبژاردنەکە هەبوایە.

هەردوو لای موحافیزکارو ریفۆرمخواز داکۆکی لە مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران دەکەن، بەڵام ئەگەر لە رواڵەتیشدا بێت، بە دوو شێوەی جیاواز لە مەسەلەکە نزیکدەبنەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئێران موشەکێکی دوورهاوێژی تازەی تاقیکردووەتەوە، سەرۆکی ئەمریکا، باراک ئۆباما رایگەیاندووە کە ناکرێت تا سەر هەر خەریکی دانوستان بن، لەکاتێکدا کە ئێران هەلەکە دەقۆزێتەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ئەتۆمیی خۆی کە مەترسیی چەکسازیی لێدەکرێت.

چاودێران پێیانوایە، کە ئەمریکا چاوەڕوانی یەکلاییبوونەوەی مەسەلەی سەرۆکایەتیی ئێرانە، بۆئەوەی بەرامبەری خۆی بناسێت، ئەگەر نا، بە جدیی لەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت دەکات.

پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئێران، خاوەنی دەسەڵاتی تەواو نییەو لە کۆتاییدا رێبەری باڵا، عەلی خامنەیی بڕیاری کۆتایی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی ئەو وڵاتە دەدات.



# کوشتنی شار.. کوشتنی نیشتمان

ئاسۆ جەبار

کوشندەکانی شار کێن؟ کێن ئەوانەی دەبنە کوشندەیەکی راستەقینەی کلتووری شارو شارستانییەت؟ جیاوازی چییە لەنێوان کوشتنی ئینسان‌و کوشتنی شاردا..؟ لەڕاستیدا بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە دەبێت سەفەربکەین بەناو پانۆرامای کوشتنی شاردا، کاتێک ناتوانین دەسەڵاتی حکومەت لە دەسەڵاتی حیزب جیابکەینەوە، کاتێک زانکۆکان‌و کۆلێژەکان دەبنە بارەگاو کۆمیتەی حیزب، کاتێک شەڕە لەسەر مزگەوت دروستکردن، کاتێک هەموو گەڕەکێکی شار چەندین بارەگاو دیوەخانی حیزبی تێدا دەچێنرێت، کاتێک پێکڕا فەرهەنگی مردووی حیزب زاڵ دەبێت بەسەر باقی فەرهەنگەکانی دیکەدا، ئەوکاتە ئیتر شار ناسنامەی خۆی ون دەکات‌و دەمرێت، کاتێک شوناسی ناوەندو پێکهاتە گرنگەکانی شار لەسەر نەخشەی ژیانی شارستانی دەسڕێنەوە، وەک بیناسازیی‌و کەلەپوورو سینەماو ناوەندی فەرهەنگی‌و سەربەخۆ، کاتێک هۆڵە رۆشنبیریی‌و هونەرییەکان دەبن بە تەعزێخانەو حیزبخانەو قۆنتەراتخانە، کاتێک شەقامەکان بۆنی گەندەڵی لێدێت، کاتێک سەرجەم بەهاکان رێزی شارستانی خۆیان لەدەستدەدەن، کاتێک ئەخلاقی دزی‌و گەندەڵی‌و راووڕووت‌و عەنتەریات‌و هەڕەشەکردن جێی مۆراڵ‌و بەهاکانی ژیاندۆستی‌و ماف‌و گۆڕانکاری دەگرنەوە، ئەوکاتە ئیتر کوشندەکانی شار وەک دەسەڵات‌و کۆنخوازیی‌و ئەخلاقی گەندەڵی‌و راوڕوت‌و هەڕەشەکردن‌و هێزی وێرانکردنی شارستانی‌و ژیاندۆستی دەبن بە کوشندە راستەقینەکانی شارو شارستانی.

کوشتنی ئینسان چەند کردەیەکی قێزەوەن‌و وەحشیگەرانەیە بۆ کوشتنی ئینسانێک یان چەند ئینسانێک، بەڵام کوشتنی شار، واتە کوشتنی هەموو بەها مرۆیی‌و ئەخلاقی‌و شارستانی‌و کلتوورییەکانی سەرجەم ئینسانەکان کە پێکڕا مەترسیدارترین دیاردەو کردەگەلێکی وەحشیگەرانەیە بۆ خامۆشکردنی بەها رۆحی‌و کلتوورییەکانی مرۆڤ.

## شاری ناشیرین

شار تەنیا بریتی نییە لە چەند شەقام‌و کۆڵان‌و چەند گەڕەکێک، وەک چۆن تەنیا بریتی نییە لە بەرزکردنەوەی تەلارەکان‌و نزمکردنەوەی ژیان، شاری جوان تەنیا ئەو کۆشک‌و ریزە خانووانە نییە کە بۆ بەرپرس‌و ئەندامە بەرزو نزمەکانی حیزب دروستدەکرێن، هاوکات شار بەو تەلارو کۆشکە حیزبیانە جوان ناکرێت، کە بەرپرسەکان لە گیرفانی خەڵک شاری خەون‌و فەنتازیا بچووکەکانی خۆیانی تێدا بەخێودەکەن، شاری ناشرین شارێکە پڕە لە سەدان بارەگاو کۆمیتەو لق‌و رێکخراوگەلی حیزبی‌و خاڵییە لە ناوەندو دامەزراوەی سەربەخۆ.

شاری ناشرین ئەو شارانەیە کە پڕە لە بارەگای حیزبی‌و خاڵییە لە دامەزراوەی فەرهەنگی‌و رۆشنبیریی‌و شارستانی، شاری ناشرین ئەو شارەیە کە کەمترین سینەماو گەلەری‌و هۆڵی شانۆی تێدایە، بەڵام لێوانلێوە لە تەلارو کۆشکی بێشوماری بەرپرس‌و عەنتەرو پیاوکوژو گەندەڵخۆرەکان، بەڵام خاڵییە لە ژیانی شارستانی‌و پەیوەندی فەرهەنگی‌و گۆڕان. شاری ناشیرین، واتە شاری بازرگانە چاوچنۆکەکان‌و ئێکسپایەر فرۆش‌و شاری بێ ساحێب، شاری قوڵبوونەوەی گەندەڵی تا بینەقاقای بەرپرس‌و حیزب‌و جەهل، شاری بەرزکردنەوەی ناعەدالەتی تا ئەوپەڕی وێرانەیی‌و شاری بەرزکردنەوەی کرێی خانوو و نرخی شتومەک‌و کاڵاکان، واتە شاری بەرەڵڵاخانەی بازرگانی‌و عەنتەریاتی بازاڕ.

## شاری جوان

شاری جوان، واتە شاری دەیان سینەماو گەلەری‌و سەدان شوێن بۆ خۆشەویستی‌و هاوڕێیەتی‌و یەک شوێن بۆ حیزب، شاری جوان، واتە شاری خزمەتگوزاریی‌و شاری پاکوخاوێن، شاری باخچە گەورەکانی عیشق‌و شاری سەفەرکردن‌و دڵنیایی، شاری زانکۆو پەیمانگەو دەیان دامەزراوەی فەرهەنگی‌و هونەری‌و رۆشنبیریی سەربەخۆ، واتە شاری دوورکەوتنەوەی حیزب لە شوێنە گشتییەکان‌و ناوەندو دەزگا فەرهەنگی‌و ئەکادیمی‌و زانکۆییەکان.

لەپشت هەر نیشتمانێکی جوانەوە جیهانبینێکی مۆدێرن‌و روانینێکی شارستانی ئامادەیە، کە هێزێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دنیای داخراوو روانینی داخراو، هاوکات کۆنخوازیش هێزێکی نەریتپارێزە بۆ داخستنی روانین‌و داگیرکردنی جیاوازییەکان، جیهانبینی مۆدێرن هێزێکە بۆ گۆڕان‌و بەرپاکردنی جیاوازی‌و خوڵقاندنی فەزایەکی کراوە، بەڵام کۆنخوازیی هێزێکە بۆ بەرپاکردنی دووبارەبوونەوەو رەنگرێژکردنی نەریت‌و ئەخلاقیاتی مۆنوپۆلیزەکردن، ئەم شێوازە لە جیهانبینی دیاردەیەکی نوێ‌و تەوژمێکی کاریگەرترە، بۆ بەرهەمهێنانی هزرێکی دیکەو خەیاڵدانێکی دیکە، مرۆڤێک بەرهەمدەهێنێت کە دەکەوێتە دەرەوەی حیکایەتە بچووکەکان‌و دەرەوەی ئەو دنیا داخراوەی کە دنیابینییەکان‌و روانینەکان بچووک دەکەنەوە، واتە هزرێکی جیاوازی پاش حیکایەتە گەورەکانە.

خەفەکردنی ئارەزووە شاراوەکانی تەواوی کۆمەڵگاو تاکەکەس، دیاردەیەکی نادیاریکراوو شاردنەوەی روانین‌و دنیابینی مرۆڤەکانە لە حەشارگەیەکی فەرهەنگی‌و ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتیدا، بێ ئەندازە هەڵقوڵاوی خەفەکردنی جیاوازیی‌و خەون‌و ویست‌و داواکارییە مرۆیی‌و شارستانی‌و فەرهەنگییەکانە، هاوکات ئەوەی دەکەوێتە ئەو واقیعەوە، بێ ئەندازە قەوارەکەی گەورەترە لە قوڵایی ئەو خەیاڵدانە کە رووبەرەکانی روانینی سەدان ئەوەندەی ئەو دەرکەوتانەیە کە سات بەسات پردەبن لە حیکایەت‌و سەرگوزشتەی بێ سەرچاوەو ئاڵۆگۆڕپێکراوی سەپاندنی یاساگەلێکی ستەمکارانەی بێ قسە بەسەر مرۆڤەکاندا.

یەکێک لە شتە کاریگەرەکانی کە تا ئەم سەر وەختە بەکراوەیی‌و سەربەخۆ دەمێنێتەوە، ئەو خەیاڵدانەیە کە دەبێتە بەرهەمهێنەری رەمزو بەهای جیاوازو جیاکەرەوە لە هەر فەرهەنگو ئایدیایەکی دیاریکراو، هەڵبەت ئەو کلێشەسازییە کۆمەڵایەتی‌و کلتوورییەی حیکایەتە شاراوەکانی ناو خودی کۆمەڵگا، لەلایەک دەرئەنجامی هەموو ئەو چەپاندن‌و پەراوێزخستنە کۆنترۆڵی ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکە، بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی ژیان‌و ئارەزووەکان‌و جڵەوکردنی تاکەکەس لە یەکەیەکی دیاریکراوی فەرهەنگی‌و سایکۆلۆژیدا، ئەم راڤەکارییە سەرەتاییە چەند پەیوەستە بە زانستی دەروونشیکارییەوە، هێندەش پەیوەندیدارە بە ئەنترۆپۆلۆژیاو کولتورناسییەوە، بۆئەوەی کەمێک دەربچین لە شتە گشتییەکان، پێویستە بچینە نێو ئەو قوڵاییە گەورەیەوە کە پانتاییەکی بەرفراوانی ئارەزوو خەیاڵە شاراوەکانی تاکەکەس‌و بەشێکی مردووی ئەو رووە زیندووەی کۆمەڵگایە کە نابینرێت، هاوکات پێکهاتەیەکی گەورەی ئەو سەرزەمینە خەفەکراوەیە کە لە فەرامۆشبوونێکی کۆنزێرڤاتیڤانەوە سەرچاوە دەگرێت‌و کەنارکەوتوویەکی زیندووی کۆمەڵگایە، کە بریتییە لە کاڵبوونەوەی تاکەکەس لەنێو ئەو یەکەو خانە فەرهەنگیانەدا بەتایبەتی لە خێزان‌و گروپ‌و قوتابخانەو خێڵ‌و حیزب‌و دامەزراوە داخراوەکاندا، هێندەی پەیوەستە بە دنیای بەرجەستەی شتە پیرۆزەکان‌و دنیای روانینە رامکراوەکانەوە، هێندە پەیوەست نییە بە پەیوەندی راستەوخۆی تاکەکەسەوە بە هەر یەکێک لەو چەمکانەو ئەو خەیاڵگەیەی کە دنیا بچووک دەکاتەوە بۆ قەفەزێکی دیاریکراوی روانین‌و دنیابینی،

سەرئەنجام ئێمە لەبەردەم کایەیەکی گەورەی مەعریفیدا نین، بەڵام لەبەردەم کلتوورو ترادسیۆنێکی بەرجەستەو ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەک داین، کە کۆمەڵگایەکە تا ئەندازەیەکی بەرفراوان کۆمەڵگایەکی داخراوو وێرانکارە، چۆن پیاوسالاریی دەسەڵاتێکی موقەدەس‌و سایکۆلۆژییە، بەهەمانشێوە دەسەڵاتی سەرجەم موقەدەسە هاوشوناسەکان هێزگەلێکن بۆ یەکخستن‌و غەرقکردنی هەر جیاوازی‌و لادانێک لە یەکەیەکی گەورەتردا، کە خێزانی موقەدەس‌و حیزبی موقەدەس‌و گروپی موقەدەسە، هاوکات فەرهەنگی لۆکاڵیی خێزان بەرهەمهێنەرو کۆپیکەری دابونەریت‌و مۆراڵە، هەرچەندە ئەمانە هەمووی وەک ترادسیۆن سەیردەکرێن، بەڵام کۆمەڵێک موقەدەسات‌و حەرامکراوو قەدەغەکراون بە ئەندازەیەک پۆلێنکراون کە مەحاڵە جیاکردنەوەیان لە کۆی ئەو پەیوەندییانەی خێزان بە ناوەوەو دەرەوەی خۆیەوە، واتە جیاکردنەوەی لەو گشتە نابەرجەستەیەی کە لە کۆی سیستمێکی کۆمەڵایەتی‌و شارستانیدا، غەرقی رووبەرێکی داخراوی ژیان‌و فەرهەنگێکی قفڵدراوی دەکات.

ئەم کۆنترۆڵکردنەش میکانیزمێکی هەروا سادەو ساکار نییە، بەڵکو میکانیزمێکە کە زیاد لە بوارێک‌و زیاد لە مەودایەکی هەژمونگەر کاری لەسەر دەکەن، وەک میکانیزمی پەروەردەو فێرکردن‌و دەسەڵاتی پیاوسالاریی‌و کلتوورسالاری‌و نەریتسالاری‌و حیزبسالاریی‌و کوێخاسالاریی، کە کۆمەڵێک رووبەرن تێیاندا غەریزەو چێژو خەیاڵ‌و خولیاو ئیرادەو خەونەکانی تاکەکەس رام دەکرێت، هاوکات کاریگەرییەکی ئاسۆیی لەسەر هەر تاکەکەسێک جێدەهێڵن، ئەم رامکردنەش کار لەسەر کیمیای پەیوەندییەکان‌و ئاسۆکانی روانین‌و دنیابینی دەکات‌و سەرئەنجام مرۆڤەکان لە تاکەیەک دنیابینی دیاریکراوی هەژاردا بەرجەستە دەکات‌و لە جوگرافیایەکی مردوودا دەیانژێنێت.

شاری ناشرین خاوەنی فەرهەنگێکی مردووی داخراوە، فەرهەنگی داخراویش دابەش دەبێت بەسەر کۆمەڵێک دابەشکراوی دیکەدا، ئەو پێکهاتە دیاریکراوانەی ئەم ماشێنە گەورەیە پێکدەهێنن کە دروستکاری خودی ئەو دنیایەشن‌و بەرهەمهێنەری ئەو روانین‌و وێنانەشن کە لە خۆی کۆپییان دەکاتەوە، ئەو دابەشبوونەش خێزانی کۆنکرێتی‌و پەیوەندی داخراوی کلتووری، وەک (نەریتی داخراوی هاوسەرگیری، ئیرادەی دەستەمۆی مێگەل، پەیوەندی هاوخوێنی‌و هاوڕەگەزی، دەمارگیری ناوچەیی‌و مەزهەبی‌و کلتووری‌و سیاسی‌و حیزبی‌و دامودەزگای کارتۆنی‌و داخراو، ناوەندی رۆشنبیری‌و کلتووریی بازنەیی کە دەسەڵاتێکی هەرەمی ئیفلیج کۆنترۆڵی دەکات، سەرئەنجامی هەموو ئەو داخرانە بێدەنگی‌و داگیرکاری فەرهەنگی، کەلاوەیەکی مەعریفی ناتەندروست، خەیاڵێکی بچووک‌و ونبوونی تاکەکەس وەک ئیرادەو روانین‌و جیاوازی) بەرهەمدەهێنێت.

شاری جوان، واتە شاری پەیوەندی‌و لێکتێگەیشتن لەنێوان شارو ناوچە جیاجیاکاندا، شاری جیاوازی‌و هەمەڕەنگییە فەرهەنگی‌و رۆشنبیری‌و رۆحییەکان، شاری کلتووری زیندوو، شاری حەقیقەتە سادەکان‌و شاری یاساو دڵنیایی‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و تاکەکەسی. شاری ناشیرینیش، واتە شاری تەراتێنی حیزب‌و دەسەڵاتی موتڵەقی پۆلیس‌و ئاسایش‌و بەرپرس‌و کۆمپانیاکانی حیزب، زۆر بەسادەیی شاری ناشیرین شاری غیابی یاساو ستاندارده شارستانییەکانە، شاری ریزکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ‌و دژایەتیکردنی رۆژنامەنووسان‌و بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەر رۆژنامەنوس‌و رەخنەگرو میدیای ئازادو چەوسانەوەی رۆشنبیریی‌و بەکارهێنانی زەبروزەنگی یاسایی‌و وزاری‌و حکومیی‌و حیزبی بەرامبەر نووسەران‌و رۆشنبیرانی سەربەخۆ.

دواجار چەند گرنگە دۆزینەوەی فاکتەرەکانی ناشیرنکردنی شارو شارستانی، سەد ئەوەندەش گرنگە دۆزینەوەی رایەڵە مەترسیئامێزەکانی کۆنترۆڵکردنی ستەمکاری فەرهەنگی‌و رۆشنبیریی بەرامبەر هێزە شارستانی‌و کۆڵەکە گرنگەکانی گۆڕان‌و کلتوورە زیندووەکان.

# کەرنەڤاڵی هەڵبژاردن بۆ رزگاربوون لە پەرلەمانێکی پاسیف‌و دیوەخانی

فەرەیدون حەمەڕەشید - سویسرا



دوای دیاریکردنی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بۆ هەڵبژاردنی کورسییەکانی پەرلەمانی نوێ، لیست‌و کوالیسۆنی (هاوپەیمانێتی) هەمە ئایدۆلۆژیاو هەمەچەشن بۆ کێبڕکێکانی هەڵبژاردن کەوتنە دیاریکردنی قەوارە سیاسییەکانی خۆیان، گەرموگوڕیی دەرکەوتنی لیست‌و قەوارەی نوێ، نیشانەی ناڕازیبوونی کۆمەڵگای کوردستانە لە دەسەڵات‌و پەرلەمانی ئەمڕۆ، نەوەک ئاماژە بۆ مومارەسەی دیموکراسیی راستەقینە.

لە بەرامبەر خەرمانێک هۆکارو ئەزموونی سەرنەکەوتووی حەڤدە ساڵ تەمەنی پەرلەماندا، ململانێ‌و کێبڕکێکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەنێوانی پانتاییەکی بەرفراوان لەنێوان دەسەڵاتی راستەقینەی گەل‌و دەسەڵاتێکی گەندەڵسازدا، جیاوازیی خۆی لای تاکی دەنگدەرو کۆمەڵگای کوردستان نمایشدەکات، لەبەرئەوە گۆڕەپان‌و مەیدانی کایەکانی هەڵبژاردن زۆر لە مەودای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢و ٢٠٠٥ بەرفراوان‌و پڕململانێ دەبێت، لەکاتێکیشدا لیستی گۆڕان بە سەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا گەرموگوڕی ئەو ململانێ پەرلەمانییە جۆشدەدات.

لە بەرواری ١٩٩٢/٥/١٩ەوە کورد خاوەنی پەرلەمانە، بەڵام پەرلەمان وەک شانۆگەرییەکیش، وەزیرێکی گەندەڵ، لێپرسراوێکی حکومی مشەخۆر، لێپرسراوێکی خاوەن فایل، مقاولێکی بێ قەول‌و پەیمانی نەخستووەتە بەردەم لێپێچینەوەی یاسایی‌و دادوەریی، کەواتە جەماوەری خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە بە وریایی‌و بە جورئەتی سیاسییەوە بە مێژووی پاسیفبووی ئەو پەرلەمانەدا بچنەوە، کە حەڤدە ساڵە بە خەوتوویی، بە ئەشهەدوبیلاکردن بۆ حیزب، بە گوێنەگرتن لە داواکانی جەماوەر نوێنەرایەتیی گەلەکەی دەکات.

لە هەنووکەدا ترس‌و نائۆقرەی لای هەردوو هێزی سەرەکی یەکێتی نیشتمانی‌و پارتی دیموکرات بە رۆشنی‌و بێ دوودڵی دەبینرێت، بەڵام لە بەرامبەر پێشهاتە هەمەجۆرەکانی هەڵبژاردن‌و بە سەرکەوتن گەیاندنی کەرنەڤاڵی هەڵبژاردن، راستەوخۆ وەک حیزب (پارتی دیموکرات‌و یەکێتی نیشتمانی) لێی بەرپرسیاری سەرکەوتن‌و سەرنەکەوتنی هەڵبژاردن دەبن.

چونکە هەردوو هێزی سەرەکی خاوەنی هێزی سەربازیی، بودجەی بە ملیۆنان دۆلاری، تەلەفزیۆن‌و کەناڵی راگەیاندنی بەرفراوانن، دەکرێت ئەم توانست‌و بەهرەمەندییە بە دوو ئاراستەی پێچەوانە بخەنە خزمەت پرۆسەی هەڵبژاردن، یان رووەو رچەشکاندن بۆ تولەڕێگا دوورەکانی دیموکراسی، یان مۆنۆپۆلکردنی هەڵبژاردن‌و گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی مۆبۆکراسی (دەسەڵاتی بازاڕیی)..

دەسەڵاتی کوردی دەبێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەو دامەزراوەو ئامرازانەی لەبەردەستیدایە، بە هیچ شێوەیەک نەبێتە هەڕەشەو ترساندن لە نانبڕین‌و دەرکردن لەشوێنی کار لە جەماوەری دەنگدەر، تا تاکی دەنگدەر دوور لە ترس‌و هەرسڵەمینەوەیەک کە کاربکاتە سەرژیان‌و گوزەران‌و ئەمنیەتی گیانی، دەنگی خۆی بداتە ئەو لیستەی کە لەڕووی هزری سیاسی‌و قەناعەتی خودییەوە بە لیستی خۆی‌و بەرنامەی خۆی دەزانێت.

دەکرێت دەسەڵاتی هەردوو هێزی سەرەکی بەو دەزگا بەرفراوانانەی لەجۆرەکانی راگەیاندن لەبەردەستیاندایە، هیچکات بە وتارو رێپۆرتاژو راپۆرتە هەواڵەکان نەبێتە فاکتەری گرژیی‌و ئاڵۆزیی هەلومەرجەکە لە ساتەوەختی کەمپینەکانی هەڵبژاردندا.

دەسەڵاتی کوردی‌و ئەو هێزەی تا ئەمڕۆ خاوەنی هەموو کورسییەکانی پەرلەمانە، دەکرێت لە ئەمڕۆ بەدواوە بەدەستێکی کراوەو بە دڵێکی فراوانەوە ئەجێندای سیاسیی خۆی ئامادەبکات بۆ رێژەی کورسییەکان لە پەرلەمانی دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥، بەوەی پەرلەمانی ئایندە ناکرێت پەرلەمانێکی بەمۆنۆپۆلکراوی حیزبێک یان دوو حیزبی دیاریکراوبێت.

دەکرێت لە ئەمڕۆوە دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان دەستبەردار بێت لە پارەو ئیمتیاز بەخشینەوە بە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی دوێنێ، لە ناشیرینکردنی کۆمەڵگای کوردی بە لەخاچدانی دیموکراسی، بەپێچەوانەوە دەکرێت هەموو کۆمەڵگای کوردی بە گشتی‌و دەسەڵات بەتایبەتتر رۆژەکانی بەردەم هەڵبژاردن تا رۆژی دەنگدان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا بە کەرنەڤاڵی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بخوێنێتەوە، بە رۆح‌و نیەتێکی دیموکراسییەوە کار لەسەر تەبلیغات‌و کێبڕکێی شەریفانە بکات، تا خەڵکی کوردستان دوور لەترسی چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەی نانبڕین، بە هەستی نوێ، بە پلانی نوێ، بە بەرچاوڕوونی‌و عەقڵانیەتی خۆی بچێتە ناو کەرنەڤاڵی هەڵبژاردن.

کارکردن لەسەر ئەم راستەڕێیە بەم ئیرادەیەو قبوڵکردن‌و رێزگرتنی هەموو لایەکمان بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥، سەرکەوتنی کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەجێندای باشتر، رزگاربوونمان لە مۆتەکەی پەرلەمانێکی دیوەخانی‌و پاسیف بۆ پەرلەمانێکی ئەکتیڤ، کە نوێنەری راستەقینەی گەل بۆ هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکات.

faraidun_73@hotmail.com

# شۆڕشی هەڵبژاردن لەنێوان عەقڵو عاتیفەدا



ڕێبین ئەحمەد ڕەشید

**هیچ هێزێک ناتوانێت کاریگەربێت ئەگەر بێتو لەو هێزانە خاسیەت وەرنەگرێت کە ئەم دژیانە**
**«فردریک نیچە»**

ئەگەر بڕیاربێت هەڵبژاردن بریتی بێت لە دانانی کۆمەڵێک کەس لەلایەن گەلەوە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر حسابی کۆمەڵێکی دیکە، ئەوا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن «شۆڕشێکی مەدەنیانەیە کە خەڵکی شار لـەدژی فۆرمێک یان نۆرمێکی دەسەڵات دەیکات»، ئیدی کارو جوڵانەوەکانی پێش هەڵبژاردنیش خاسیەتی کارو جوڵانەوەی پێش شۆڕشی وەردەگرێت. لێرەوە پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت: ئایا ئەو شتەی کە پڕوپاگەندەچیانی شۆڕش «هەڵبژاردن» پێش شۆڕش «هەڵبژاردن» تەرکیزی لەسەر دەکـەن چییە؟ یان بە واتایەکی دیکە پێش شۆڕش خاڵی بەهێز لای شۆڕشگێڕ «دەنگدەر»و پڕوپاگەندەچی شۆڕش چییە؟

شۆڕش«هەڵبژاردن»تەقینەوەیەکی داخو سۆزو کینەی مرۆڤە، ڕەهاکردنی عاتیفەیە، هەڵگێڕانەوەی جۆرێکە لە جۆرەکانی سیستم بۆ ئەوجۆرەی کە شۆڕشگێڕ «دەنگدەر» دەیەوێت، ئەم شێوە مامەڵەکردنەش هەرگیز لەگەڵ عەقڵێکی ساردا یەکانگیر نابێت کە لەدوی ناسینو کۆکردنەوەی مەعریفەدایە.

لە شۆڕشەکاندا هەمیشە بەشی سۆزو عاتیفەی مرۆڤ جوان ئەدا دەکرێت، بەڵام ئەو شتەی کە تەنانەت باسیشی لێوەناکرێت، عەقڵە، زۆری پێدەچێت تا ڕابەرانی دوای شـــۆڕش بکەونە ناسینەوەی عەقڵو ئاوەدانکردنەوەی ئەو وێرانانەی کە سۆزو عاتیفەی مرۆڤ بکەریانە.

شۆڕشگێڕان «دەنگدەران» زۆرباش لەوەتێدەگەن کە دژی چینو شۆڕش لەدژی چی دەکـەن، بـەڵام ئـەوەی شۆڕشگێڕ «دەنگدەر» بیری لێناکاتەوە یان دەرکی پێناکات، ویستراوەکانی پاش شۆڕش «دەنگدان»ە، دۆزینەوەی ئەو ویستراوانەش کاتێکی زۆری دەوێت. شۆڕشگێڕ «دەنگدەر» پارچەیەکی ئاگراوییە لە بەرامبەر تواناکانی خۆیەوە تووشی خۆونکردن دەبێت، وا هەستدەکات دەتوانێت بە خێراییەکی بەهێز سوننەتە چەقبەستووەکانی مرۆڤ بگۆڕێتو لەجێی ئەوانە سوننەتگەلێکی نوێ دابنێت. ئەو کارەی کە سۆزو عاتیفەی مرۆڤ پێش شۆڕش دەیکات، عەقڵی هەزاران فەیلەسوف توانای کردنی نییە، چونکە وەک لەپێشەوە باسکرا، لە شۆڕشدا سۆز حاکمە.

لـــەڕووی ئـامـــانـجو خـواسـتو بیرکردنەوەکانی دوای شۆڕشیشەوە، هیچ جیاوازییەک لەنێوان شۆڕشگێڕی شاخ «پێشمەرگە»و شۆڕشگێڕی شار «دەنگدەر»دا نییە، ئەوە تەنیا هۆکارەکانن کە دەگۆڕێنو ئەنجام هەر هەمان ئەنجامە، تەنیا گۆڕانێک کە هەبێت ئەوەیە سندوقی هەڵبژاردنەکان دەبنە جێگرەوەی سندوقی فیشەکەکان، لەبری کلاشینکۆف، خەڵک قسەدەکات، بەڵام قسەیەکی عاتفیانە، ئیدی مانا عەقڵییەکان وندەبنو سۆزو عاتیفە دەبنە ئەلتەرناتیڤیان، عەقڵو سۆزیش تا جارێک پێکەوە دەگونجێن، سـەدان جار لەدژی یەکدی دەوەستنەوە.

لە شۆڕشدا تەنیا یەک پێوەر (معیار) بۆ چاکبوون یان خراپبوون هەیە، ئەویش خـودی شـۆڕش خۆیەتی، ئـەم پێوەرە عاتفییە بۆخۆی لە بێ پێوەریی دەچێت، نەک تەنیا شۆڕش چاکە، بەڵکو چاک لە خۆیدا شۆڕشە!! ئیتر بە وتەی گەلێک لە فەیلەسوفان شتێک بوو بە پێوەری چاکەو خراپەی خۆی، ئەوە سەرەتای سەرهەڵدانی بێعەقڵییە، (irrationality) کاری عەقڵیش لەم نێوەندەدا گەڕاندنەوەی شەپۆلەکانی سۆزو عاتیفە نییە، بەڵکو کاری کەمکردنەوەی وێرانەکانە، چونکە توانای بەرگریکردنو گلدانەوەی ئەو شەپۆلانەی نییە. یەکەمین شتێک پێش شۆڕش دەبێتە قوربانیی، عەقڵە، لە هەمانکاتدا دوا شتیشە کە دەگەڕێتەوە لانکەکەی، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هیچ گۆڕانێکی سیستماتیکی بەبێ بوونی عەقڵ دروستنابێت.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا بانگەشەیەکی لە ڕادەبـــەدەری پڕوپاگەندەچییەکانی هەڵبژاردن بەرگوێ دەکەوێتو بە چاویش دەبینرێت، لەلایەک باسی گۆڕان دەکرێتو لەلایەکی دیکە چاکسازیی، لای سێیەمیش بانگەشەی «ڕابـــردووبـــوون» دەکـاتو شانازیی بە دەستکەوتەکانییەوە دەکاتو دەیکاتە دەستکەلای پڕوپاگەندەکانی، بەڵام هەموو ئەم بانگەشانە تائێستا نەیانتوانیوە بازنەی عاتیفە بەجێبهێڵنو چیتر کار لەسەر عەقڵانیبوونی پـرۆژەو بانگەشەکانیان بکەن، ئەوەی جێی قسەو لەسەردوانە کە دەبێت شۆڕشگێڕ «دەنگدەر» ئاگاداری بێت، لایەنی عەقڵانیی ئەم شۆڕشە «دەنگدانە»یە، شۆڕشگێڕ دەبێت لە خەمی ئێستایدا بێت بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەی، نەک کڕینەوەی ڕابردووی کە بە هیچ جۆرێک دادی نادات، چونکە ئێستا شتێکە زیاترە لە ڕابردوو، کەمترە لە داهاتوو، ئیدی ئەگەر هێزێکی عەقڵی گەورە نەبێت خەمی مسۆگەرکردنی ئـەم داهـاتـووە بخوات، عاتیفە گـورزی خۆی دەوەشێنێتو سیناریۆی هەژدە ساڵی ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە، جگە لە خستنەوەی چەند چەمکێکی ئایدۆلۆژیی چەقبەستوو، ئەنجامێکی دیکەی نابێت.

شۆڕشگێڕی کورد ئەمڕۆ دەبێت بە هەموو هێزێکیو پڕ بە زاری هاواربکاتو بڵێت: چیدی لەم قسە بێمانایانەتان بێزارم، چیدی ئەرزشی قسە خەیاڵپڵاوییەکانتانم لانەماوە، شۆڕشگێڕی کورد ئەمڕۆ پێویستە لەبری کوردستانی گـەورە، سەرخستنی ئیسلام، ڕزگارکردنی فەلەستین، دەنگی کورد لە بەغدا وەرگرتنی تیکێتی بەهەشت، خیانەتنەکردن لە ڕابـردوو، باس لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی ژیان بکات، چونکە ئەو لەو مافانە بێبەشە، ئەمڕۆ دەبێت پڕوپاگەندەچیانی شۆڕش «هەڵبژاردن»، لەژێر هەر ناوو نیشانێکدان لە خەمی ئاوو کارەباو ئابووریی میللەت دەرنەچن، کە تائێستاش تاکی کورد لیکیان بۆ دەڕێژێت، ئـــەوان دەبـێـت لـەوەبـگـەن کـە پەیمانە گەورەکانیان ئەستەمە جێبەجێکردنی بەبێ فەراهەمهێنانی ئەو مافە سەرەتاییانە، چونکە باش دەزانـــن هەڵگرتنی بـــەردی گەورە نیشانەی نەوەشاندنیەتی.

عـەقـڵانـی مـامـەڵـەنـەکـردنـی تاکی کوردیش پێش هەڵبژاردنەکان لە هەموو شتێک مەترسیدارترە، تەنانەت لە پرسی کەرکوکیش، چونکە عاتفیانە بیرکردنەوەو ناعەقڵانی مامەڵەکردن، سیستمێکی عاتفی بەرهەم دەهێنێت کاتی هەڵبژاردن نەبێت چاککردنی ڕێگاوبانو ئـاوو کارەبای بیرنەکەوێتەوە.

دەنـگـدەر ئەمڕۆ لەبری سیاسەتی جنێوو یەکتری تۆمەتبارکردن، پێویستی بە سیاسەتی خزمەت هەیە، ئەو بێزارە لە شەڕە ئایدۆلۆژییە بێماناکان، چونکە کـارل پۆپەر وتەنی شـەڕی ئایدۆلۆژی لەبری خولقاندنی بەهەشت، دۆزەخێک دەهێنێتە خوارەوە. شۆڕشگێڕ «دەنگدەر» دەبێت چیدی بێزاربێت لە سیاسەتی مافیاو سەرۆک خێڵو مەلاو کۆمپانیاو ماستاوچی، ئەو دەبێت نەهێڵێت چیدی بەناوی ئەوەوە قسە بکرێت، بەناوی ئـــەوەوەو لەپشت پـــەردەو لەسەر مێزی چـــەرەسو مۆزو پرتەقاڵەکان چارەنووسی دیاری بکرێت، بێئەوەی خۆی ئاگاداری هیچ بێت، ئەو دەبێت ڕازی نەبێت بە سیستمێک بەناوی ئەوەوە بەتۆمەتی (ناموس)، ڕۆژێک بکەوێتە ڕاوکردنی (ژنـان)و (ئافرەتان)، ڕۆژێکی دیکە کاتێک لە ڕاوکردن بێزار دەبێت، هەر بەناوی ئـــەوەوە بانگەشەی یەکسانیی (ژنان) (ئافرەتان) بکات، دەنگدەری کورد دەبێت بەدەست سووری قەڵەمە ئازادەکان بڵێت بەسە ئیدی ستۆپ، شۆڕشگێڕی کورد دەبێت چیدی نەهێڵێت لەسەر پشتی ئەو هەر ڕۆژە بانگەشە بۆ بیرێکی جیاواز بکرێت، ڕۆژێـــک سۆشیالیزم تاکە ڕێگاچارەی کوردە، ڕۆژێکی دی ئیسلام، ڕۆژێکی دی مارکسیزمو... هتد، شۆڕشگێڕی کورد ئەمڕۆ دەبێت لەبری سندوقی فیشەک، داوای چەند خێراتر گەیشتنی سندوقی دەنگدان بکات تا گورزی خۆی بووەشێنێت، ڕازی نەبێت لە هەواڵەکانی کاتژمێر دەی شەودا ڕکابەرانی هەڵبژاردن «لە کوردستانێکی پەنجە نەرمکردوو لەگەڵ دیموکراسی»، بە خائینو دەست لەپشتو مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی پەسن بکرێن، ئەو نابێت لە دەلەسەی گۆڤارە ڕۆتینییەکان بێدەنگ بێت کە بێشەرمانەو دوور لە هەموو ئیتیکێکی ڕۆژنامەوانیی، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە تیرۆریستو گێرەشێوێن ناوزەد دەکات، چونکە چەکە بەهێزەکە لەدەست ئەودایەو ڕۆژی ٧/٢٥ ئەو ڕاستییە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەسەلمێنێت..

Rebin19902006@yahoo.com

# پەیامی پۆڵۆنیا بۆ کوردستان



ئەکرەمی میهرداد

**٢-١**

ڕووداوەکانی پۆڵۆنیا لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ کە سەرەتای بە پێکهێنانی بزووتنەوەی (هاوپشتی)و ئەنجامەکەی بە پاشەکشەی پارتی کۆمۆنیستی پۆڵۆنیاو دارمانی تۆتالیتاریزم ئاکامی دا، بۆ هەمیشە لە یادەوەری مێژووی مرۆڤایەتیدا درەخشان دەمێنێتەوە، بێگومان بزاڤی دیموکراسخوازی پۆڵۆنیا لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠ لەدوای شۆڕشی هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦و خەباتی دیموکراتیکی چیکەکان لە ساڵی ١٩٦٨، گرنگترین ڕووداوی جەماوەرییو کۆمەڵایەتییە لە مێژووی هاوچەرخی ئەوروپای خۆرهەڵات، کە بووە کەلێنی گەورەو گورزی کاریگەر لە بونیادی (سیاسی- کۆمەڵایەتی) تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیستیدا، لەم بـارەوە باسەکان دەربـارەی ئەزموونی دیموکراسی سەدەی بیستەم بەبێ گرنگیدان بە بزووتنەوەی (هاوپشتی)و بەدیهێنانی کەشوهەوای دیموکراسی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا، سنوردارو ناتەواو دەبێت.

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە دژی دەسەڵاتی سیاسی:**

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی پۆڵۆنیا، ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆو ئاشکرای کۆمەڵی مەدەنی بوو لە بەرامبەر حکومەت، لەوانەیە بتوانین بڵێین کە ئەزموونی دیموکراسی لە پۆڵۆنیاو خەبات لە دژی تۆتالیتاریزم سەرهەڵدانێکی تازە بوو لە زاراوەی (کۆمەڵی مەدەنی) لە زمانی سیاسی خۆرئاوا، لە دیدگای تێکۆشەرانی پۆڵۆنیا، گەیشتن بە دیموکراسی بۆ تواناکردنی کۆمەڵی مەدەنی کە بە مانای هەڵوێستی سیستمی کۆمەڵایەتی بوو لە بەرامبەر سیستمی سیاسیو ئایدیۆلۆژی، تەوەری سەرەکی شێوە سازبوونو پێکهاتنی کۆمەڵی مەدەنی لە پۆڵۆنیا لەسەر پایەی سەربەخۆی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو لە بەرامبەر حکومەتی هەژموونخوازو ملهوڕ.

ئەگەر ئـەوە بزانین کە تۆتالیتاریزم سیستمی کۆمەڵایەتی تەواوخوازو داخراوە کە تێیدا هەموو کاروباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەبەردەستی حیزبێک یان دەسەڵاتداری تایبەتدا بێتو کۆمەڵگاش بەپێی خواستو بەرنامەی یەک مۆدێلو پـەیـڕەودا دروستبێتو بەڕێوەبچێت، لە بەرامبەر ئەمەدا گرنگترین لایەنی پێکهاتەی دیموکراتیکی بزاڤی خەڵکی پۆڵۆنیا، دابڕانە لەو سیستمو دەسەڵاتە، هەژموونێکە کە لەلایەن پارتی کۆمۆنیستەوە دامەزرابوو، هەر بەو هەژموونخوازییەش کۆمەڵگای بەڕێوە دەبرد.

کاریگەری بزاڤی هاوپشتی پۆڵۆنیا بەشێوەیەک بوو کە بیرمەندان بە شۆڕشی دیموکراتی ناوی دەبەنو لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٩، هاوڕێگایە لەگەڵ ڕەوتی جیاخوازی لەنێوان فەزاکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو لەدایکبوونی قەڵەمڕەوی گشتی لە دەرەوەی حیزبو دەسەڵاتی پاوانخواز.

(ئـادام میشینک) یەکێک لە ڕابەرانی ناسراوی بزووتنەوەی هاوپشتی، لە نامەکانی زیندانەوە باس لە چەمکو پرسێکی تازە دەکـات بە ناونیشانی (گۆڕانخوازی نوێ)، ئاراستەی سەرەکی میشینک بۆ ئەو پرسە بوو کە هەلومەرجی مێژوویی تازە لە ئەوروپای خـۆرهـەڵات، دوو ئەزموونی (شـۆڕش لە خوارەوە)ی هەنگاریا لەساڵی ١٩٥٦و (ڕیفۆرم لـەسـەرەوە)ی چیکوسلۆفاکی ١٩٦٨ی بە سەرکەوتن نەگەیاند، لەبەرئەوە دەبێت لایەنگرانی دیموکراسیو گۆڕان لە ئەوروپای خۆرهەڵات لە هەوڵی پەیداکردنی ڕێگایەکی دیکە بن، شایانی باسە کە خەباتکارانی ڕێگای دیموکراسی لە پۆڵۆنیا باشترین ڕێگایان هەڵبژارد بۆ پاشەکشەپێکردنی هەژموونی حکومەتو دیکتاتۆری لە ڕەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە نەیارانی حکومەتی کۆمۆنیستی بۆ خستنە چاڵی دەسەڵاتی تۆتالیتار، دەستیانکرد بە پێکهێنانی شێوەیەکی نوێ لە سازماندانی کۆمەڵایەتی کە پەنابردن نەبوو بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبێت شێوەکانی گۆڕانو بەرەوپێشچوونی سیاسی لە پەیوەندی لەگەڵ ڕیفۆرمی پێکهاتەی کۆمەڵدا بێت، بۆ هەمان مەبەست (یاچیک کۆرڤون) یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی هاوپشتی (KOR) بۆ یەکەمجار باس لە چەمکی شۆڕشێک دەکـات کە (خـۆی سـنـووردار دەکات).

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە پۆڵۆنیا لە ساڵانی دامەزراندنی بزاڤی (هاوپشتی) بەو ئەنجامە گەیشت، کە باشترین ڕەوشی خەبات بۆ دیموکراسیو ئازادیی دابڕانو جیابوونەوەیە لە نەریتی مارکسیستی بۆ شۆڕش، دڵنیاکردنەوە بوو لەسەر شێوەیەکی تازە لە خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی، بە بڕوای کەسانی وەک (کۆرڤون) کۆمەڵی مەدەنی کە بەرهەمی ئەم ڕەوتەی (بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی) بـوو، دەبێت کۆمەڵێکی پلورالیستی بێتو لەوێدا فرەییو جیاوازی بەڕەسمیی بناسرێت، هەرچەندە ڕووبـەڕووبـونـەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی تۆتالیتاری پێویستی بە دامەزراندنی کاتییە بۆ بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو، بەڵام دەبێت لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەموو بیرو باوەڕو بۆچوونی تاکو لایەنو حیزبەکان بەدی بێت.

کۆمەڵناسی نـاوداری فەرەنسی (ئالان تۆرین) لەم بارەوە دەڵێت (هاوپشتی پۆڵۆنیا لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ لەنێوان هەردوو چەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو بزاڤی پلورالیستیدا پێکهات، کە بێگومان جیاوازیش لەنێوانیاندا دەبینێت، ئەمەش لەپێناوی سازدانی ڕیفۆرمو سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی کۆمەڵگادا دەبێت)، بە ڕۆشنکردنەوەی زیاتری بزووتنەوەی دیموکراسی پۆڵۆنیا بەو ئەنجامە دەگەین، کە ئەم بزووتنەوەیە هاوکاتو هاوڕێگایە لەگەڵ سازدانەوەو ژیانەوەی تۆڕو کەناڵی فراوانی کۆمەڵایەتی تازەیە، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی هاوپشتی مەدەنی تـازە لە بەرامبەر دەسەڵاتی تۆتالیتار، هەروەها ئەم هاوپشتییە توانی درزو کەلێنی گەورە بکاتە ناو چوارچێوەی بیرۆکراسی دەسـەڵاتو سەرهەڵدانی دژایەتی لە مەنتقی یەکپارچەو تەواوخوازی حکومەتی ئەوسا.

جـیـاوازی سـەرەکـی بـزووتـنـەوەی دیموکراتی پۆڵۆنیا لەگەڵ شۆڕشی مەجارستان ١٩٥٦ سەبارەت بە پرسی توندوتیژیی بوو، بزووتنەوەی هاوپشتیو لایەنگرانی دیموکراسی لە پۆڵۆنیا ناکۆکو دژبـوون لە بەرامبەر دەستبردن بۆ چەکو توندوتیژیی، ئەوان بەبێ بوونی ئامانجو پەیڕەوی سیاسی تایبەتی یان وابەستەیی لە ئامانجی حیزبێکی دیاریکراو بەهۆی گەڕانەوەیان بۆ پرسی مافەکانی هاوڵاتی، شێوازێکی تازەیان لە هۆشیاری لە پۆڵۆنیاو تەواوی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات داهێنا، مانای ڕاستەقینەی هاوڵاتییانی ئەم بزووتنەوەیە لەناو دروشـمو ئامانجەکانی شاری (گدانسک)دا بە ڕۆشنی دەبینرێت، ئەوان بەبێ خواستی بەشداریکردن لە دەسەڵاتی حکومەتو بە داکۆکیکردن لە بنەماو مافەکانی هاوڵاتی، شێوەیەکی تازەیان لە سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی دیموکراسیدا پایەڕێژی کرد، ئەگەر شارەزا بین لە بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی دانووسانەکانی گدانسک لەساڵی ١٩٨٠، بە جوانی ئەوە دەبینین کە سوربونی (لیخ فالیسا)و کرێکارانی هاوپشتی تەنیا بۆ دامەزراندنی سەندیکاو ڕێکخراوی جەماوەری نەبوو، بەڵکو مەبەستیان زیاتر لە (ڕزگارکردنی پۆڵۆنیا) بوو لە بێ مافی، بەمجۆرە پرسی سەرەکی بۆ لایەنگرانی دیموکراسیو هەڵسوڕانی بزاڤی هاوپشتی، بەدیهێنانی کۆمارێکی خودسامانی خەڵکی بوو کە لەسەر گەشەکردنی بنەمای (ئۆتۆنۆمی)و خۆبەڕێوەبردن بوو لەهەموو بوارەکانی فەرهەنگو پەروەردەو ئابووریدا، پێشنیازی سەرەتایی هاوپشتی، بەڕێوەبردنو نوێکردنەوەی ئەو بەشانە بوو لە پێکهاتەی هەژموونخوازی حکومەتی کۆمۆنیستی کە توانای بەڕێوەبردنو کارسازییان لەدەستدا بوو، هەرچەندە بزووتنەوەی هاوپشتی لە سەرەتای دامەزراندنی سەندیکای کرێکاری بوو کە بۆ مافی چینایەتی خۆیان خەباتیان دەکرد، بەڵام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی مەدەنیبوونە ئەو پەیامە سیاسییە گرنگانە کە تەواوی پۆڵۆنیاو ئەوروپای خۆرهەڵاتی گرتەوە، لەڕاستیدا بزاڤی هاوپشتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بـوو کە یارمەتیدەر بـوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای فرەییو دیموکراتی لە پۆڵۆنیا، شایانی باسە تا سەردەمی دامەزراندنی (هاوپشتی) لە ئابی ١٩٨٠، زۆرێک لە نەیارانو ڕەخنەگرانی ڕژێمی کۆمۆنیستی پۆڵۆنیاو هەموو ئەوروپای خۆرهەڵات، لەدایکبوونی کۆمەڵی مەدەنییان بە هیوایەکی دوورو ئامانجێکی نارۆشن دەزانی، بەڵام بزووتنەوەی هاوپشتی بە خۆناساندنی بزاڤێکی نیشتمانیو گشتی، توانی هەموو کـەسو لایەنەکانی دژی حکومەتی کۆمۆنیستی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو کۆمەڵگای دابەشکرد بۆ دوو جەمسەری حکومەتی سەربازییو دیکتاتۆرو کۆمەڵگای ئاشتیخوازو دادپەروەر، سەرئەنجام سـنـووری ئەخلاقییان لەنێوان خۆیانو لایەنگرانی دیکتاتۆری دیاریکرد.

بیرمەندان بڕوایان وایە بزاڤی دیموکراتیکی (هاوپشتی) سیاسەتێکی دژی سیاسەت بوو، چونکە بە گومانو پرسیاریان دەربـارەی پێکهاتەی دەسەڵاتخوازو نادیموکراتیکی کۆمۆنیزم لە ئەوروپای خۆرهەڵات، بنەماو پرسی بزاڤێکی سیاسی نوێیان خستەڕوو کە تا ئەمڕۆ سەر مەشقی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییە بۆ زۆرێک لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی جیهان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣
ژمارە: ٤٥١/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ ناصر عبدالحسين مجلى شهيب
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٦) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
محمد محمد شريف

---

ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی
غرفة تجارة و صناعة السليمانية
ژمارە: ٤٣٤١
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٣
بەڕێز کۆمپانیای (فائق معروف مصطفى) داوای تۆمارکردنی نیشانەی نیشاندراو خوارەوەی کردوە لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٧ بۆ بەرهەمی (مواد و مستحضرات للغسيل بصابون، مستحضرات للتنضيف و الصقل وازالة البقع الشحمية، الروائح العطرية و الزيوت لروحية والمواد الزينة (كوزماتيك) محلول للشعر)
هەرکەس و لایەنێک ناڕەزامەندە لە تۆمارکردنی ئەم نیشانەیە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە سەردانی ژوورەکەمان بکات بۆ پێشکەش کردنی ناڕەزایی بە پێچەوانەوە بەردەوام دەبین لە تۆمارکردن.
عبدالله محمد أمين خدر
تۆمارکاری نیشانەی بازرگانی

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی
ناوچەی هەولێر
دادگای بەرایی هەولێر/ ١
حكومة اقليم كوردستان
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف
منطقة اربيل
محكمة بداءة اربيل/ ١
جاردان
ژمارە: ١٧٩٦/ب/١/٢٠٠٧
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٢
بۆ/ داوالێکراوان:
١) روفائيل دنحا بطرس. ٢) سالم دنحا بطرس. ٣) خالدة دنحا بگرس.
٤) بطرس دنحا بطرس. ٥) خالد دنحا بطرس. ٦) حسام عزيز دنحا.
٧) وسام عزيز دنحا. ٨) ان عزيز دنحا. ٩) بهار بهنان دنحا.
١٠) حبيب گورگيس.
بڕیاری ژمارە (١٧٩٦/ب/١/٢٠٠٧) دەرهەقتان دەرچووە لە دادگای بەرایی هەولێر/ ١ بە مەبەستی نەهێشتنی هاوبەشی (إزالة الشيوع) لەسەر مولکی ژمارە (٢٠٦ م٥ عەنکاوە)، و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری ناحیەی عەنکاوە (سەلیم منصور شابو) لە (٢٠٠٨/٧/١)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بە مەبەستی تانە لێدان لە بڕیاری سەرەوە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
لەگەڵ ڕێزدا...
دادوەری یەکەم
سامح عثمان يونس

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣
ژمارە: ٤٥١/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٩
ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ ناصر عبدالحسين مجلى شهيب
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٦) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.

دادوەر
محمد محمد شريف

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن/ ٣
ژمارە: ٣/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١١
ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ شعلان فواز محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١ ف١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٨) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.

دادوەر
محمد محمد شريف

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ١٤٢٧/ج/٢٠٠٨
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٣/٨
بۆ/ تاوانبار هيثم نعيم ثنان
بابەت/ ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٦ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ( )وە بڕیار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٢١ لە یاسای هاتووچۆ
حوکم درا بە سەرتا بە شەش مانگ (٦)
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.
دادوەر
عادل محمد توفيق

---

دادگای باری کەسێتی لە پشدەر
ژمارە/ ٣٨/ش/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٣
ئاگانامە
داواکار/ بهار محمد رسول
داوالێکراو/ پيروت بايز حمد
بۆ داوالێکراو/ پيروت بايز حمد
بۆ داوالێکراو پيروت بايز حمد کە ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە..
ئاگادارت دەکەینەوە کە دادگا بڕیاری خۆی دەرکرد لە داوای ژمارە (٣٨/ش/٢٠٠٩) کە لەلایەن هاوسەرەکەت (بهار حمد رسول) تۆمار کرابوو لەسەرت، وە دادگا بڕیاریدا بە ڕاستاندنی تەڵاقی دەرەکی کەوتوو کە خۆت لە بەرواری ٢٠٠٩/٢/٣ هاوسەرەکەت لە دەرەوەی دادگا تەڵاق دابوو، لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، دادگا بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە بە ناوەڕۆکی بڕیارەکە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ، ئەگەر لە ماوەی یاسایدا هەڵنەستی بە تانەلێدان یان پێداچوونەوەی بڕیارەکە ئەوا بڕیارەکە پەلەی کۆتایی وەردەگرێت بە هەفت بەپێی یاسا.

دادوەر
اسماعيل عمر احمد

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ١
ژمارە/ ٦٦/كشف مستعجل/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٩

ئاگاداری

داواکاری کەشف/ فلاح حسن محمد بەڕێوەبەری ڕێپدراوی کۆمپانیای فلاح حسن محمد لە سەرو کارەکەیەوە
بۆ داوا لەسەر کراوی کەشف/ ريموند عازار
داواکاری کەشف ئەم داوایەی لەسەر تۆ تۆمار کردووە لەبەر ئەوەی داواکار هەڵساوە بە کاری بنای سیاج و مسلح لە پرۆژەی دێی لوبنانی لەگەڵ دابین کردنی هەموو ئامێرو پێداویستی ئەو کارە لەگەڵ مۆلیدەی کارەبایی وە تۆ هەڵساوین بە گۆڕانکاری و ئەمەش بۆتە زیان گەیاندن بەو ئامێرو کەل و پەلانەی کە لەو پرۆژەیە دایە بۆیە داوای جێگیرکردنی باری ئێستا دەکات، وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٤ لەم دادگایە ئامادە بیت بە پێچەوانەوە بە غیابی دادبینی دەکرێت.

دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر
ژمارە: ٢٠٧/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٧
(ئاگانامە)
داواکار/ حسن قادر احمد لەبری کورە ناکامەکەی (حسين)
داوالێکراو/ ڕاستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (حسن قادر احمد) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر ڕاستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی کوری ناکامی لە حسين بۆ شێخ جەنگی.
وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی ڕێگرتنی هەیە لەم ناوگۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە پاش ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەم ڕۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سركوت عونى عمر

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر
ژمارە: ٢٠٦/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٧
(ئاگانامە)
داواکار/ ناجيه حسن قادر
داوالێکراو/ ڕاستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (ناجيه حسن قادر) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر ڕاستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی خۆی لە ناجيه بۆ سورمە.
وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی ڕێگرتنی هەیە لەم ناوگۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە پاش ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەم ڕۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.
دادوەر
سركوت عونى عمر

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی
ناوچەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای بەرایی چەمچەماڵ
ژمارە: ـ ٢٩١/ب/٢٠٠٩
بەروار: ـ ٢٠٠٩/٥/٢٠
ئاگاداری
داواکار (هاوار أحمد فتاح) داوایەکی تۆمار کردووە لە دادگاکەمان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی باری شارستانی چەمچەماڵ وێرای کارەکەی بۆ گۆرینی ناوی کورەکەی لە هاوکار بۆ شکۆ، بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی، بۆیە بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە جا هەر کەسێک لاری هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە، بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێت بەپێ یاسا.
لەگەڵ ڕێزدا...
الحاكم
شوان حبيب صالح

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com
بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com
دەستـــەی نووســـەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

www.netewe.com

# یەکێتی لە تازەترین بڕیاری گەڕانەوەیدا بۆ دواوە



شیروان محەمەد ئەمین

**(یەکێتی تیپەکانی دروستدەکاتەوە)**

ئەوەی سەرەوە سەردێری هەواڵێکی سایتی چاودێر سەر بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، کە لە هەواڵەکەدا هاتووە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی بڕیاریداوە تیپەکانی پێشمەرگە وەک سەردەمی خەباتی شاخو لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان دروستبکاتەوە، چاودێر لەسەر زاری سەرچاوەیەک لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نووسیویەتی «ئەو تیپو مەفرەزانە هەمان تیپو مەفرەزەکانی جارانن‌و بەهەمان ناوەوەن، ژمارەیان لە دە هەزار پێکدێت‌و بە جلو تفاقی پێشمەرگانەوە دەچنەوە ئەو شوێنانەی کە سەردەمی شۆڕشی شاخ خەباتیان تێدا کردووە، ئۆتۆمبێل‌و چەکیان بۆ دابیندەکرێت».

لێرەدا چەند پرسیارو لێکدانەوەیەکی جیاواز لەسەر ئەو هەواڵە دروستدەبێت، یەکێتی بۆچی بڕیار لەسەر گەڕانەوە بۆ دواوە دەدات لەجیاتی ئەوەی زیاتر گرنگیی بە قەڵەم بدات، گرنگیی بە هێزی سەربازیی دەدات؟ ئایا بارودۆخی ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ناوخۆ یان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، جێگای مەترسییە تا پاشکۆیەکی دیکەی هێزی سەربازیی پێکبهێنرێت؟ ئەگەر دوای هەڵبژاردن ئەو بڕیارەی مەکتەبی سیاسیی نەچووە خانەی جێبەجێکردنەوە کە لەئێستادا بەڵێن بە (١٠) هەزار خەڵک دەدرێت بکرێن بە مووچەخۆر، ئەوکات ئاشکرا دەبێت هەواڵەکە ئەفسانەی چاودێری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بووە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاستە بۆچی چاودێر بەشێوەیەکی روونتر باسی نەکردووە تا بزانین ئێمەی گەنج دەتوانین سوودمەندبین لەو بڕیارە یان مەرجەکانیان چییە، ئایا هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە پێشمەرگەی دێرین‌و دانەبڕاوی یەکێتی نیشتمانین؟ بەبڕوای من بە هەردوو شێوەکە بڕیاری لەوجۆرە هەڵەیە، چونکە بەکارهێنانی توانای گەنج بۆ سەربازیی، دەبێتە مایەی تەمەڵی‌و دواکەوتنی توێژی گەنجی ئەمڕۆ لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا، هەروەها ئەگەر بڕیارەکە تەنیا بۆ پێشمەرگەی دێرین بێت، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی هەڵەیەکی مێژوویی دەکات، چونکە ئەوەی لەساڵانی حەفتاکاندا تەمەنی (٣٠) ساڵ بووە، ئێستا تەمەنی بووەتە (٦٠) ساڵ، کەواتە بەرەو پیریی‌و پەککەوتن چووەو هێزی پێشمەرگایەتی نەماوە.

بۆیە دەخوازم مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەجیاتی چەک، گرنگیی بە ڕاگەیاندن بدات بەشێوەیەک لە دەرەوەی وڵات ڕاگەیاندنی کوردی کێشەکان بخاتە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ بەرچاوی جیهان، ئەوەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە نەک حیزب، هەنگاوی بۆ بنرێت، وەک ئەوەی کە پێشەوایی کۆمەڵی ئیسلامیی، شێخ محەمەد بەرزنجی ساڵی ڕابردوو بە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی وت: «ئەو پارەیەی جاران بۆ مەکتەبی عەسکەری خەرج دەکرا، دوای نەمانی مەکتەب عەسکەری ئێستا بۆ مەکتەبی ڕاگەیاندن خەرجی دەکەین»، هەروەها کە کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ساڵیادی گۆڤاری گەلاوێژ لە شاری هەولێر، وتی: «پێویستە خەباتی شار بە جیاواز لە خەباتی شاخ گۆڕانی بەسەردابێت‌و گرنگیی بە ڕاگەیاندن بدرێت».

بۆئەوەی میللەتێکی خاوەن بڕیارمان هەبێت، نەک میللەتێکی لاوازو بێ بڕوا، ئەوەش بە بایەخدان بە بواری ڕۆشنبیریی‌و فەرهەنگ‌و کلتووریی دەکرێت.

خۆزگە یەکێتی نیشتمانی‌و هەموو پارتە کوردستانییەکان بۆئەوەی بیسەلمێنن زیاتر حەز بە دیموکراتی‌و ئازادیی‌و پێشکەوتن دەکەن، لەجیاتی ئەوەی بیر لە پاشکۆی سەربازیی بکەنەوە، ئەو دە هەزار پێشمەرگەیەی بەنیازن چەکدار بکرێن، دەستیان بە پێنووس بکرێت‌و خولی زانستی‌و ڕۆشنبیریان بۆ بکرێتەوە، هەوڵبدەن شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریی، ڕۆشنبیرتر بکەن، چونکە ئەو پارەیەی لەوبوارەدا خەرج دەکرێت، جگە لەوەی دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە ئابووریی وڵات‌و گومانی خەڵک لە مەترسییەکانی شەڕی ناوخۆ هەرگیز جێگای متمانەی خەڵک نییە، بتوانێت بەرامبەر هێزی سەربازیی تورکیاو ئێران بووەستێت کە چەند ساڵێکە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆردوومان دەکەن.

Sherwan148@yahoo.com

# ئایا کەرەستەکانی دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتیک لە کوردستاندا، لەبەردەستدا نین؟



ئازاد عەلی ساڵح

## تەنیا (١٨) ساڵ:

ئەندامانی باڵادەستی سەرکردایەتی‌و مەکتەب سیاسیی‌و وەزیرو پەرلەمانتارە حیزبییەکان‌و کارمەندە پایە بڵندەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و بەشێکی زۆری ئەوانەی لەنێو بازنەی داخراوی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا چەقیان بەستووە بۆ پاراستنی کورسی‌و ئەو دەسەڵاتە بەساڵاچووەی خۆیان، زۆرجاران بێ بیرکردنەوەو بێ قولبوونەوە لە لۆژیکی گوتاریان، دێنە گۆو دەیانەوێت خەڵک بە لاڕێدا ببەن‌و ڕاستییەکان لێڵ‌و تەماوی بکەن، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان گومانی ڕەهایان لە ڕەوایەتیی یاسایی دەسەڵاتی کوردییەو متمانەو باوەڕیش لەنێوان هەردوولادا (خەڵک- حکومەت) بەرەوکاڵبوونەوە دەچێت، دیارە ئەم لێکدابڕانە دەرهاویشتەی چاودێریکردن خوێندنەوەی خەڵکە بۆ ئەو دۆخە سیاسییە نائارام‌و دژوارەی کە دەسەڵات لەماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا ڕەنگرێژی کردووە، ئاخر لە چ سەرزەمینێکی ئەم جیهانە حکومەتێکی دیموکراتیکی ڕاستەقینەی هەڵبژێردراو، (١٨) ساڵ چنگی لە دەسەڵات گیر کردووەو لەگەڵ حیزب‌و قەوارە سیاسییەکانی هاوشوێنی خۆیدا دەسەڵاتی دەستاودەست‌و دابەش نەکردووە؟

خەڵکی کوردستان چەندەها ساڵە چاوەڕوانی وەرچەرخان‌و گۆڕانی ڕیشەیی دەکات لە بیرکردنەوەو هەڵوێست‌و سیاسەتی کارەکتەرەکانی نێو ئەم دەسەڵاتە، خەون دەبینن بە دەستکاریکردن‌و باشترکردنی ئەو سیستەم‌و سترەکچەرە حکومڕانییە نادیموکراتیکەی کە هەردوو حیزب بە دیموکراتیکی دەزانن، لەبەرامبەر ڕەخنەو پرسیارە جدییەکانی خەڵکیشدا، ئەوان لە گۆشەنیگاو بەرژەوەندی زۆر تایبەتی خۆیانەوە وەڵام دەدەنەوە، سەدان جار باسیان لە ڕەگەزی (کات) کردووەو پێیانوتوین کە خەڵکی کوردستان زۆر لە مێژ نییە ئاشنا بووە بە چەمک‌و ماناو گریمانەکانی دیموکراسی، کەمئەزموونە لە بواری دامەزراندنی دامەزراوە مەدەنی‌و سیاسیی‌و دیموکراتیکەکان. بەلێشاو قسەیان لەسەر ساوایی‌و دەلەمەیی ئەزموونی حوکمڕانی خۆجێیەتی کردووە، حاکمەکانی نێو ئەو حکومەتە پاش (١٨) ساڵ لە فەرمانڕەوایی، خۆیان پیربوون، کەچی پێیانوایە حکومەتەکە هێشتا کۆرپەلەیەو لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، لە هەر شوێنێک دەنگێکی ڕەخنەگر بێدەنگی شکاندبێت‌و تیشکی خستبێتە سەر قەیرانە سیاسیی‌و ئابووریی‌و یاسایی‌و کارگێڕییەکان‌و باسی گەندەڵی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات‌و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی کردبێت، لە بەرامبەردا دەیان پەرچەکردارو وەڵامدانەوەی ئامادەکراوی سەرمۆری کات بەسەرچووی بەگژدا کراوەتەوە، کە لێوانلێو بووە لە سادەگۆیی‌و هەندێکجاریش لە هەڵچوون‌و دەمارگرژیی، بۆ خۆقوتارکردن لە بەرامبەر ڕەخنەو پێشنیازو پرۆژەکانی چارەسازیدا، یا خۆیان کڕ دەکەن، یا دێنە زمان‌و ئاماژە بۆ دوو هۆکاری (بابەتی‌و لاوەکی) دەکەن،(تەمەن کورتی حکومەتی هەرێم‌و پیلانگێڕی ناحەزان‌و نەیارانی ناوخۆو دەرەوە)، واتە ئەم دووانە هۆکاری (کات- ئەوانی دی) بە مانایەکی دیکە، هەموو فاکتەرو هۆکارە (خودێتی‌و ناوەکییە) ڕاستەقینەکانی پشتی سەرهەڵدانی کێشەو ئاڵۆزی‌و ناکۆکی‌و ناسەقامگیری سیاسیی‌و بێدادی‌و لەتلەتبوونی جومگەکانی پێکهاتە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەشارنەوە، وەک دەنکە حەبێکی هۆشبەر دەخرێتە ژێر زمانەوەو دواجار قوت دەدرێت.

دوای (١٨) ساڵ لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن‌و خودموختاریدا، کەچی وتەبێژەکانی نێو ئەم دوو حیزبەو زمانحاڵەکانی نێو ئەم حکومەتە لەمەڕ خۆمان دێن‌و پێمان دەڵێن (ئەزموونەکەمان هێشتا بنجبەست‌و بەرجەستە نەبووەو پێویستمان بە (کات)ی زیاترە تا لە پرۆسێسی دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتیک‌و دامودەزگا دیموکراتیکەکاندا سەرکەوتوو دەبین)، بەسەدان پاساوو بیانوی کرچوکاڵ‌و بێ ناوک‌و نائەقڵانی دێننەوەو دەیانەوێت قەناعەتمان پێبکەن کە ئەوەی ئەوان دەیڵێن‌و دەیجونەوە، تێگەیشتنێکە لەسەر بنەمای ئەزموونی سیاسی خۆیان‌و ئەزموونی سیاسیی گەلانی جیهان بەرهەمهاتووە، کاتێک کە خەڵکی کوردستان ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسیی‌و حیزبی‌و بەرپرسانی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەگرن‌و پێیانوایە ئەم (١٨) ساڵە کەم نەبووە تا بناغەی قەوارەیەکی سیاسیی‌و یاسایی‌و سیستمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراتیکی جێگیر دابمەزرایە، کەچی ئەوان هەندێکجار دێن‌و گوناهەکە فڕێدەدەنە ئەستۆی شەڕی ناوخۆی چەند ساڵەی خۆیان (کە لەڕاستیشدا هەروایە) ئەو قۆناغە بە کۆسپ‌و بەربەستی پێش گۆڕان‌و گەشەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری پێناسە دەکەن، جەخت لەسەر کاریگەری‌و دەرئەنجامە نەویستراوەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکەن، وەک ئەوەی ئەو (سەردەمەو ئەو زەمەنەی) کە بۆ ئەو شەڕانە تەرخانکرا، گوناهبار بێت نەک کاراکتەرەکانی نێو ئەو (مێژووەو ئەو زەمەنە)!

باشە کێ شەڕی خۆکوژیی‌و شەڕی کوشندەی دەسەڵاتگەرایی هەڵگیرساندو کێش بوو بە قوربانیی ئەو شەڕە قێزەون‌و ئێسک شکێنە؟ کە خەڵک باسی نەهامەتی‌و کوێرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارەو کاردانەوەی لەسەر ئەمڕۆو ئایندە دەکات‌و ڕەخنەی توند لەو مێژووە بێ شکۆیەی حیزبە بەگژ یەکداچووەکان دەگرێت،لەبەرامبەریشدا شەرکەرەکانی (دوێنێ)، ئەمڕۆ پێمان دەڵێن باسی ڕابردوو مەکەن‌و قەتماغەی برینەکان هەڵمەدەنەوەو دێرۆکمان بەگژدا مەکەن! لەهەمانکاتیشدا وەک پاساو هێنانەوەیەک بۆ هەڵمژینی تووڕەیی‌و ڕەخنەکانی خەڵک لەو حکومەتە شۆڕشگێڕەو لەو پەرلەمانە ئیفلیجە، زۆر بەسادەیی باسی شەڕی ساڵانی نەوەتەکان دەکەن‌و دەڵێن (یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەم دروست نەبوونی سیستمێکی دیموکراتیک‌و ڕیشەگیربونی دەسەڵاتێکی هاوچەرخی بەهێز)، کەواتە خەڵکی کوردستان بەرپرسیارە لە بەفیڕۆدانی (کات)و سامان‌و سەرچاوەی مرۆیی‌و ناوبانگ‌و پایەی سیاسیی کوردو دەستکەوتە نەتەوەییەکان، یا کۆنتراکتەرو لۆردەکانی شەڕو ئەندازیارانی ڕاگەیاندی چەواشەکاریی‌و خۆشکارانی ئاگری شەڕی ڕوزەردی؟

## (٦٠) ساڵ بەر لەئێستا:

کێ نرخ‌و بەهاو چەمکی دیموکراسیی‌و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ تیرۆر دەکات‌و ڕێگا نادات ببنە کلتورێکی چەسپاو لە هزرو بیرو دیدو جیهانبینی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەو لە ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و یاساییدا پراوەو پراکتیزە بکرێن؟


ئەگەر خەڵکی کوردستان لەسەرەتاییەکانی دیموکراسی تێنەگەیشتوون‌و ئاشنا نین بە قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەم سیستمە لە حوکمڕانی، وەک ئەوەی خۆتان بانگەشەی بۆ دەکەن، کە گوایە گەلانی ئەوروپا بەسەدان ساڵیان بڕیوە تا گەیشتوونەتە ئەم قۆناغەی ئێستایان، خۆ ئێوە لەکۆتایی چلەکاندا حیزبێک دروستدەکەن بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)و زۆربەشتان ئێستا لەژیاندا ماون، کەواتە نزیکەی (٦٠) ساڵ بەر لەئێستا لە کوردستاندا قسە لەسەر دیموکراسی کراوەو حیزبی بەناوەوە نراوە، گریمان خەڵکی سادەو نەخوێندەواری کوردستان ئاگایی سیاسیی‌و هۆشیاری دیموکراسییان لە ئاستێکی باڵادانییە،زانیارییان دەربارەی جاڕنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی پێویستدا نییەو بێ ئاگان لە فەلسەفەی سیاسیی‌و مێژووی گۆڕانکارییە سیاسیی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی جیهان‌و هەموو ئەو دەستکەوتە گرنگانەی کە لە بواری دروستکردنی دەوڵەتی (نەتەوەیی- مەدەنی)و حوکمڕانیدا بەدەستیانهێناوە، خۆ ئێوەی سیاسەتمەدارو سەرکردەو ئەندامە دەسەڵاتدارەکانی نێو حیزبەکان، مێژوویەکتان هەیەو تەمەنێکی زۆرتان لە بواری کاری سیاسیی‌و ڕێکخراوەییدا بەسەربردووە، لەدوای ڕاپەڕینەوەش لە بواری کاری دیبلۆماسی‌و تێکەڵاوبوون لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بەشداریتان کردووە، لە هەندەراندا ژیاون‌و چاوپێکەوتن‌و گفتوگۆتان لەگەڵ سەرۆک‌و سیاسەتمەدارانی حکومەتە دیموکراتیکەکاندا کردووەو ئاشنابوون بە کلتووری حکومڕانییان، کە ئەمانە هەموو دەبنە زەخیرەیەکی باشی ئەزموونی‌و مەعریفی‌و توانا بەهێزکردن، ئێ دەپێمان بڵێن لەچیتان کەمە؟

وەک ئەوەی خۆتان دەڵێن خەڵکی کوردستان پێویستی زیاتری بە (کات) هەیە بۆ خۆبەڕێوەبردن‌و فێربوون‌و ئەزموونکردنی دیموکراسی، باشە ئێوەش ناهۆشیارو کەمئەزموون‌و کەم مەعریفەن لەو بوارەدا، ئایا ئێوەش لە هونەری بەڕێوەبردن‌و دروستکردنی دامودەزگای جێبەجێکردن‌و دادوەریی‌و یاسایی دیموکراتیکدا کۆڵەوارن‌و لەماوەی (٦٠) ساڵی ڕابردوودا هیچ فێرنەبون؟ ئێ ئەگەر وایە، بۆ هێندە باسی ئەزموونی دیموکراسی کوردستانتان کردو گوێی ئێمەو خەڵکی دیکەشتان پێ کەڕ کرد، دەتانویست خەڵکی دەرەوەی کوردستان چاو لە ئێوە بکات‌و ئەم ئەزموونەی ئێرە هەناردەی دەرەوە بکەن بێ بەرامبەر!

من دەمەوێت پێمان بڵێن ئێمەی خەڵکی کوردستان لە دیموکراسی تێنەگەیشتووین یا ئێوە؟ ئەگەر ئێوە لە خەڵکی کوردستان بەئاگاترو بەتواناترو کاراترن‌و لە چەمک‌و بنەماکانی دیموکراسیی‌و حکومەتی دیموکراتیک تێگەیشتوون، کێ ڕێگرتان بوو پەرلەمانێکی چالاک‌و بەدەربەست‌و ئازاد دروستبکەن؟ دەسەڵاتێکی دادوەریی داکۆکیکارو دادپەروەرو دامەزراوەیی پێکبهێنن؟ کێ بەربەستتان بوو دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی جێبەجێکارو خزمەتگوزارو پڕ کار دروستبکەن کە هەموو کوردستان بە ماڵی خۆی بزانێت بەبێ جیاوازی‌و جیاکاریی ناوچەیی، بەیەکسانی سامانی ئەم خەڵکە بۆ خۆشگەزەرانی هەموان‌و ئاوەدانی‌و گەشەپێدان‌و پتەوکردنی ژێرخانی ئەم نیشتمانە بە کەرکوکیشەوە بەگەڕ بخات؟

هەر یەکێک لە کارمەندانی ئەم حکومەتە لە هەرە گەورەو بڕیار بەدەستەکانەوە تابچووکترین بەڕێوەبەر، دەتوانێت گۆڕانکاری ئەرێنی‌و خوازراو لە ژینگەی فەرمانگەکەی خۆی بکات‌و بیکات بە دەزگایەکی دیموکراتیک‌و خزمەتگوزار، بەو پێیەی دەسەڵاتی هەیەو بڕیار بەدەستەو (شیاوەو لە شوێنی شیاو دانراوە)! واتە ئەگەر مۆتیڤ‌و مەیل‌و ئیرادەتان هەبێت‌و دەستبەرداری سیاسەتی هەژمونگەری‌و (جوتڕەوی)و خودپەرستی‌و خێڵ پەرستی‌و خۆبەزل زانین بن، گومانی تێدا نییە شنەبای دیموکراسی لەسەری هەڕەمەکەوە بۆ خوارە بە ئەستونی هەڵدەکات‌و لە خوارەوەش بە ئاسۆیی لەناو یەکەکانی کۆمەڵگادا پەخش دەبێتەوەو جارێکی دیکە بۆ سەرەوە هەڵدەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەمەشتان پێ ناکرێت وەک ئەوەی نەتان کردووە، جا بەهەر بیانوویەک بێت لەو بیانووانەی کە پێشتر باسمکردن، ئەگەر هێشتا لە نۆرم‌و شێوازو بنەماکانی حکومەتی دیموکراتیک تێنەگەیشتوون‌و پێتانوایە کەرەستەکانی دروستکردنی ئەو حکومەتە لەبەردەستدا نییە، وا باشترە سیاسەتی پاوانخوازیی‌و قۆرخکاریی (جوت جەمسەری) هەڵبووەشێننەوە، لێگەڕێن با خەڵکی ئازادیی ویست‌و دیموکراتخوازانی کوردستان کۆمەکتان بکەن، با بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە بکەوێتە ئەستۆی ئەوان، بڕیاردانێکی عەقڵانی‌و بوێرانەو جوامێرانە لەپێناوی (بەرژەوەندی گشتی) هێند ئەستەم نییە، ئەگەر بەم خاکەوە بەسترابنەوەو ئەگەر ئەم نیشتمانە بە دایکی خۆتان بزانن، دەستبەرداری غەریزەی دەسەڵاتگەرایی‌و کەڵکەڵەی ستەمکاری بن، کۆنتڕۆڵی ئارەزووە ناڕەواو نادروستەکان بکەن‌و هەمیشە ئەم پرسیارە لە خۆتان بکەن، (ئایا من وەک مرۆڤێک، وەک کوردێک هەم یا نیم)؟ خۆبەکۆیلەکردنی (کات)و سستی‌و بێباکی لە دروستکردنی نەتەوەو پێکەوە گرێدانی خەیاڵی نەتەوەیی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە، لێدانە لە شوناس‌و ئاسایشی نەتەوەییمان، خەمساردیی‌و خۆدزینەوە لەدروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتیکی (نەتەوەیی- مەدەنی)، کە تێیدا مرۆڤی ئەم هەرێمە دەنگی هەبێت‌و هەست بەبوون‌و هاوڵاتیبوونی خۆی بکات‌و ماف‌و کەرامەت‌و شکۆی پارێزراو بێت‌و ئازاد بژی، بەشداریکردنە لە کوشتنی ڕۆحی نەتەوەییمان، خۆگێلکردن‌و بەهەند وەرنەگرتنی ئەو ئەرکە ئەخلاقییانە، گەورەترین ستەمەو هیچی کەمتر نییە لەو ستەمکارییەی کە دژ بە خەڵکی کوردستان کراوە لە ڕابردوودا.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ناونیشانی ئەم بابەتەی هەڵگرتووە ئێمە دەڵێین (جگە لە ئێوەی بەڕێز کەم کەس هەیە نکۆڵی لە لەبەردەستدا نەبوونی کەرەستەکانی دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتیک بکات)، لەڕووی تیۆری‌و تێکستەوە، گوشراوەی بیرکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری بیریاران‌و فەیلەسوفان‌و ڕووناکبیران‌و سیاسەتمەدارانی جیهانمان پێ بەخشراوە، پەیماننامەو ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بڵاوکراوەکانی مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکامان لەبەردەستدایە، سەرباری لەبەردەستدا هەبوونی ئەزموونی خۆمان، هاوشان بەشێکی زۆری ئەزموونی حوکمڕانی‌و مێژووی گەلانی ئازادیخوازی ئەم جیهانە وەک هێلکە پاککراوەو دەتوانین دەستی بۆ بەرین، ئەی کەواتە کێشەکە لەکوێدایە؟ لەکێدایە؟!.













چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

ڕۆژنامە
خەڵک
٨ لاپەڕە
xalk.rozhnama@gmail.com
یەکشەممە 2009/5/24
ژمــارە (474)

چەند ڕێکخراوێک پلانێکی دە ساڵیی بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دادەڕێژن

ل ٢

دووسایدکردنی شەقامێک نارەزایی لێدەکەوێتەوە

ل ٢

# ١٠٠٢ گوند لەهەرێمدا قوتابخانەیان نییە


ل ٣



فۆتۆ: عەدنان مەلا ساڵح

# هیچ شوێنێک نییە بۆ لەخۆگرتنی منداڵە مەنغۆلەکان

ل٤



سۆز عەبدولقادر:


## ئەنجوومەنی پارێزگا بووەتە بەدیلی وەزارەتەکانو لە جیاتی ئەوان پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ئەنجامدەدات

ل٧

دەیان ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە

## پڕۆژەکانی کۆیە شکستدەهێنن

ل ٥



# ١٠٠٢ گوند لە هەرێمدا قوتابخانەیان نییە

ئارام شێخ وەسانی

**هەولێر**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردەدات هەنگاوەکانی چڕتربکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی سیستمی نوێی خوێندنو کار بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەکە بکات، بەڵام چەند گرفتێک بوونەتە رێگر لەبەردەم پرۆسەکەداو تائێستاش نەتوانراوە چارەسەربکرێن، سەرەکیترین گرفتیش کەمیی بینای قوتابخانەو خوێندنگایە لەسەرجەم شارەکانی هەرێمدا.**



## به دروستکردنی (٣) هەزار قوتابخانە سیستمەکە سەرکەوتوو دەبێت

بەپێی سیستمی نوێی پەروەردە، پێویستە ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا کەمبێتو قوتابخانەکانیش بەجۆرێک بن کە قۆناغی بنەڕەتی (٩) پۆلی بێت، بەڵام دوابەدوای سەردانێکی مەیدانیی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ شارو شارۆچکەکانی هەرێم، دەرکەوتووە کە گرفتی کەمیی بینا رێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی سیستمەکەدا، چونکە بۆئەوەی کێشەی بینا چارەسەر ببێتو سیستمەکە سەرکەوتووبێت، «پێویستە زیاد لە (٣) هەزار قوتابخانە لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمدا دروستبکرێن».

زرار تاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای سەردانە مەیدانییەکانی لیژنەکەمان بۆ شارو شارۆچکەکان، هەستمان بە کێشەی کەمیی بینای قوتابخانە کرد، بۆیە خۆم سەردانی وەزیری پەروەردەم کرد، چونکە بەپێی ئامارەکان بۆم دەرکەوت کە (١٠٠٢) گوند لە کوردستان قوتابخانەیان هەر نییە، (١٦٣٧) قوتابخانەش (٢ یان ٣ یان ٤) دەوامی تێدا دەکرێت، ئەوانەش لەگەڵ سیستمی نوێی پەروەردەدا ناگونجێن».

زرار تاهیر باسی لەوەکرد کە پێویستە قوتابخانەی (٩، ١٨، ٢٧) پۆلی دروستبکرێت، کە کۆی گشتیی بودجەی پێویست بۆئەوەی ئەو قوتابخانانە دروستبکرێنو کێشەی کەمیی بینا نەمێنێت لە سیستمی خوێندندا، بریتییە لە بڕی (١) ملیارو (٦٣٣) ملیۆنو (١٢٦٥٦٥) دۆلار.

هەرچەندە ئەو ئامارانە چەند مانگێک لەمەوبەر ئامادەکراونو ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بۆئەوەی گرفتی کەمیی بینا بەتەواوی چارەسەربێت، پێویستی بە بودجەو کات هەیە، هەروەک سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان وتی: «وەک ئەوەی من ئاگاداربم دەستکراوە بە دروستکردنی بیناو چەندین قوتابخانە لە دروستکردندان».

جەلالەدین سدیق، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک، لە دیداریکی پێشووتری لەگەڵ رۆژنامە، باس لەوەدەکات کە کەمیی بینا گرفتی سەرەکیی سیستمی نوێی خوێندنە، بەڵام وەزارەت چارەسەرێکی مامناوەندیی دۆزیوەتەوە ئەوەش بەپێی گونجانو شوێنەکان، جەلالەدین دەڵێت: «لە سیستمی تازەدا دەبێت قوتابخانەکان (٩) پۆلی بن، واتە قوتابخانەکان لە (٦) پۆلییەوە بکرێن بە (٩) پۆلی، ئەمەش گرفتێکە، چونکە دەبێت هەموو ئەو قوتابخانە شەش پۆلیانە گۆڕانیان بەسەردا بێتو فراوان بکرێن»، ئەوەش روونده‌کاتەوە کە بۆئەوەی سیستمی نوێ بەتەواوی جێبەجێ بکرێت لە سنووری پارێزگای دهۆکدا، پێویستی بە دروستکردنی (٣٣٤) بینای نوێی قوتابخانە هەیە، جگە لەوەی «کەمیی ژمارەی مامۆستای پسپۆڕ گرفتێکی دیکەی سیستمەکەیە».

**زرار تاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان:**

**(١٦٣٧) قوتابخانە (٢ یان ٣ یان ٤) دەوامی تێدا دەکرێت، ئەوانەش لەگەڵ سیستمی نوێی پەروەردەدا ناگونجێن**

## قوتابخانە سێ دەوامییەکانی خولەکانی نەخوێندەواریی

سەرباری ئەوەی زۆرینەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کێشەی کەمیی بینای قوتابخانەیان هەیەو بەشێکی زۆری قوتابخانەکان رۆژانە سێ دەوامی تێدا دەکرێت، خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریش کێشەکەیان زیاترکردووە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، ئەوە روونکراوەتەوە کە (٥٤) قوتابخانە هەیە کە رۆژانە (٣) دەوامی تێدا ئەنجامدەدرێت.

زرار تاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەوەکردەوە کە بەپێی ئامارەکانی کە ئامادەیان کردووە «(١٦٣٧) قوتابخانەش (٢ یان ٣ یان ٤) دەوامی تێدا دەکرێت، ئەوانەش لەگەڵ سیستمی نوێی پەروەردە ناگونجێن».

لە پلانی وەزارەتی پەروەردەدا چەند ساڵێکە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریی دەستی پێکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش جارێکی دیکە دەوامێکی دیکە، جا شەوانە بێت یا رۆژانە کراوەتەوە، چاودێران پێیانوایە ئەوەش هێندەی دیکە کێشەی کەمیی بینای زیادکردووە، ئەگەرچی نەهێشتنی نەخوێندەواریی بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت، بەڵام بۆ هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریی هەمان گرفتی بینا هەیە کە بۆ خوێندنی گشتی هەیە.

لە یادی رۆژی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، وەزارەتی پەروەردە لە ١٢/٢٢ی ساڵی رابردوودا روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە «بەپێی رووپێوی ساڵی ٢٠٠٠ی وەزارەتی پەروەردە، لە هەریەک لە پارێزگای هەولێرو دهۆکدا ٣٤٪ی هاوڵاتییان نەخوێندەوارن، هەروەها ٢٧٪ی هاوڵاتییانی سنووری سلێمانی نەخوێندەوارن»، لە روونکردنەوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە هەوڵدەدرێت لە ساڵی ٢٠١٥دا کوردستان خاڵی بێت لە نەخوێندەواریی، هەروەها چەند ساڵێکە هەوڵێکی زۆر دەبینرێت بەمەبەستی گۆڕان لە سیستمی پەروەردەو کاراکردنی سیستمی خوێندنو کەمکردنەوەی رێژەی بەرزی نەخوێندەواریی، بەڵام ئەو هەوڵانەی حکومەت ئەگەرچی بەشێکیان ئەنجامی باشیان هەبووە، بەشێک لە پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە بوونەتە هۆکارێکی گەورە بۆ دروستکردنو گەڕانەوەی دەرفەتی خوێندن بۆ سەدان گەنجو پیر، لە رێگای خولی نەهێشتنی نەخوێندەوارییو خوێندنی خێراو تاقیکردنەوەی دەرەکیو ئاسانکارییەکان بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام چەندین ئامار خراونەتەڕوو وەک لە روونکردنەوەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە (٢٨٣١٨٠) تائێستا بەهۆی بەشداریکردنیان لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییدا، رزگاریان بووە لە نەخوێندەواریی، هەروەها لە خوێندنی خێرا (٨٧) خوێندنگا کراوەتەوە کە قوتابی بە (٥) ساڵ، (٩) ساڵی قۆناغی بنەڕەتی تەواودەکات.

لەگەڵ ئەوانەشدا بەشێک لە مامۆستایان لە سیستمی نوێ نیگەرانو پێیانوایە کە ئامادەکاریی تەواو نەکراوە پێش جێبەجێکردنی سیستمەکە، بەتایبەت لەڕووی کەمیی مامۆستاو نەبوونی بیناو چەندین کێشەی دیکە.

بەپێی پێشبینییەکان ئەگەر کێشەی کەمیی بیناو مامۆستای پسپۆڕ چارەسەر نەکرێت، ئەوا گرفتی گەورە بۆ بەردەم سیستمی تازەی خوێندن دروستدەبێت.

## بەهۆی سەروەر نەبوونی یاساوە

# چەند ڕێکخراوێک پلانێکی دە ساڵیی بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دادەڕێژن

**سامان بەشارەتی**

چەند ڕێکخراوێک پلانی دە ساڵیی بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دادەڕێژن، ئەوەش بەهۆی سەروەر نەبوونی یاساوە.

کەریم سەلیم، ڕێکخەری کۆبوونەوەی چوارەمی گشتی دارشتنی پلانی بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی نەبوونی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان، چەند ڕێکخراوێک بەهاوکاری باڵیۆزخانەی ئەمریکا پلانێکی دە ساڵیی دادەڕێژن بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان.

پێنجشەممەی رابردوو لە هۆڵی (شەهید سەعد عەبدوڵڵا) لە شاری هەولێر، ڕێکخەری چاودێری یاسایی هەرێم (RLO) ڕەوشی سەروەریی یاسای لە هەرێمی کوردستان تاووتوێکرد، بەهاوکاری باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان (RRT)و پرۆگرامی پەرەپێدان لە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP).

ڕێکخەری گشتی پلانی دە ساڵەی بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان، باسی لەوەکرد کە دانیشتنەکەیان چوارەمین کۆبوونەوە بووە بۆ قسەکردن لەسەر بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان، وتیشی: «دەمانەوێت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بیانییانەدا پلانێکی دە ساڵیی بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا دابڕێژین لە هەرێمی کوردستان، چونکە وەک هەموومان دەزانین لە هەرێمی کوردستان سەروەریی یاسا نییە».

کەریم سەلیم، ئاماژەی بەوەشکرد کە زیاد لە (٤٠) بەشداربووی بیانی کە پسپۆڕن لە سەروەریی یاسا لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون، بۆئەوەی پلانێکی دە ساڵیی بۆ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا دابڕێژن بۆ هەرێمی کوردستان، «تا دەسەڵاتو هاوڵاتییانیش فێربکرێن چۆن ڕێز لە سەروەریی یاسا بگرن، دانیشتنەکەش لە شەش گرووپی (دادوەریی، دادیی، فێرکردن، ناوخۆ، دەسەڵاتەکانو ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەکان) پێکهاتوون، کە هەریەکەیان راپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن لەسەر چۆنیەتی سەروەریی یاساو گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەم راپۆرتانەش لە کۆنفرانسێکدا دەخرێتەڕوو».

# دووسایدکردنی شەقامی ناو بازاڕی کۆیە نارەزایی لێدەکەوێتەوە

**ئاری سابیر**

**دووسایدکردنی شەقامی سەرەکی ناوبازاڕی کۆیە، شۆفێرانی تاکسی کۆیەو هەندێک لەهاوڵاتییان نیگەران دەکاتو پێیانوایە ئەو شەقامە لەتوانایدا نییە بکرێتە دووساید، رەخنەی ئەوەش دەگرن، کە پارکێک نییە بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل، سەرۆکی شارەوانی کۆیەش دەڵێت: «بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی شەقامەکەمان کردووەتە دووساید، رەنگە لەداهاتوودا بیشیکەینەوە بەیەک ساید».**



شەقامی ناوبازاڕی کۆیە

سامان محەمەد (٣٠ساڵ)، شۆفێری تاکسییە لەکۆیە، باسی لەوەکرد کە بەهۆی ئەو دووسایدکردنەی شەقامی ناو بازاڕەوە پۆلیسی هاتوچۆ ڕێگەیان پێنادات بوەستن، وتی: «ئەو شەقامە پێشتر یەک ساید بوو قەرەباڵغییەکی زۆر دروست ببوو لەسەری بەتایبەت ئێواران، ئێستا شارەوانی کردوویەتییە دووسایدو شەقامەکەش زۆر بچوک بووەتەوەو پۆلیسی هاتوچۆش ڕێگە بەئێمە نادات بوەستین بۆکاری نەفەرات، ئەمەش وایکردووە کارو داهاتمان کەمبێتەوەو کاریگەری لەسەر بژێویمان هەیە».

هێمای بەوەشکرد، کە دەیان شۆفێری تاکسی قەزاکە ژیانیان لەسەر ئەو کارکردنەو ئەو برە پارەیەیە کە ڕۆژانە دەستیان دەکەوێتو وتیشی: «هیچ مووچەیەکی دیکەمان نییە، ئەگەر لەناو بازاڕ نەوەستین کرێی بەنزینەکەشمان دەست ناکەوێت، هەق وایە لایەنە پەیوەندیدارەکان کاتێک پرۆژەیەک ئەنجام دەدەن بیر لەژیانی ئەو خەڵکە بکەنەوە».

کۆیە لەساڵی ١٩١٨ بووەتە قەزا، بەشێک لەشەقامەکانی لەساڵەکانی (٧٠)ەوە دروستکراونو لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، ڕێژەی دانیشتووانی کۆیە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووەو ئێستا زیاتر لە (٦) هەزار ئۆتۆمبیل لەناو قەزاکەدایە، بەڵام تائێستا شەقامێکی ئەوتۆی نوێ دروستنەکراوەو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیانەوێت شەقامی ناوبازاڕ بکەنە دووساید.

شۆفێرانو بەشێکی ئەو هاوڵاتییانەی هاتوچۆی بازاڕ دەکەن رەخنەی ئەوە دەگرن، کە لەناو بازاڕی کۆیەدا گەراجێکی گەورە نییە بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل، هەموو ئۆتۆمبیلە تایبەتو تاکسییەکانیش ناچارن لەسەر شەقامەکە بوەستن، بەشێکی هاوڵاتیانیش رەخنەی ئەوە دەگرن کە شەقامەکە هێندە بەرفراوان نییە کە بکرێتە دووساید.

ئازاد حسێن، شۆفێرێکی دیکەی تاکسییە کە رەخنەی لە دووسایدکردنی شەقامەکە گرتو وتی: « حکومەت پلرۆژە بۆ خەڵک دەکات، بەڵام باوەڕناکەم هیچ هاوڵاتییەکی کۆیە بەو پرۆژەیە رازیبێت، لەبەرئەوەی شەقامەکە قەرەباڵغیەکی زۆری لەسەر دروست دەبێتو هاوڵاتیان بیزار دەبن، چونکە ئەو شەقامە بۆ دوساید نابێتو توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو ئۆتۆمبیلەی نییەو بەیەک سایدی بمابایەوە زۆر باشتر بوو لەئێستا».

رائید شێردڵ بەکر، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کۆیە وتی: «تاکسیەکان دەتوانن چەند دەقیقەیەک بوەستن بۆ بارکردنی شتومەکو هەڵگرتنی نەفەر نەک بیکەن بەگەراج، بۆیە ئەو شەقامەمان کردووە بەدوساید تا ئۆتۆمبیل بەچەند ریزێک لەناو بازاڕدا نەوەستنو قەرەباڵغی دروستنەکەن».

لەلایەکی دیکەشەوە ئاراس حەوێزی، سەرۆکی شارەوانی کۆیە هۆکاری دووسایدکردنی شەقامی ناو بازاڕی بۆ وەستانی ئۆتۆمبیلی زۆر گەڕاندەوە، وتی: «ئەو شەقامەمان کردووە بەدووساید بۆ ئەوە بووە، کە چیتر چەند ریزێک ئۆتۆمبیل لەناو بازاڕ رانەوەستێت بۆماوەیەکی زۆر، کار ئاسانیشە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بێنە ناو بازاڕ، چونکە بەوشێوەیە لەهەردوو سایدەکەوە هاتوچۆ دەکرێت، نەک یەک ساید بێتو چەند ریز ئۆتۆمبیلێک بوەستێت لەبەیانی تائێوارە».

ئاراس حەوێزی نکۆڵی لەقەرەباڵغی شەقامەکە نەکردوو بۆ چارەسەری ئەوەش باسی لەوەکرد، کە لەچەند شوێنێکی دیکەی کۆیەوە شەقامیان دروستکردووەو لەقۆناغی کۆتایدان، پێیوابوو ئەگەر ئەو شەقامانە تەواوبن ئەو قەرەباڵغیە لەناو بازاڕدا هەیە نامێنێت، وتیشی: «لەگەڵ ئەوەشدا بەنیازین گەراجێکی گەورە بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل دروستبکەین، رەنگە لەداهاتوودا ئەو شەقامەش بکەنەوە بەیەک ساید».

## هاوڵاتییان باجەکەی دەدەن

# بە بەهای دەیان ملیۆن دینار، پرۆژەکانی کۆیە شکستدەهێنن



ئاری سابیر

**لەماوەی چەند ساڵی رابـردوودا چەند پرۆژەیەکی رێگاوبان‌و ئاوو قوتابخانەو گەشتیاریی لە سنووری قـەزای کۆیەدا شکستیانهێناوە ئەندازیارێکی سنوورەکەش هۆکاری ئەو شکستانە بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت‌و لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەکان دەگەرێنێتەوە سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی سلێمانیش دەڵێت تەنیا هاوڵاتییان لە شکستی پرۆژەکان زەرەرمەند دەبن.**

### پرۆژەیەکی (١٨) ملیۆن دۆلاریی شکستدەهێنێت

پرۆژەی ئاوی کلێسە- کۆیە (گەیاندنی ئاو لەزێی بچووکەوە لە ئاستی گوندی کلێسە بۆ ناو قەزای کۆیە) یەکێکە لەو پرۆژانەی لەلایەن ئیدارەی پێشووی سلێمانییەوە بڕی (١٨) ملیۆن‌و (٨٠٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرابوو، بڕیاربوو کۆمپانیای میل- تیمی تورکی جێبەجێی بکات بە سەرپەرشتیی شارەوانیی کۆیە، بەڵام دوای جیابوونەوەی فەرمانگەی ئاو لە شارەوانی، فەرمانگەی ئـاوی کۆیە سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکەی گرتە ئەستۆ.

پرۆژەی ئاوی کلێسە کە لە ٢٠٠٦/٤/٢٥دا دەستکراوە بە کارکردن تێیدا، دوای تەنیا مانگێک کارکردن تێیدا وەستاوەو تائێستاش کە (٢) ساڵ‌و (٤٥) رۆژ بەسەر وادەی تەواوبوونەکەیدا تێپەڕیوە، ١٠٪ی پرۆژەکە تەواوبووە، هەرچەندە کۆمپانیای جێبەجێکار پـرۆژەکـەی داوەتـە کۆمپانیایەکی دیکەو بەپێی گرێبەست پێویستبوو لە ٢٠٠٧/٤/٥دا تەواوبوایە.

ئەمیر ئەرسەلان، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی کۆیە، ئاماژە بەوەدەکات کە لەسەرەتای کارکردن لە پرۆژەکەدا چەند کێشەیەک لەگەڵ بەڵێندەرە تورکییەکەدا هەبووە، وتی: «پێشتر پرۆژەکە لەلایەن شارەوانییەوە سەرپەرشتی دەکـرا، بـەڵام کاتێک لەساڵی ٢٠٠٧دا کە فەرمانگی ئاو جیاکرایەوە لە شارەوانی، ئەرکی سەرپەرشتیکردنمان گرتە ئەستۆ، دوای ئەوەی کۆمپانیا تورکییەکە نەیتوانی پرۆژەکە جێبەجێ بکات، ئـاگـاداری سـەرووی خۆمان کـردەوە کە کۆمپانیاکە پرۆژەکەی بەجێهێشتووەو چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە».

ئەمیر ئەرسەلان باسی لەوەکرد، کە هەموو هەوڵێکیانداوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە، وتیشی: «کێشەکە پەیوەندی زیاتر بە کۆمپانیاکەوە هەبوو بەوپێیەی کەمتەرخەمیی لەلای ئێمەوە نییە، جگە لەوەش لەلایەن وەزارەتـی شارەوانییەوە ئەو پرۆژەیەی لێوەرگیراوەتەوەو ئێستا کراوەتەوە تەندەرو رەنگە لەماوەیەکی کەمدا دەست بە کارکردن لە پرۆژەکەدا بکرێتەوە».

### شکستی شەقامی شەست مەتریی‌و مەلەوانگەی تاهیر تۆفیق

پـرۆژەی شەقامی شەست مەتریی کۆیەو هۆڵ‌و مەلەوانگەی تاهیر تۆفیق، دوو پرۆژەی شکستخواردووی دیکەی قـەزای کۆیەن کە لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە کاریان تێدا کراوەو سەرپەرشتی دەکران.

پـرۆژەی شەقامی شەست مەتریی دوای ماوەیەک لە کارکردن تێیدا، لەساڵی ٢٠٠٥-ەوە وەستاوەو پـرۆژەی هۆڵ‌و مەلەوانگەی تاهیر تۆفیقیش لەساڵی ٢٠٠١-ەوە لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە کاری تێداکراوە، دوای ئەوەی بەشێوەی گرێبەست (موساتەحە) درا بە گروپی کۆمپانیاکانی ئینتەرناشناڵی لوبنانی، بەڵام ئەو کۆمپانیایەش پرۆژەکەی بەجێهێشت.

ئاراس حەوێزی، سەرۆکی شارەوانیی کۆیە، نکۆڵی لە شکست‌و وەستاندنی کارکردن نەکرد لە پرۆژەکاندا، هۆکاری ئەوەشی بۆ نەبوونی بودجەی پێویست گەڕاندەوە، وتی: «ئەو دوو پرۆژەیە بودجەیەکی زۆریان دەویست، ئێمەش لەناو کۆیەدا پێویستمان بە پـرۆژەی زۆر هەبوو بەهۆی فراوانبوونی قەزاکەوە، بۆیە بە پێویستمانزانی زیاتر لەناو شـارداو لەبواری خزمەتگوزاریدا کاربکەین، لەگەڵ یەکگرتنەوەی هـەردوو ئیدارەکەش، قـەزای کۆیە لەساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی وەرنەگرت، بۆیە نەمانتوانی هیچ بودجەیەک بۆ ئەو پرۆژانە تەرخانبکەین»، باسی لەوەشکرد، کە پرۆژەی هۆڵ‌و مەلەوانگەی تاهیر تۆفیق دراوە بە گروپی کۆمپانیاکانی ئینتەرناشناڵی لوبنانی، بەڵام ئەوانیش بەهۆی کێشەی ناوخۆییەوە نەیانتوانیوە پرۆژەکە تەواوبکەن،وتیشی:«بەنیازین بۆجارێکی دیکە بیدەینەوە بە گرێبەستی موساتەحە».

ئاراس حەوێزی هەرچەندە نکۆڵی لە پێویستی‌و دواکەوتن‌و وەستانی کاری پرۆژەکان نەکرد، ئەوەی رەتکردەوە کە کەمتەرخەمیی لەلایەن شارەوانییەوە هەبووبێت، وتی: «ئێمە کاتێک ئەو پرۆژانەمان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە پێویستبووە بۆ ناوچەکەمان بەتایبەتی شەقامە شەست مەترییەکە، لەبەرئەوەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا رێژەی ئۆتۆمبێل لەناو کۆیەدا زۆر زیادیکردووەو قەرەباڵغی دروستبووە، دواتر کە پارەمان لەو پرۆژانەدا خەرجنەکردووە، لەناو گەڕەکەکان پێویستمان بە پرۆژەی دیکە بووەو مەسەلەکە کەمتەرخەمی‌و بێبەرنامەیی نەبووە».

وتـەی ئـەو بەرپرسانە لەکاتێکدایە کە شکستی پرۆژەکان تەنیا زیان بە هاوڵاتییان دەگەیەنێت وەک لەلێدوانێکی پێشتریدا نەورۆز خەفاف، سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەران لە سلێمانی ئاماژەی پێکرد، هەروەک ئەوەشی خستەڕوو کە شکست‌و دواکەوتنی پرۆژەکان لە هەردوولایەنی حکومەت‌و بەڵێندەرانەوەیە.

ئەندازیارێکی سنووری قەزای کۆیەش پێیوایە، شکستهێنانی ئەو پرۆژانەی لە سنوورەکەدا تەواونەکراون، بۆ نەبوونی پلان‌و کەمتەرخەمیی دەگەڕێتەوە، وتی: «کاتێک پرۆژەیەک دەخرێتە بەرنامەی شارەوانی یاخود هەر فەرمانگەیەکی دیکە، پێویستە پێشتر لێکۆڵینەوەی تەواوی بۆ بکرێت‌و کات‌و بودجەی بۆ دیاری بکرێت، ئەوکاتە بخرێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەداخەوە بەشێک لەو پرۆژانەی لە سنووری کۆیەدا شکستیانهێناوە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نەکراوەو بەشێوەی هەڕەمەکی خراونەتە جێبەجێکردنەوە، ئەوەش هۆکاری شکستهێنانی ئەو پرۆژانەیە».

ئـەو ئـەنـدازیـارە کـە نەیویست نـاوی بـڵاوبـکـرێـتـەوە، باسی لـە کەموکوڕیی‌و کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردو ئـەوەی خستەڕوو کە پـرۆژەی ئاوی کلێسە جگە لـەوەی کەموکوڕیی لە دیزاینەکەیدا هەبووە، دراوەتە کۆمپانیایەک کە بەڵێندەرەکەی هێندە سەرمایەی نەبووە، «پـرۆژەی شەست مەترییەکەی کۆیەش لـەسـەرەتـادا لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیانزانی پێویستی بە زیاتر لە (١٠) ملیۆن دۆلارە، کە ئەو بودجەیەش نەبوو بۆچی کاری تێدا کراوەو پێویست نەبوو یەک دیناری تێدا خەرج بکرێت».

### شکستی پرۆژەکانی تەقتەق

لە ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیەش پرۆژەی پارکێک‌و قوتابخانەیەکی (١٢) پۆلیی شکستیان هێناوە، دوای خەجکردنی بڕێک پارە، کارکردن تێیاندا وەستاوەو چوار ساڵە وەک جێهێڵراون.

ئازاد مامەند، سەرۆکی شارەوانیی تەقتەق، باسی لـەوەکـرد، ئـەوان تەنیا زەوییەکەیان بۆ قوتابخانەی (١٢) پۆلیی دابینکردووەو سەرپەرشتیاری ئەو پرۆژەیە نەبوون، وتی: «ئێمە وەک شارەوانی نازانین هۆکاری وەستانی ئەو پرۆژەیە چییەو بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی کۆیە ئاگاداری ئەو کێشەیەن».

سەبارەت بە پرۆژەی پارکی تەقتەق، ئازاد مامەند وتی: «ئەو پارکە لەساڵی ٢٠٠٤دا لەلایەن وەزارەتـی شارەوانی ئیدارەی سلێمانییەوە درابووە کۆمپانیایەک‌و چەند مانگێک کار لەو پرۆژەیەدا کرا، بەڵام دواتر بەهۆی کێشەی پارەوە پرۆژەکە وەستا، ئێستا بڕیارمانداوە لە شوێنێکی باشترو لەسەر زێی بچووک پارکێکی دیکەی گەورە دروستبکەین‌و ئەو شوێنەش بکەینە باخچەیەک».



# هیچ شوێنێک نییە بۆ لەخۆگرتنی منداڵە مەنغۆلەکان

سۆران پالانی



منداڵە مەنغۆلەکان لە کوردستاندا لە ژیانێکی ناموراد دەژین‌و شوێنێکی ئەوتۆ نییە لە خۆیان بگرێت‌و تێکەڵ بە خەڵکانی ئاساییان بکات، زۆرکات ئەو منداڵانەی بەشێوە روخساریان کە وەک (مەنغۆل) وان لە ماڵەکاندا دەهێڵرێنەوەو لە کۆمەڵگا دادەبرێن.

کەسوکاری منداڵە مەنغۆلەکان گلەیی ئەوەش لە کۆمەڵەی رۆژو رێکخراوەکان دەکەن کە منداڵەکانیانی پشتگوێخستووە، تەنیا لەکاتی ئەوەی رێکخراوێک یان بەرپرسێک بێتە لایان کۆیان دەکەنەوەو رێزیان دەگرن.

رێبەند شێخ هادی، هاوڵاتییەکی نیشتەجێی شاری سلێمانییە، برایەکی تەمەن (١٨) ساڵی هەیە کە مەنغۆلییە، رەخنەی لە هەڵوێست‌و گرنگی پێنەدانی منداڵە مەنغۆلەکان گرت لە رێکخراوەکانداو بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆمەڵەی رۆژ چەند مانگێک بە پاس رۆژانە هاتوچۆی بە براکەم دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە لە هاورێیانی خۆی، ئەوەش ببووە مایەی خۆشحاڵییان‌و زۆر دڵخۆشبوون کە رۆژانە لە ماڵەوە دەچوونە دەرەوەو دەهاتنەوە بۆ ماڵ.

کۆمەڵەی رۆژ لقی سلێمانی کە هاوکاری خەڵکانی کەمئەندام‌و منداڵە مەنغۆلەکان دەکات، رێکخراوێکە لەو بوارەدا کاردەکات‌و چەند مانگێک ئەرکی هاتوچۆی ئەو منداڵە مەنغۆلانەی گرتبووە ئەستۆ کە (٣٠) کەس بوون، رۆژانە یاری جۆراوجۆری وەرزشییان پێدەکردن‌و دواتر بەرەو ماڵەوەیان دەگەڕاندنەوە، بەڵام وەک کەسوکاری منداڵەکان باسیدەکەن، (٦) مانگ زیاترە کە ئەو کۆمەڵەیەش ئاوڕیان لێناداتەوەو منداڵەکان وەک پێشتر ژیان دەگوزەرێنن.

رێبەند گلەیی لەو هەڵوێست‌و پشتگوێخستنە گرت، بە وتەی ئەو «کۆمەڵەکە تەنیا ئەم منداڵانەیان بۆ ئەوە دەوێت کە ئەگەر رێکخراوێک یان بەرپرسێک هات پیشانیان بدەن‌و ئیمتیازاتی پێ وەربگرن».

ئەوەشی روونکردەوە، کە دوای سەردانیان بۆ لای جێگری سەرۆکی هەرێم پاسێکی بۆ هاتوچۆکردنی ئەو منداڵانە پێشکەشکردوون بۆئەوەی رۆژانە بیانگوازنەوە، بەڵام هەر پشتگوێیان خستوون.

ئەوەشی روونکردەوە، کە کەسوکاری منداڵەکە لە ماڵەوە هەموو هەرچییەکی بوێت بۆی جێبەجێدەکەن‌و رێزی دەگرن، بەڵام وتی: «کێشە لەوەدایە لە ماڵەوە بێتاقەت دەبێت‌و دەگری‌و دەڵێت بۆ منداڵان دەچن بۆ مەکتەب، بەڵام من ناتوانم بچم».

شێخ محەمەد مەحمود، سکرتێری کۆمەڵەی رۆژ لە سلێمانی، لە بارەی رەخنەی کەسوکاری ئەو منداڵانەو لەبیرکردنیانەوە وتی: «ئێمە ئەو کەسانەمان لەبیر نەکردووەو چەند مانگێک لەسەر یەک رۆژانە هێناومان‌و وەرزشی جۆراوجۆرمان پێکردوون، بەڵام ئێمە کێشەی ئەوەمان هەبوو کە هۆڵێکی بچووکمان هەبوو، نەماندەتوانی یاری جۆراوجۆریان پێبکەن».

سەبارەت بە بەرنامەی گەڕانەوەی ئەو کەسانە بۆ کۆمەڵەی رۆژ بۆئەوەی کە بتوانن بە بەرنامەی جۆراوجۆرەوە سەرگەرمیان بکەن، سکرتێری کۆمەڵەی رۆژ لە سلێمانی وتیشی: «ئێمە ئێستا خەریکی دروستکردنی هۆڵێکی گەورەی وەرزشین بۆ ئەوانەو چاوەڕوانین لە نزیکترین کاتدا تەواوببێت‌و دەست بکەین بە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی کە هەمانە بۆیان، بەهیچ شێوەیەک ئێمە ئەوانمان لەبیر نەکردووە»، بەڵام کەسوکاری منداڵەکان ئاماژە بۆ پێویستی زوو کارکردن دەکەن بۆ منداڵەکانیان، بەو پێیەی هیچ شوێنێکی دیکە نییە بۆ لەخۆگرتن‌و پەروەردەکردن‌و گرنگیپێدانیان.

یەکێکی دیکە لە کەسوکاری مەنغۆلەکان کە کچێکیان لەو شێوەیە هەیەو نەیویست ناوی بهێنرێت، ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو کاتەی منداڵەکەیان کە رۆژانە دەبرایە کۆمەڵەی رۆژ زۆر دڵخۆشبوون، وتی: «کە دەهاتنەوە ماندوو دەبوون‌و دەخەوتن، چونکە کاتێکی خۆشیان لەگەڵ هاوتەمەن‌و شێوەکانیان لە دەرەوە بەسەردەبرد، بەڵام ئێستا بەردەوام لە ماڵەوەیەو ئێمەش وەک پاسەوان واین بەدوای کچەکەمانەوەو دەترسین لەوەی کە بچێتە کۆڵان گاڵتەی پێبکرێت، بۆیە لەڕاستیدا لەو رۆژەوە کە لە ماڵەوەن، زۆر بێتاقەتەو هەر دەگری».

# زیندانییەکان بۆیان هەیە دەنگ بدەن؟!


ديمەنی زيندانێک

وەک ئاشکرایە ماوەیەکی زۆرە حکومەت‌و دەسەڵات‌و حیزبەکانی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ رۆژی هەڵبژاردن بەهەرشێوەیەک بێت، بەڵام لێرەدا هەندێک شت بەدیدەکرێت وەک ئەو پارتانەی لە خۆیان رانابینن کە جەماوەری کوردستان دەنگیان بۆ بدەن‌و دەزانن گلۆڵەیان لە لێژیدایە، دەیانەوێت بە پارەو زەوی‌و تەماع خستنەبەریان، خەڵکی دەنگیان بۆ بدەن‌و ئامانجەکانیان بهێننەدی، بەڵام ناشکرێت، چونکە کۆمەڵگای ئێمە لە سەردەمێکدا گوزەر دەکەن ژیان ژیانی عەولەمەیە، ئەوە نەما کە پێشتر تێیدا دەژیان، خەڵکی هەموو راستییەکانیان بۆ دەرکەوتووە، ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن، دوورن لە هەموو بنچینەیەکی ئازادیی‌و دیموکراسی بۆ گەل‌و نیشتمانەکەیان، میللەت لەوە گەیشتووە کە راستییەکان لەکوێوە سەر دەردەکات، پێویست بە تەماع خستنەبەر ناکات تا هاوڵاتییان بەلای خۆیاندا راکێشن تا کاتی هەڵبژاردن دەنگیان بۆ بدەن، بەس زیندانییان ماوە سەردانیان بکەن‌و بەڵێنێکی نادروستیان بدەنێ‌و پێیان بڵێن لێبووردنتان بۆ دەردەکەین‌و ئێوەش کەسوکاری ئێمەن‌و کوڕی ئەم گەلەن، جا بۆیە دەڵێم ئەگەر زیندانییەکانیش مافی دەنگدانیان هەیە، زوو فریایان بکەون‌و دەنگی ئەوانیش بە بەڵێن بکڕین.

رۆژنامەنووس
یادگار ئوچ قارداش

## سۆز عەبدولقادر، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بووەتە بەدیلی وەزارەتەکان‌و لە جیاتی ئەوان پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ئەنجامدەدات

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

**سۆز عەبدولقادر، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دیدارێکی رۆژنامەدا باس لەو پڕۆژانە دەکات کە لە سنووری بازیان‌و تاسلوجەو راپەڕین لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراون، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووەتە بەدیلی وەزارەتەکان‌و لەبری ئەوەی پڕۆژەی جوانکاریی‌و گەشەپێدانی ناوچەکان ئەنجامبدات، پڕۆژەی خزمەتگوزاریە پێویستەکان جێبەجێدەکات.**

**رۆژنامە: چ کارو پرۆژەیەکتان بۆ زۆنی بازیان‌و تاسلوجەو راپەڕین ئەنجامداوە، گرنگترین پرۆژەتان لەو ناوچانە چین؟**

* ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەو بودجەیەی کە بۆمان هاتووە بەپێی سەرژمێریی‌و دانیشتووانی ناوچەکان دابەشمان کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەش ئێمە پرۆژەمان لە ناوچەکاندا دروستکردووە، لە سنووری بازیاندا یان دەتوانم بڵێم لە هەموو ناوچەکاندا کێشەی ئاومان هەبووە، بۆیە زیاتر گرنگیمان بە پرۆژەی ئاو داوە لە ناوچەکاندا، زۆربەی بودجەکەمان بۆ ئاوو ئاوەڕۆ رۆیشتووە.

لەساڵی ٢٠٠٦دا بەبڕی (١) ملیارو (٥٠٠) هەزار دینار پرۆژەمان بۆ ناحیەی بازیان ئەنجامداوە، لەساڵەکانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا زیاتر پرۆژەکانی قیرو کۆنکرێت‌و بینای شارەوانی‌و بینای بەڕێوەبەرێتی ناحیەو چەند پرۆژەیەکی دیکەمان ئەنجامداوە، چونکە رێژەی دانیشتووانی بازیان زۆرەو پێنج شارەوانیان هەیەو بەپێی رێژەی دانیشتووانەکەشی پرۆژەمان بۆ ئەنجامداون، لەناو ناحیەی بازیان‌و شارەوانییەکانی سەر بەو ناحیەیەدا پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆمان بۆ تەواوکردوون، جگە لەوەی بڕیارماندا گرنگییەکی زۆر بدەین بە گەنجانی ئەو سنوورەو پرۆژەیان بۆ بکەین.

**رۆژنامە: باسی ئەو گرفت‌و کەموکوڕییانە دەکەیت کە ئێوە چارەسەرتان کردوون، ئەی وەزارەتەکان چیان کردووە؟ ئێوە بەدیلی ئەو وەزارەتانەی حکومەتیشن کە پەیوەستن بە خزمەتگوزاریی‌و خەڵکەوە؟**


*خۆی نابێت هەرچی پرۆژەیە ئێمە جێبەجێی بکەین، ئەو بودجەیەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دێت، هی پەرەپێدانی هەرێمەکانە، ئەمە بەدەر لە بودجەی وەزارەتەکانە، چونکە هەر وەزارەتەو بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، نە ئێمە پەیوەندیمان بەو بودجەوە هەیە نە ئەوانیش پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە، بەڵام هەر وەزارەتەش دەتوانێت بەرنامەو پلانی خۆی هەبێت، بۆ نموونە لایەنی خزمەتگوزاریی، وەزارەتی شارەوانی لێی بەرپرسە، بەڵام لە ناچاریدا ئێمە ئەو ئەرکە قورسەمان خستووەتە سەرشانی خۆمان‌و ئەو لێشاوە پرۆژەیەمان ئەنجامداوە، بەڕاستیش بووین بە بەدیلی وەزارەتەکان کە نەدەبوو وابوایە، چونکە سەیردەکەیت وەزارەتی شارەوانی هیچ پرۆژەیەکیان ئەنجامنەداوە، هاوڵاتییانیش ناچارن رووبکەنە ئەنجومەنی پارێزگاو ئێمەش دڵی کەسمان پێناشکێت، چونکە ئێمە بەدەنگی ئەو کەسانە هاتووینەتە ئەم شوێنەو نوێنەری خەڵکین، چۆن دەبێت پشتگوێیان بخەین.

بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان دەبوو بۆ خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان بوایە، مەبەستم جوانکردنە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە بۆ پرۆژە زەرورییەکان بەکاردێت کە ئەو پرۆژانەش دەبێت وەزارەتەکان ئەنجامی بدەن.

**رۆژنامە: بۆچی ئێوە هێندە پرۆژەتان بۆ ئەو ناوچانە کردووە؟**

* ئێمە سێ پرۆژەی گرنگمان لە تاسلوجە ئەنجامداوە، لەوانە دروستکردنی بینای شارەوانیی تاسلوجەو لێدانی (٣) بیری ئیرتیوازی، ئێستاش هەموو کۆڵانەکانی ئەو شارۆچکەیە قیردەکرێت‌و لە بودجەی ٢٠٠٨، سێ باخچەیان بۆ دەکەین، بۆ ساڵی ٢٠٠٩ش ئەو بودجەیەی بەریاندەکەوێت، بڕیارە بۆ گوندی کەنەکەوە سەرفی بکەین، ئەویش لەبواری ئاووئاوەڕۆدا.

لە راپەڕین کە ئێستا گەڕەکێکە لە سلێمانی، چونکە زۆر فراوانبووە، باشترین پرۆژەمان بۆ ئەنجامداون، تەنیا لەبواری ئاووئاوەڕۆدا بەبڕی (٩٠) ملیار دینار کاریان بۆ کراوە، بەڵام قۆناغ بەقۆناغ ئەنجامدراون، پرۆژەکانی تۆڕی ئاوو قیرو کۆنکرێتمان بۆ کردوون، جگە لە دروستکردنی بینای خوێندنگاو باخچەیەکیش کە لە جێبەجێکردندایە، پێموایە پرۆژەی باشمان بۆ ئەنجامداون.



**نەمانبیستووە وەزارەتی شارەوانی پرۆژەی لەم شارەدا هەبێت**

**رۆژنامە: بۆچی هاوڵاتییان بۆ داواکاریی‌و ئەنجامدانی پرۆژە هانا بۆ ئێوە دەهێنن‌و روودەکەنە ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ رووناکەنە وەزارەتە تایبەتمەندەکان بە خزمەتگوزاریی؟**

* بەداخەوە وا خولەکەمان تەواوبووەو ساڵێکیش تازەکرایەوە، بەڵام یاسایەک نەبوو کاری لەسەر بکەین، پەرلەمانی کوردستان لەوکاتەدا نەیتوانی یاسایەک دەربکات بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە یاسای (٧١)ی بریمەرو چەند یاسایەکی کۆن، کاری خۆمان کردووە.

بەبڕوای من ئەوەی خەڵکی وا لێکردووە رووبکەنە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سێ خاڵە کە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەندامانی ئەنجومەن تادەگاتە سەرۆکی ئەنجومەن، هەموومان گوێ بۆ داواکارییەکانی خەڵک شلدەکەین‌و بەدەنگیانەوە دەچین، دووەم خاڵیش شەفافیەتی خۆمانە لە بودجەدا کە رایدەگەیەنین، بەوەش متمانەیەکی تەواو لەنێوانی ئێمەو هاوڵاتییاندا دروستبووە، سێیەمیش ئەو یەکسانیەیە کە ئێمە هەمانە، من ناڵێم لەسەدا سەد ئێمە عەدالەتین، بەڵام زۆرباشین، هەموو ئەوانەش هۆکارن کە خەڵک هانا بۆ ئێمە بهێنن‌و روو لە ئەنجومەنی پارێزگا بکەن.

**رۆژنامە: ئێوە وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەوبڕوایەدان لەرووی بودجەوە شەفافترن لە حکومەتی هەرێم؟**

* بەڵێ ئەوەی دیارە وایە ئێمە شەفافترین، شەفافیەتی ئێمە لە قسە دەرچووە، هەر بودجەیەک دێتە لامان یەکسەر رایدەگەیەنین‌و دەیکەینە پرۆژە.

**رۆژنامە: بەبڕوای تۆ بۆچی وەزارەتەکانیش بەوشێوەیە کارناکەن، لەکاتێکدا ئەگەر بەوشێوەیەی ئێوە پرۆژەیان ئەنجامبدایە، ئێستا تارادەیەکی باش پێویستییەکانی هاوڵاتییان دابین دەبوو؟**

* ئێمە کێشەی ئیداریمان هەیە، دوو سیستم هەیە لە کوردستاندا کە کاری پێدەکرێت، کێشەیەک هەیە لە سیستمی بەڕێوەبردن، سیستمی لامەرکەزیی‌و سیستمی مەرکەزیی، تائێستا لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سیستمی مەرکەزیی پەیڕەودەکرێت، بودجەش دەدرێتە وەزارەتەکان کە سیاسەتی خۆیان هەیە بۆ سەرفکردن.

ئێمەش لامەرکەزیی پەیڕەودەکەین، ئێمە بە هێزی خۆمان ئەو سیستمە پەیڕەودەکەین‌و خەڵکیش بە نوێنەری خۆیانمان دەزانن، هەقیشیانە داوای شتمان لێبکەن، وەزارەتەکان بەپێی یاساو رێنمایی خۆیان کاردەکەن، هەقیان نییە ئیتر لە خوارەوە چی دەگوزەرێت.

**رۆژنامە: پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی چین لە لە پارێزگای سلێمانیدا، پێتوایە لەم ماوەیەدا کاریان کردووە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی؟**

* ئەوەندەی ئەنجومەنی پارێزگا دەستبەکار بووە، هەرچی پرۆژەی گرنگ‌و گەورەیە ئێمە جێبەجێمان کردووەو لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەو نەمانبیستووە وەزارەتی شارەوانی پرۆژەی لەم شارەدا هەبێت.

**هەر وەزارەتە دەتوانێت بەرنامەو پلانی خۆی هەبێت، بۆ نموونە لایەنی خزمەتگوزاریی، وەزارەتی شارەوانی لێی بەرپرسە، بەڵام لە ناچاریدا ئێمە ئەو ئەرکە قورسەمان خستووەتە سەرشانی خۆمان‌و ئەو لێشاوە پرۆژەیەمان ئەنجامداوە، بەڕاستیش بووین بە بەدیلی وەزارەتەکان کە نەدەبوو وابوایە، چونکە سەیردەکەیت وەزارەتی شارەوانی هیچ پرۆژەیەکیان ئەنجامنەداوە، هاوڵاتیانیش ناچارن رووبکەنە ئەنجومەنی پارێزگاو ئێمەش دڵی کەسمان پێناشکێت، چونکە ئێمە بەدەنگی ئەو کەسانە هاتووینەتە ئەم شوێنەو نوێنەری خەڵکین، چۆن دەبێت پشتگوێیان بخەین**

**بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان دەبوو بۆ خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان بوایە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە بۆ پرۆژە زەرورییەکان بەکاردێت کە ئەو پرۆژانەش دەبێت وەزارەتەکان ئەنجامی بدەن**

# فێستیڤاڵی جاف بۆچی دەکرێت؟

مەلا عەبدوڵڵا فورفورەیی

دیارە هەرشتێک لەم ژیانەدا ئەنجامدەدرێت، ئامانجێکو مەبەستێکی مادیی یا مەعنەویی لەپشتەوەیە، ئەگەر بە وردی سەرنجی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی بدەین، دەبینین لە چەندەها تیرەو هۆزو عەشیرەت پێکهاتووە، یەکێک لەو عەشیرەتە دیارو بەرچاوانە عەشیرەتی جافە.

دیارترین سیفەتی ئەم عەشیرەتی جافە، ئازایەتیو نیشتمانپەروەرییو لێبووردنو بەخشندەییو نان بدەییو باوەشگرتنەوە بووە بۆ خەڵکی غەریب.

ئەم عەشیرەتە بە درێژایی تەمەنی خۆی زۆر پیاوی زاناو داناو تواناو ئازاو بەجەرگی تیادا هەڵکەوتووە، هەر لەبواری مامۆستایانی ئایینیو شاعیرانو ئەدیبانو هەموو بوارەکانی دیکە، یەکێک لە دیارترین رۆژەکانی تەمەنی ئەم عەشیرەتە کە تێیدا هەڵکەوتبێتو دەرکەوتبێت، سەردەمی ئۆردوگای بنگرد بووە لەسالانی هەشتاکاندا، کە چەندەها خەڵکی ئازاو بەتوانا لەم ئۆردوگایەدا دروستبوون، ئەگەر تەمەنی کورت نەبوایە، ئێستا بەرهەمی زیاتری لەدوای خۆی بەجێدەهێشت.

ئەگەرچی لەسالانی رابردوودا غیرەتو ئازایەتیو بنچینە سەنگی مەحەک بوون بۆئەوەی پیاو ببێتە ریشسپیو برا گەورە، بەڵام ئێستا پارە تەرازووی کێشانی پیاوانە بۆئەوەی زوو دروست ببیتو پێبگەیت.

ئەوا چەند ساڵێکە فێستیڤاڵی جاف دەکرێتو حەشاماتێکی زۆر کۆدەکرێتەوەو رمبازێنو سوارچاکی نمایش دەکرێت، زەردو سوورو رەشو سپی تێکەڵاو دەکرێت، خواش دەزانێت چەند دەفتەر دۆلاری بۆ سەرفدەکرێت.

بەڵام ئایا لیژنەی سەرپەرشتیاریی جارێک لە جاران ئەم پرسیارانەی ئاراستەی حیزبو حکومەت کردووە:

١- ئایا تائێستا ئاورێک لە خێزانو بنەماڵەی ئەو (٩) کەسە دراوەتەوە کە لە بنگرد لەسێدارە دران؟

٢- ئایا خانوو و قەرەبوو بۆ ئەو (٩) کەسە کراوە کە (٣) ساڵ لە عەممارە گیران؟

٣- ئایا قەرەبوویەک بۆ دۆڵی جافایەتی کرا؟

٤- ئایا جادەو رێگاوبانو ئاوو کارەباو مـزگـەوتو قـوتـابـخـانـەو نەخۆشخانە دروستکران؟

٥- ئایا رێزێکی بەرچاو لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان گیرا؟

٦- ئایا داوای چارەنووسی ئەو کورە جافانە کرا کە لە شەڕی ناوخۆدا بێسەروشوێن کران؟

٧- ئایا داوای وەرگرتنەوەی زەوییەکانی ئۆردوگای بنگردیان کردووە؟

یان دوای چەند سەعاتێک لە فێستیڤاڵەکە، ئاشبەتاڵی پێدەکرێتو هەرکەسە بۆ ماڵی خۆی بەڕێدەکرێتو نازانێت بۆچی هاتووەو بۆ کوێ دەچێت؟

بۆیە هەقە بپرسین فێستیڤاڵی جاف بۆچی ئەنجامدەدرێت؟



دیمەنێکی فێستیڤاڵی جاف فۆتۆ: PUKmedia

# رێگانادەن ببینم

# سەرۆکی شارەوانی ئەو جیاوازیانە بۆ؟

بـەڕێـزان مـن کە هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانیم، دانیشتووی گـەڕەکـی کـانـی کـوردەم، کۆشکێکم هەیە لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی ناوشاردا کە مۆڵەتی یاساییم هەیە، بەڵام بەشی زیادەڕۆیی شارەوانیی سلێمانی پێیان داخستومو دەڵێن ئەم کۆشکە لەسەر شۆستەیە، ئێستا دایـانـخـسـتـووەو مـن هیچ مووچەیەکی حکومیم نییە، تەنیا ئـەم سکاڵا نووسینە نەبێت.

سـەردانـی بـەشـی زیادەڕۆکانم کردەوە، بەڵام بـێـسـوود بـوو، هـەروەهـا چـەنـد جـارێـک ویستم سەرۆکی شارەوانی ببینم، بـەڵام رێـگـایـان پـێـنـەدام، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەموو بەرپرسو بەڕێوەبەرەکان لە راگەیاندندا دەڵێن دەرگامان کـراوەیـە، بـەڵام ئامادەنین گوێ لە هاوڵاتییەک بگرن.

ئەو سکاڵاو داواکاریەی من لەکاتێکدایە کە جیاوازیی دەکرێت، من پێموایە (بانێکەو دوو هـەوا)، چونکە چەند شتێک هەیە کە ناکرێت چاوی لـێ دابـخـرێـتو جیاوازیی دەکرێت، وەک:

١- لـەبـەردەم دەرگـای بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سـلـێـمـانـیـدا (٤) کۆشک هەیە، لەسەر شۆستە (٤) دوکـان هـەیـە بـەرامـبـەر دەرگـای بـەڕێـوەبـەرێـتـی هاتوچۆی سلێمانی، بەشی زیادەڕۆکان بەشێوەی کاتی رێگایان پێداون کاربکەن، بـەڵام کۆشکەکەی منیان داخستووە.

٢- بـەرامـبـەر بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرت بە هەمانشێوە لەلایەن سەرۆکی شـارەوانـیـیـەوە بەشێوەی کاتی رێگادراوە بە عەریزە نووسەکان کاربکەن، کە (٦) کۆشکیان لەسەر شۆستەکان دروستکردووە.

لێرەدا مافی خۆمە بپرسم ئەو جیاوازییە بۆچی؟ بۆ رێگا بە من نادرێتو کۆشکەکەم پێدادەخرێت، بـەڵام چەند کۆشکێکی دیکە حاڵیان وەک منەو رێگایان پێدراوە؟

ئومێد عومەر

# مزگەوتەکانی رانیە بۆ بێنازن؟

محەمەد حسێن

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، یەکێک لە هۆکارەکانی گەندەڵی لەناو دامـەزراوەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، لێنەپرسینەوەو لێنەپێچینەوەو بەدوادانەچوونە.

دیـارە وەزارەتـی ئەوقافیش لەم مەسەلەیە بێبەش نییە، بەڵام ئەوەی لە مزگەوتەکانی رانیەدا بە چاوی خۆم بینیومە، لە شوێنەکانی دیکە ئـاوا بەرچاو نییەو زۆر جیاوازە.

زۆرجار لە هەولێرو سلێمانی نـوێـژم کـردووە، لەکاتی هەر پێنج فەرزەکاندا (خادیم) واتە خزمەتگوزار لەپێش خەڵکیدا بە نیو سەعات هاتووەو دەرگای مزگەوتی کـردووەتـەوە، لـەدوای هەموو خەڵکیش رۆیشتووەو دەرگای داخستووەتەوە، یان لە وەرزی زستاندا زۆپاکانی داگیرساندووەو کوژاندوونیەتەوەو بـەردەوام سەرپەرشتیی مزگەوتی کردووەو خاوێنی کردووەتەوە، کەچی لە رانیە بەهۆی بەدوادانەچوونی ئـەوقـاف، خـزمـەتـگـوزار بە هەفتەیەک جارێک لە مزگەوتدا کـاردەکـاتو بە هیچ شێوەیەک کـاری کـردنـەوەو داخستنەوەو گـەرمو سـاردی مزگەوتەکە ئەنجام نادات، کە داواشی لێبکرێت لە وەڵامـدا دەڵێت «ئەوقاف بە منی وتـووە رۆژانـە نەیەمو لە هەفتەیەکدا جارێک یا دووجار سەردانی مزگەوت بکەم»، باشترین بەڵگەش کـردنـەوەی دەرگـای مزگەوتە لەلایەن خێرخوازانەوە، یـان زۆریـی تـۆزی ژووری مزگەوتو پیسی تەوالێتەکانە، لـێـرەدا نـامـەوێـت نـاوی هیچ مزگەوتێک بهێنمو ئەمە جێدەهێڵم بۆ ئەوقافو بەرپرسانی کە لە هیچ دامودەزگایەکدا شتی لەم چەشنەم نەبینیوە، کە دەوامکردن هەفتەی جارێک بێت.

هەزار رەحمەتی خواله مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس بێت کە دەفەرمووێت:

مزگەوتو مینبەرو میحراب بێ کەسە؟

هـەر مەپرسە حـاڵـی چۆنە مەدرەسە!



نوێژخوێنان لە مزگەوتێکدا

www.netewe.com

ژمـــارە (474) یەکشەممە 2009/5/24
xalk.rozhnama@gmail.com

# وێنەو خەڵک

فۆتۆ: ئاوارە حەمید

## ئەو ئاوەڕۆیەی ساڵی رابردوو منداڵێکی تێدا خنکا



دیمەنێکی ئاوەڕۆی هەولێر کە بەسەر والایی بەناو ماڵەکانی گوندی تورەق-دا تێدەپەڕێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە ساڵی رابردو منداڵێکی ٥ ساڵی تێدا خنکا، بەڵام تائێستاش حکومەت چارەسەری نەکردوەو، لەکاتی زستانیش ئاوەڕۆکە زیاد دەکاتو مەترسی لەسەر ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە دروستکردوەو ترسیان لەوە هەیە کە ئاوڕۆکە بچێتە ناو ماڵەکانیان.

## بینای رێکخراوی ئازادی لاوان



بینای رێکخراوی بیارەی ئازادی لاوان نزیکەی ٦ ساڵە تەنها چوارچێوەکەی دروست کراوەو بووەتە شوێنی مەروماڵات.

دلاوەر حەمە شەریف لێپرسراوی بنکەی بیارەی رێکخراوی ئـــازادی لاوانـــی کوردستان وتی:»رێکخراوی (ئێن پی ئەی) نەرویجی بەهۆی کێشەی داراییەوە نەیتوانی بیناکە تەواو بکاتو درایە رێکخراوی ڤۆکا، بەڵام ئەم رێکخراوەش پاش (٥) جار وەر گرتنەوەی نەیتوانی تەواوی بکاتو ئێستاش هەیکەلەکەی بووەتە شوێنی مەروماڵات«.

شازاد کەریم ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەری هەورامان لەو ئەنجومەنە بە رۆژنامەی راگەیاند:نزیکەی (٣) ساڵێک لەمەوبەر بە د. بەرهەم ساڵح-م راگەیاند سەنتەرێکی رۆشنبیری بکاتەوە بۆ گەنجەکانی بیارە دوای ئەوەی بەڵێنیدا تا ئێستا هیچ نەکراوە بریارماندا وەلە سەر بودجەی ٢٠٠٩ بینای رێکخراوی ئازادی لاوان تەواو بکەین«.

فۆتۆ: سالار بیارەیی

خەڵک سەرپەرشتیار: سەنگەر جەمال بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٨٦٠٢٢